فیدور دوستویفسکی

# چیرۆکێکی خەیاڵی

نازلی

و: حەمە کەریم عارف

## دەربارەی نووسەر

فیودور میخاییلوف دوستویفسکی ( ۱۸۲۱ – ۱۸۸۱ ) یەکێکە لە نووسەرە هەرە نێودارەکانی سەدەی نۆزدەی ڕووسی و دەورانی زێڕینی پەخشانی ڕووسی، بەجۆرێ هەرکاتێ ناوی ڕووسیا و ئەدەبیاتی ڕووسی بێت، بێگومان نێوی ئەویش بیر دەکەوێتەوە. ڕەخنەگرانێکی فرە بەرهەمەکان و کەسایەتی ئەویان خستووەتە بەر زەرەبینی ڕەخنە و لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە و نووسەران و هونەرمەندانێکی زۆر کەوتوونەتە ژێر کاریگەری ئەوەوە و لە باندۆری وی نەخەلەسیون. کاریگەری و باندۆری بەرهەمە نەمرەکانی قەڵەم و هزری ئەو هێشتا هەر بە سەر ئەدەبیاتی جیهانەوە ماوە و هەر دەمێنێت. خوێنەرانی فارسی زمانیش لە مێژە سەروساختیان لەگەڵ بەرهەمەکانی ئەودا پەیدا کردووە و کەم کەس هەیە کە ناوێکی ئەوی نەژنەوتبێت. یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکیەکانی کارەکانی دوستویفسکی، شیکاری سایکۆلۆژی دەروون و ڕوحی کاراکتەرەکانە. بەهەمان کارامەیی دکتۆرێکی پسپۆڕ، روحی ڕەنجدیدەی قارەمانەکانی شیدەکاتەوە و هەموو گرێ دەروونی و ناکامیەکانیان دەخاتە بەردەستمان و ناچارمان دەکات هاوسۆزی و هاوخەمیان لەگەڵدا بکەین.

داوامان لێدەکات، مدارای خراپترینیان بکەین و ئەوە بزانین – وەکو خۆی لە ڕۆمانی برایانی کارامازوف دا دەڵێت – هەر کەسێک گوناحکارترە، شایستەی سۆز و بەزەیی زیاترە. لە ژمارەی مانگی نۆڤەمبەری یاداشتەکانی نووسەرێکدا لە ساڵی ۱۸۷٦ دا یەکێک لە مودێرترین و هونەرمەندانەترین بەرهەمەکانی دوستویفسکی بڵاو بووەوە. نازلی، نووسەر دەمێک بوو پوختەی بیرۆکەی نازلی لە ڕۆژانە یاداشتەکانی نووسەرێکدا گەڵاڵە کردبوو و بڵاوی کردبووەوە. ڕۆژانە یاداشتەکانی نووسەرێک، بڵاوکراوەیەک بوو کە نووسەر بەخۆی بڵاوی دەکردەوە و لەوێدا مەسەلە و پرسگرێکە جڤاکیەکانی ڕۆژی دەخستە بەر وردەبینی لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنەوە و لەمەڕ ئەو بویەر و واریقاتانەی دەنووسی کە بەڕای خۆی گرینگ بوون. پاشان لە زۆربەی ئەو بویەر و واریقاتانەی کە لەم ڕۆژانە یاداشتانەدا بڵاو بوونەتەوە، وەکو کەرەستەی خاو و بیرۆکەی سەرەتایی، بۆ بەرهەمەکانی سوودی وەرگرتووە.

دوستویفسکی ژمارەیەکی سنوورداری لە چیرۆکەکانی خۆی لەم ڕۆژانە یاداشتانەدا بڵاو کردووەتەوە کە نازلی یەکێکە لەو چیرۆکانە. ڕێک پێش نازلی، لەم یاداشتانەدا فەسڵێکی بەنێونیشانی دوو خۆکوژی بڵاو کردووەتەوە، کە باسی بەسەرهاتی خۆکوژی دوو کیژی گەنج دەکات کە یەکێکیان بە شەمایلێکەوە ( شەمایل: وێنە و پەیکەری گەورە پیاوانی ئاینی و مەزەبی ) خۆی لە پەنجەرەیەکەوە هەڵدەدێرێت. ئیدی سوودی لەم گێڕانەوە و وێنانە وەرگرتووە، تا

بیرۆکەکانی لە قاڵبی چیرۆکێن سەیر و ناخ هەژێن دابڕژێت و شیکارییەکی تێر و تەسەل، بۆ گیانە ماندوو و پەرێشانەکان بخاتەڕوو. لە هەوەڵەوە بەتەمابوو نێوی چیرۆکەکەی بنێت ترساو، و بۆ هەر فەسڵێکی ناوێک دابنێت کە ئەم تەکنیکەی لە بەرهەمەکانی پێشووتریدا بەکار نەبردبوو.

چیرۆکی نازلی و شەوە سپییەکان لە چیرۆکە درێژە هەرە بەنێوبانگەکانی دوستویفسکین. چیرۆکی نازلی لە تەمەنی چل و پێنجساڵیدا نووسیوە، واتە لە قۆناغێکدا کە ئیدی نووسەرێکی لە زەبر و کارامە بوو. پێشتر سووک و ڕیسواکراوان ١٨٦١، قومارباز ١٨٦٦، تاوان و سزا ١٨٦٦، گەمژە ١٨٦٨ – ١٨٦٩، ئەهریمەنان ١٨٧٢، هەرزەکار ١٨٧٤، و زۆر بەرهەمی دیکەشی نووسیبوون و بڵاوکردبوونەوە. کەواتە نازلی بەرهەمی دەورانی پوختەیی و کارامەیی ئەوە و زۆر لەوە گونگترە کە ڕەنگە لە هەوەڵەوە بێتە بەرچاو.

هەوەڵین خاڵی باڵکێش سەبارەت بە نازلی ئەمەیە کە دوستویفسکی بە پێشەکییەک دەست بەم چیرۆکە دەکات، کە پێشتر ئەم تەکنیکەی بەکار نەبردبوو، دوو هۆی بۆ ئەم کارە هەیە؛ یەکەمیان ڕوونکردنەوەی ئەرکی ڕەگەزی خەیاڵە: " نها با کەمێک باسی چیرۆکەکە بکەین: ناوی چیرۆکێکی خەیاڵیم لێی ناوە، بەڵام خۆم لاموایە زۆر ڕیالیستیە. بەڵام لە ئالیەکی دیکەوە خەیاڵیش زۆر بەجدی لە چیرۆکەکەمدا هەیە. ئەم توخم و ڕەگەزە ڕێک لە فۆرمی چیرۆکەکەدا خۆی دەنوێنێت، بۆیە بەپێویستم زانی ڕوونکردنەوە و پێشەکی بۆ چیرۆکەکە بنووسم. " دووەمیان : ئەمەیە کە دەیەوێت ئەوە بۆ خوێنەر ڕوونبکاتەوە کە چما دەقەکە لە سەرەتای چیرۆکەکەوە کەمێک گۆنگ و داخراوە.

لە پێشەکیەکەیدا پێمان دەڵێت کە گوتیاری چیرۆکەکە بۆخۆی بەشەرێکی پەرێشانە کە دەیەوێت بەسەرهاتەکە لە میانی ڕەوشی گێڕانەوەی چیرۆکەکەوە تێبگات و بۆ خۆیی ڕوونبکاتەوە. تەکەز لەسەر ئەم بابەتە زۆر گرینگ و بەجێیە چونکە دەتوانێت وێنەیەکی ڕوناکتر لەمەڕ قارەمانی چیرۆکەکە بە خوێنەر بدات و قارەمانەکەی باشتر پێ بناسێنێت.

فۆرمی گێڕانەوەی نازلی پێشتر لە ئەدەبیاتدا باو نەبووە و هاوتای نەبووە و دەکرێت بە یەکەمین گێڕانەوەی شەپۆلی زەین بێتە ژماردن. دۆستویفسکی بە ساڵان لە پێش پرۆست و جویس و سمبولیست و ئیگسپرسیونیستەکانەوە یاسا و ڕێسای لۆژیکی نووسینی ئەدەبی دەشکێنێت و هەوڵیداوە شەپۆلی بیر و وێنەکان لە شێوەی لێکەوتەی ڕاستەوخۆدا لە دەق دا بەکار بێنێت و تێهەڵکێشی بکات. هەڵبەتە ئەم تەکنیکە لە دەیەی هەفتاکانی سەدەی نۆزدەدا، بە تەکنیکێکی یەجگار نوێ و وێرەکانە دێتە ژماردن.

بیرۆکەی تۆمارکردنی قسەکانی بابایەکی پەریشان حاڵ کە خەریکە بە دەنگی بەرز بیردەکاتەوە، جوانی و باڵکێشی چیرۆکەکەی دووچەنانە کردووە. وەکو ئەوەیە بەڕاستی دەنگی هانکە هانک، هاوار، بێدەنگی و ناڵە خەفەکانی قارەمانی چیرۆکەکە بژنەوین، تەنانەت وەکو ئەوەیە دەنگی هەنگاوە قورسەکانیشی بژنەوین کە جاریَ لێمان دوور دەکەوێتەوە و جاریَ بەرەو ڕوومان دەگەڕێتەوە. هەرچەندە دوستویفسکی لە پێشەکی چیرۆکەکەدا دەڵێت کە قەرارە چیرۆکێک بخوێنینەوە کە گوایە ئیختیزال نووسێک لە قسە و وڕێنەگۆییەکانی پیاوێکی ئاشوفتە و پەریشان حاڵەوەی ژنەوتووە و نووسیویەتیەوە، زۆرچاک دیارە کە چ ئیختیزال نووسێک لە ئارادا نییە، بەڵکو ئەمە دوستویفسکی یە کە قسە دەگەڵ خۆی و لەگەڵ ئێمەدا دەکات.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی دیکەی نازلی کە پێشەنگایەتی نووسەر دەسەلمێنێت ئەمەیە کە دوو قارەمانی ( کاراکتەر ) سەرەکی چیرۆکەکە ناویان نییە و تەنانەت ناونیشانی چیرۆکەکەش سیفەتێکە کە قارەمانە پیاوەکە داویە بە قارەمانە ژنەکە: نازلی، وادیارە دوستویفسکی، بەم کارە؛ بەناونەنانی قارەمانەکە دەیەوێت پێمان بڵێت ئەمە چیرۆکێکی تایبەتی نییە کە لە خەڵکانێکی خودان ناسنامە و ناوی ڕاستەقینە ڕووی دابێت، بەڵکو سەربهورد و بەسەرهاتێکە نموونە و هاوتای زۆرە. هۆیەکی دیکەی بیَ ناوی قارەمان و کاراکتەرەکان دەشێت بۆ ئەوە بێت کە سەرنجی خوێنەر بۆ لایەنە سمبولیکی و ئاشکرایی ناوی کاراکتەرە لاوەکییەکان ڕابکێشێت. بۆ نموونە نێوی هاوکارەکەی قارەمانە سەرەکییەکە ( کابرای ئەمانەتفرۆش و سووتخۆر ) دوبرانروفە کە دەکاتە هاومانای دەستپاک و دڵپاک. هەڤدژی ئاشکرا و تەنانەت کۆمیکی ئەم نازناوە دەگەڵ پیشەکەیدا مایەی سەرنجە. یان لوکریا کە ناوی یەکێک لە قەشە و پیاو چاکەکانە و بەمانای شیرین و خۆشەویست دێت و بەتەواوەتی لەگەڵ کەسایەتی کارەکەری ناو چیرۆکەکەدا تێکدەکاتەوە؛ کارەکەرێکە کە لە هەموو شوێنێک هەم چاودێر و هەم هاودەمی خانمی خاوەن ماڵ و نیگەران و مشورخۆری حاڵی ئەوە.

دوستویفسکی لە نازلی دا گەییوەتە لوتکەی بیر و هزرە فەلسەفیەکانی خۆی؛ ئەو هزر و بیرانەی کە ماکیان لە هەموو بەرهەمەکانیدا بەدی دەکرێت: لاوازی، توانا و دەسەلاَتی ڕۆحی و سایکۆلۆژی لەیەک شوێندا کۆ دەبنەوە، یەکانگیر دەبن و لە یەک کۆتایی پڕ کەلەجاندا، وەکو تەرجیع بەندی یەک شیعری درێژ، لە دەوری یەکدی کۆدەبنەوە و ئیمزای شێوەی بیرکردنەوە و هزرینی دوستویفسکی دەنەن بە کۆتایی کارەکەوە. وەکو چۆن گروسمان گوتوویەتی: " نازلی، چیرۆکی ڕۆحێکی بریندارە کە ڕووبەڕووی حەقیقەتێکی وێرانکەر بووەتەوە. " تەنانەت قارەمانی سەرەکی چیرۆکەکە، واتە هەمان ئەو کەسەی کە مەنەلۆگە دوور و درێژەکەی دەژنەوین، هاوشێوەی هەمان

مەخلووقە بەنێوبانگەکەی دوستویفسکی یە: مرۆڤی ژێرزەمینی کەلە کتێبی یاداشتە ژێرزەمینی یەکاندا، لە سەندووقە سەیرەکەی کەسایەتیەکانی ئەم نووسەرە مەزنەوە هاتووەتە دەرێ و، جێ پێی بە زۆرێک لە بەرهەمەکانییەوە دیارە. کاراکتەرە ژێرزەمینییەکە کەسێکی تەنیا و بێزراوە، بەجۆرێ کە بەخۆیشی دەزانێت و دەڵێت کە خۆشەویست نییە، بەڵام خۆی بە شایستەی عەشق و ڤیان دەزانێت. لە هەوڵی تۆڵە ئەستێنیدایە و دەیەوێت تۆڵە لەو کەسانە بکاتەوە کە ڕەنجی تەنیایی و گۆشەگیریان پێ ڕەوا بینیوە.

قارەمانە ژنەکەی چیرۆکەکەش، لە جۆری خۆیدا باڵکێشە، کیژێکی زۆر گەنجە، شازدە ساڵە، بەڵام کەسایەتیەکی هێندە سەیر و مەند و ئالۆزی هەیە کە تا کۆتایی چیرۆکەکە هەم بۆ مێردەکەی و هەم بۆ خوێنەرانیش وەکو مەتەڵێکی لە هەڵهێنانان نەهاتگ دەمێنێتەوە. ئەم کیژە دڵێکی گەورە، پاک، ڕاستگۆ و بوێری هەیە، لە حاڵێکا لە سەرەتای چیرۆکەکەدا تەنیا وەکو قوربانییەک دێتە بەرچاو.

هەموو ئەو تایبەتمەندیانەی کە بۆ نازلی – مان ژمارد کردوویەتیە کارێک کە زۆر دەرهێنەر بیر لەوە بکەنەوە کاری سینەمایی لێوە هەڵێنجن و بیانەوێت نمایشی بکەن. لە ساڵی ١٩٦٠ ئالکساندر بوریسوفی دەرهێنەری ڕووس، لە ساڵی ١٩٦٤ ویلی ئەشمیت، دەرهێنەری ئەڵمانی، لە ساڵی ١٩٦٩ روبر برسوفی دەرهێنەری ناوداری فەرەنسی و ستانیسلاف باراباسی فیلم سازی خەڵکی چیک ئەم چیرۆکەیان کردووە بە فیلم. لە ساڵی ١٩٧١ وە تا ساڵی ٢٠١٥ هەشت فیلمی دیکە لە چیرۆکی نازلی یەوە هەڵێنجراوە. لە ساڵی ٢٠١٤ ئەسغەر نەعیمی، دەرهێنەری ئێرانی، فیلمێکی بەناونیشانی سێبەرە هاوتەریبەکان نمایش کرد کە ئەویش لە چیرۆکی نازلی یەوە وەرگیرابوو. دوستویفسکی ڕەنجی کێشا و دەربارەی ڕەنجی نووسی. گیانە پڕجۆش و یاخییەکان، ڕەهەندە و مەزلوومان، قارەمانی بەرهەمەکانی ئەون.

# پێشەکی نووسەر

داوای بوردن لە خوێنەرە ئازیزەکانم دەکەم کە ئەم جارە لە جیاتی ڕۆژانە یاداشتەکان بەشێوە باوەکەی خۆی، تەنیا یەک چیرۆکی خەیاڵی درێژیان پێشکەش دەکەم. هیچ چارێکم نەبوو، چونکە ئەم چیرۆکە نزیکەی یەک مانگ مژوولی کردم، بۆیە داوای بوردن و چاوپۆشی لە خوێنەرانی ئازیز دەکەم.

ڕاستە من ناونیشانی چیرۆکێکی خەیاڵیم داوەتێ، بەڵام لاموایە چیرۆکێکی تەواو ڕیالیستیە. ڕاستە خەیاڵ لەم چیرۆکەمدا هەیە و ئەم ڕەگەزە ڕێک لە فۆرمی چیرۆکەکەدا خۆی دەنوێنێت، چونکە لە فۆرم و قاڵبی چیرۆکدا پێشکەشی دەکەم، بۆیە بە پێویستم زانی لە سەرەتاوە ئەم پێشەکی و داخۆیانەی لەبارەوە بنووسم.

ئەلهەقی ئەوەی نها دەیگێڕمەوە نە چیرۆکە نە بیرەوەری. مێردێک بێننە بەرچاوی خۆتان کە تەرمی ژنەکەی لەسەر مێزێکی بەردەمیدا دانراوە کە چەند سەعاتێک لەمەپێش لە پەنجەرەوە خۆی هەڵداشتووە و خۆکوژی کردووە. کابرا پەشێو و پەرێشان و پەست و تووڕەیە، هێشتا وەخۆ نەهاتووەتەوە و خۆی کۆنترۆڵ نەکردووە. لە ژوورێکەوە بۆ ژوورێکی دی دەڕوات. هەوڵدەدات ئەو بویەرە هەرس بکات و " بیرکردنەوەی خۆی جەم و جۆر بکات ". ئەم پیاوە زۆر ڕەشبینە، لە ناخا نەخۆش و خەیاڵیە. بەردەوام بیرەکانی خۆی کاوێژ دەکاتەوە، بەردەوام خۆی دەدوێنێت، یانی قسە بۆخۆی دەکات. چیرۆک بۆ خۆی دەگێڕێتەوە، حیکایەت بۆ خۆی دەگێڕێتەوە و هەوڵدەدات بۆ خۆیی ڕوونبکاتەوە. هەرچەندە گێڕانەوەکەی بەڕواڵەت لۆژیک و پەیوەندی زنجیرەیی پێوە دیارە، بەڵام هەندێجار دووچاری هەڵەی لۆژیکی و هەڤدژی هەست و سۆز دەبێت. هەم پاکانە بۆخۆی دەکات و هەم ژنەکەی خەتابار دەکات، دووچاری ڕاڤە و شرۆڤەی هەڵە دەبێت، هەم بیری تووند و زبری بەسەردا دێت و هەم هەست و سۆزی قووڵی بەدڵدا دێت. بەرەبەرە پرسگرێکەکە بۆخۆی ڕوون دەکاتەوە. بیرکردنەوەی خۆی کۆنترۆڵ دەکات. ئیدی زنجیرە بیرەوەرییەکان دەیگەیەنێتە ڕاستییەک کەلە مقاوەمەت و بەرخۆدان نایەت، ئەم ڕاستیە دڵ و دەروونی ئاسوودە دەکات. تەنانەت لە کۆتاییدا تۆنی چیرۆکەکەش لە چاو سەرەتاکانیا کە بێ سەروبەر بوو، دەگۆڕێت و بڕێک نەزم پەیدا دەکات. ئیدی حەقیقەت بۆ ئەم پیاوە نەگبەت و بەلەنگازە ڕوون بووەوە، بەڵێ بەلای کەمەوە بۆ خودی ئەو ڕوون بووەوە...

دەی چاکە، ئەمە بابەتەکەیە: هەموو چیرۆکەکە لە چەند سەعاتێکدا ڕوودەدات، هەڵبەتە ناوبەناو دابڕان و پچڕان و وەستانیشی تێدەکەوێت: قارەمانەکەمان جارێ قسە بۆ خۆی دەکات و جارێ وەکو ئەوەیە کە قازییەک یا کەسێکی نادیار بدوێنێت.

خۆ ئەگەر ئیختیزال نووسێک، گوێی بۆ قسەکانی قارەمانی چیرۆکەکە هەڵخستبا و بەخێرایی بینووسیباوە، ڕەنگە چیرۆکەکە تۆزێک لەمەی من بۆتانی دەگێڕمەوە شپرزەتر و ناپوختەتر دەرچووبا. بەڵام ئەوەندەی من دەیزانم، بارە دەروونیەکەی نەدەگۆڕا. ئیدی بەو گریمانەیەی کە بابایەکی ئیختیزال نووس هەموو شتەکانی تۆمار کردووە و ( پاشان من دەسکاریم کردووە ) کردوویەتیە کارێک کە ئەم چیرۆکە ناوبنەم چیرۆکێکی خەیاڵی. بەڵام بە مەزەندەی من ئەم شێواز و ستایلە لە ئەدەبیاتدا پێشینەی هەیە، بۆ نموونە ڤیکتور هۆگۆ، لە شاکارەکەی خۆیدا ( دوایەمین ڕۆژی پیاوێکی مەحکووم بە مردن ) تەقریبەن هەمان تەکنیکی بەکارهێناوە، هەرچەندە لە بەرهەمەکەی ئەودا ئیختیزال نووس لە ئارادا نییە. بەڵکو درۆیەکی گەورەتر دەکات: گوایە خەڵکی مەحکووم بە ئیعدام دەتوانێت و ( فریاش دەکەوێت ) کە نەک هەر بیرەوەرییەکانی دوایەمین ڕۆژی ژیانی، بەڵکو دوا سەعات و بگرە دوا خولەکی ژیانی تۆمار بکات. خۆ ئەگەر هۆگۆ ئەم بیدعەتە سەیرەی بەخۆ ڕەوا نەدیتبا، ئەوا هەرگیز ئەم بەرهەمە نەدەهاتە ئاراوە، بەرهەمێکە کەلە هەموو بەرهەکانی دیکەی لە واقیعەوە نزیکترە و ئەگەری ڕوودانی هەیە.

## فەسڵی یەکەم

## ( ١ )

## من کێ بووم و ئەو کێ بوو

... دەی زۆر چاکە، تا ئەو لێرە بێت هەموو شتێک باشە. بەردەوام دێم و تەمەشای ئەو دەکەم. بەڵام سبەی دەبرێت و هەنگێ من بە تەنیا دەمێنمەوە، چی بکەم؟ نها لە هۆڵەکەدایە، بەسەر مێزەکەوە پاڵخراوە، لە ڕاستیا دوو مێزی قومارە و دراونەتە دەم یەکەوە. تابووتەکەی سبەینێ دەگات، کفنەکەی سپی سپییە. بەڵام جارێ باسەکە، باسی شتێکی دیکەیە... من بە بەردوامی دێم و دەچم، دەمەوێت مەسەلەکە بۆ خۆم شەن و کەو، ڕوون بکەمەوە: شەش دانە سەعاتی تەواوە لە هەوڵی ئەوەدام کە سەر لەم مەسەلەیە دەربکەم، بەڵام هەرچی دەکەم و دەکۆشم بیرم بە هیچ کوێ ڕاناگات. بیرە پەرتەکانی خۆم بۆ کۆ ناکرێتەوە. هیچم بۆ نەماوەتەوە تەنیا ئەوە نەبێت کە دێم و دەچم، لە ڕاوێچکەی بەردەوامدام... فەرموون ئێوە و سەربەهوردەکە... بویەر و بەسەرهاتەکە بەمجۆرەیە، پێویستە بە تەرتیب بۆتانی بگێڕمەوە. ( تەرتیب زەرووریە ) بەڕێزینە ئێوە بەخۆتان دەزانن کە من بەهیچ جۆرێ نووسەر نیم. گرینگ نییە. سەربەهوردەکەتان وەکو چۆن خۆم لێیدەگەم بەو ئاوایە بۆ دەگێڕمەوە. ترسی من لەوەیە کە لاموایە لە هەموو شتەکان تێگەیشتووم!

ئەگەر سوورن لەسەر ئەوەی بزانن، یانی ئەگەر بتانەوێت لە هەوەڵی هەوەڵەوە بۆتانی بگێڕمەوە، ئەوا بزانن کە ئەو ( ئەم ئەوە ئافرەتە ) ڕۆژێک هات هەندێ شتی بە بارمتە لەلا دانام تا تۆزێ پارەی بە قەرز بدەمێ، بایی بڵاوکردنەوەی ئاگادارییەک لە ڕۆژنامەی " دەنگ " دا. ئاگادارییەک دەربارەی ئەوەی کە ئەو ئافرەتێکی مامۆستایە و ئامادەیە هەم لە ماڵان دەرس بڵێتەوە و هەم لە سەفەریش دا بەگەڵ ماڵان بکەوێت و دەرسی خۆی بڵێتەوە. ئەمە سەرەتای مەسەلەکە بوو، وەکو هەر ئافرەتێکی دیکە تەمەشام کرد، هیچ فەرقێکی دەگەڵ مشتەریانی دیکەدا نەبوو... پاشان سەرنجی ڕاکێشام، باریکەلەیەکی لاوازی دەستەباڵا بوو. کە قسەی لەگەڵ مندا دەکرد ئەم پێ و ئەو پێی دەکرد، لەوە دەچوو شەرم بکات، بترسێت. ( وابزانم لەگەڵ هەر پیاوێکی بێگانەدا، ئەوە حاڵی بوو، هەڵبەتە منیش لە ڕوانگەی ئەوەوە بێگانەیەک بووم وەکو هەر پیاوێکی بێگانەی دیکە، واتە لە ڕوانگەی ئەوەوە بابایەکی سوتخۆری بارمتەچی نەبووم، بەڵکو پیاوێک بووم وەکو هەر پیاوێکی دی ) هەرکە پارەکەی وەرگرت، بەپەلە، بێ هیچ چەند و چوونێک ڕووی وەرگێڕا و ڕۆیی. هەموو جارێ هەر وایدەکرد. کەچی مشتەرییەکانی دی، مامەڵەیان دەکرد، گەنگەشەیان دەکرد و هەوڵیاندەدا کە پارەیەکی زیاتر وەربگرن، بەڵام ئەو نا، هەر چەندێکی پێدرابا، بەبێ چەند و چوون

وەریدەگرت . وابزانم خەریکە لە خەت دەردەچم و وڕینە دەکەم. بەڵێ ئەو شتانەی کە هێنابوونی تا بیانخاتە ڕەهنەوە، هەوەڵجار سەرنجیان ڕاکێشام: جووتێ گوارەی زیوی زێڕ کفت و ملوانکەیەکی بچووک کە یەک پوولی قەڵبی نەدەهێنا... بەخۆیشی دەیزانی کە جەواهیرەکانی ئەوپەڕی دە کوپیکیان دەهێنا. بەڵام بە ڕوخسارییەوە دیاربوو کە بەلایەوە زۆر بەنرخ بوون. پاشان بۆم دەرکەوت کە ئەو شتانە تاقە یادگاری داک و بابی بوون کە بۆی مابوونەوە. هەڵبەتە من عادەتم وایە کە ڕێ بەخۆ نادەم فزووڵیەت بەسەر خەڵکیەوە بکەم. من کابرایەکی سپۆرتم، سپۆرتانە مامەڵە دەگەڵ مشتەریەکاندا دەکەم: چەنەبازی ناکەم، کەم قسە دەکەم، کە قسەش دەکەم بە ئەدەبەوە قسە دەکەم، لە کورتی دەیبڕمەوە. هەر ئەو ئافرەتە جارێکی دی هاتەوە بۆلام، ئەمجارە بە پاشماوەی ( بەڵام پاشماوە ) کۆنە پاڵتۆیەکی ژنانەی فەرووی کەرویێشکەوە هاتبوو تا بیخاتە ڕەهنەوە و برە پارەیەکی پێ وەربگرێت. ئیدی من خۆم پێنەگیرا و شتێکم پێگوت کە برێک ڕەق و تەوسامێز بوو. حەیفێ بەجۆرێ هەڵچوو کە ڕوخساری سووری سوور بووەوە! چاوە درشت و شینە خەمناکەکانی گریان لێدەبووەوە! هیچی نەگوت. بەڵکو پاشماوەی کۆنە پاڵتۆکەی پێچایەوە و ڕۆیی. ئیدی بۆ یەکەمجار سەرنجێکی تایبەتیم دا و بیرم لێی کردەوە. بەڵێ بیرکردنەوەیەکی تایبەتی. بەڵێ ئەوە ڕوویدا. من هێشتا ئەو هەستەم لەبیرە کە لە ناخما سەری هەڵدا، ئەو هەستەی کە سەرچاوەی هەموو هەستەکانی دیکەیە: ئەم ئافرەتە زۆر منداڵکار بوو، بە مەزەندەی من تەمەنی لە چواردەساڵ پتر نەدەبوو. بەڵام لەو کاتەدا تەنیا سێ مانگی مابوو بۆ شازدە ساڵ. بەهەرحاڵ ئەمەم مەبەست نەبوو، ئەمەش سەرچاوەی ئەو هەستانە نەبوو کە لە ناخما سەری هەڵدابوو. بۆ سبەینێ هاتەوە. پاشان بۆم دەرکەوت کە هەمان کۆنە پاڵتۆی بۆ لای دوبرونرانوف، بۆلای موزیرش بردبوو، بەڵام ئەم جووتە سووتخۆرە جگە لە زێڕ هیچ شتێکی دیکەیان بە بارمتە وەرنەدەگرت، تەنانەت هەر وەڵامیشیان نەدابووەوە. بەرلەوە بەردێکی بە ناوی بەردی بەنرخەوە بۆ هێنام ( ئەوەی ڕاستی بێت بەردێکی زۆر ئاسایی بوو، هیچ نرخێکی نەبوو ) پاشان خۆم سەرم لەم کارەی خۆم سوڕما، لە خۆم پرسی: چۆن ئەو بەردەم بە ڕەهن و بارمتە لێوەرگرت، خۆ منیش جگە لە زێڕ و زیو هیچ شتێکی دیکەم بەبارمتە وەرنەدەگرت؟ئەمە هەست و بیری دووەمم بوو کە سەبارەت بەو لە ناخمدا سەری هەڵدا.

جارێکی دی، پاش ئەوەی موزیر جوابی کردبوو، بەخۆی و دار جگەرەیەکی کارەباوە هاتەوە بۆلای من، دار جگەرەیەک بوو، ڕەنگ بوو ئەهلی خۆی حەزیان لێبوایە، بەڵام بۆ ئێمەمانان کە جگە لە زێڕ و زیو هیچی دیکەمان بەبارمتە وەرنەدەگرت، بە کەڵکی هیچ نەدەهات! چونکە دوای یاخیبوون و ئاژاوەکەی دوێنێ هاتبوو، برێک بەتووندی پێشوازیم کرد، تووندی لای من دەکاتە جۆرە زبرییەک. بەڵام وێڕای ئەوەش وەختایەک دوو ڕۆبڵم دایێ، خۆم پێنەگیرا و، بە تووڕەیی

گوتم: " من وەکو ڕێزێک بۆ ئێوە لێتانی وەردەگرم، خۆ ئەگەر بۆ موزیری ببەن لێتانی وەرناگرێت. " من بە ئانقەست بەڕاناوی کۆ دواندم. کە گوێی لەوە بوو، ڕوخساری سوور بووەوە! گڕ لە چاوانی بووەوە، دیاربوو قسەکانی من ئازاریان دا. بەڵام پارەکەی نەدایەوە بە سەروچاوما. وەختایەک ڕۆیی لە خۆمم پرسی: " باشە دوو ڕۆبڵ ئەوە دێنێت، بەو ئاوایە تەریقی بکەمەوە؟ ". هەرخۆم وەڵامی خۆمم دایەوە کە باشم کردووە، دەستم بە پێکەنین کرد ها ها ها. لەو کاتەدا زۆر بەو هەڵوێستە دڵخۆش بووم. بەڵام ئەوە زادەی سۆزێکی خراپ نەبوو: نیاز و مەبەستێکی لە پشتەوە بوو. دەمویست تاقی بکەمەوە، ئەمە جاری سێیەم بوو، ئەو هەڵوێستەم دەربارەی نواند... ئیدی لەو ساتەوە بویەر و بەسەرهاتەکە دەستی پێکرد. ئیدی بەپەلە کەوتمە هەوڵی ئەوەی ژیانی تایبەتی ئەو لە بنج و بناوان بکەم. بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی هاتنەوەیم دەکرد. کە هاتەوە بە ئەدەب و نەزاکەتێکی ئەوتۆوە دواندم کە هەرگیز شتی وای لەمن نەبینی بوو. خۆ من لە ڕۆشنبیریم کەم نەبوو، ئەتەکێتی معاشەرەتم دەزانی... ئیدی لەوەوە بۆم بەدیارکەوت کە کیژێکی باش، خاکی، میرەبان و نازدارە. ئەم جۆرە کیژە باشانە، نازونوزێکی ئەوتۆیان نییە، هەرچەندە زۆر مەندن، بە ئاسانی پریاسکەی دڵیان ناکەنەوە، بەڵام خۆ لە گوت و بێژانیش نادزنەوە. ڕاستە بەکورتی وەڵام دەدەنەوە، بەڵام وەڵام دەدەنەوە، تا زیاتر بیاندوێنیت، زیاتر دێنە ڕەدایە و وەڵامی درێژتر دەدەنەوە. هەنگێ لەسەر تۆیە درێژە بەقسان نەدەیت. هەڵبەتە ئەو کاتە هیچی دەربارەی خۆی بەمن نەگوت. پاشان لە ڕێگەی خوێندنەوەی ڕۆژنامەی " دەنگ " وە هەموو شتێکم زانی. ئاگاداریییەکەی دوایی ئەوەی دەسەلماند کە هەر دەرامەتێکی هەیە بەتەواوی لەبن هاتووە. ئاگاداریییەکەی هەوەڵ باشتر بوو: " مامۆستایەک، ئامادەیە لە ماڵەوە دەرس بڵێتەوە، لەگەڵ شاگرداندا بچێتە سەفەر، چاودێری و سەرپەرشتی کاروباری ماڵ بکات، پەرستاری نەخۆش بکات، خەیاتی دەزانێت و زۆر شتی دیکەش. چەند جارێک ئەم جۆرە ئاگاداریییانەی بڵاوکردەوە تا بەتەواوەتی حاڵی خراپ بوو؛ کەوتە سەر ساجی عەلی. لە دوا ئاگاداریدا دەڵێت: " مووچەی ناوێت، بە نانە سک قاییلە " وێڕای ئەوەش کاری دەست نەکەوت! بۆیە بڕیارم دا بۆ دواجار تاقی بکەمەوە. ژمارەی ئەو ڕۆژەی ڕۆژنامەی " دەنگ " م هەڵگرت و ئاگاداریییەکم نیشانی دا کە نووسرابوو: " کیژۆڵەیەکی سێوی، لە کار دەگەڕێت و ئامادەیە لە ماڵاندا مامۆستایەتی و سەرپەرشتی منداڵان بکات، زیاتر حەزی لەوەیە لەنک بێوەژنێکی ناقساڵ کار بکات، ئامادەیە کاروباری ماڵیش بکات ". پێمگوت:- تەمەشا بکە. ئەم ئاگاداریییە ئەم بەیانیە بڵاو بووەتەوە، هەڵبەتە تا ئێوارە کار دەدۆزێتەوە. پێدڤیە ئاگاداری بەو شێوەیە بڵاو بکرێتەوە.

دووبارە ڕوخساری سوور بووەوە، گڕ لە چاوانی بووەوە، یەکسەر پشتی تێکردم و ڕۆیی. ئەوەم زۆر پێخۆش بوو، ئیدی سەر ڕەحەت و دڵ ئاسوودە هیچ ترسێکم لە دڵ نەبوو: جگە لە من کەسی

دی دار جگەرەکەی بە ڕەهن و بارمتە لێوەرناگرێت. ئەویش گەیی بووە قۆناغێک کە دار جگەرەکەشی لەدەست دابوو، مەزەندەکەم دروست دەرچوو. دوای سێ ڕۆژی دی هاتەوە. بەجۆرێ ڕەنگی هەڵبزرکابوو یەکسەر زانیم کە هەبێ و نەبێ لەماڵەوە شتێکی لێقەوماوە، ئەم مەزەندەیەشم دروست دەرچوو. ئێستا بۆتانی دەگێڕمەوە کە چی قەومابوو، بەڵام با جارێ شتەکانم وەبیر بێنەوە، ئا ئەمجارە زۆر بە لوتفەوە مامەڵەم لە گەڵیدا کرد، خۆم لەبەر چاوی شیرین کرد، بەڕێزەوە تەمەشای دەکردم. ئەمە ئەو نەخشەیەیە کە دامنابوو. ئەو ڕۆژە شەمایلەکەی ( ئەیکۆنە ) هێنابوو، ( ئەنجام بە نەبەدڵی بڕیاری دابوو بیهێنێت و بیخاتە ڕەهنەوە ). ئاخ... گوێ بگرن گوێ! نها بۆتانی دەگێڕمەوە. بەڵام بەرلەوە شتەکانم تێکەڵ دەکرد، دەپەشۆکام. نها دەمەوێت حەواسم جەم وجۆر بکەم، هەموو شتێکم بیر بکەوێتەوە، دەمەوێت بچووکترین شتم بیر بکەوێتەوە. بەڵام ئەمان لەدەست وردەکاریان، نایەنە ڕاوکردن. فایدەی نییە، خۆ بەدەستەوە نادەن.

ئەو ئەیکۆنەیەی هێنابووی پەیکەری حەزرەتی مریەم و یەسوعی کوڕی بوو. ئەیکۆنەیەکی کەونارا بوو، ڕوو و ڕوخساریان بەزیوی زێڕکفت پۆشرابوو. هەستمکرد ئەم ئەیکۆنەیەی زۆر بەلاوە ئازیزە. وێڕای ئەوەش ئەیکۆنەکەی هێنابوو تا بیخاتە ڕەهنەوە، بەبێئەوەی زیو و زێڕەکەی لێبکاتەوە.

پێمگوت: " واچاکە من زێڕ و زیوەکەی هەڵگرم و تۆش ئەیکۆنەکە بۆخۆت بەریتەوە. ئەیکۆنەکە شتێکی ناسکە و زوو خراپ دەبێت. "

گوتی:- چما قەدەغەیە بە ڕەهن وەری بگریت؟

- نەخێر، مەسەلە ئەوە نییە کە قەدەغە بێت. ڕەنگە بەخۆت بزانیت کە...

- کەواتە زێڕ و زیوەکەی لێبکەوە...

کەمێک دەبیرەوە چووم و ئەوسا گوتم:- نا، زێڕ و زیوەکەی لێناکەمەوە. بەڵکو ئەیکۆنەکە وەکو خۆی، بێ هیچ دەسکارییەک، لەوێ لە چرا دانەکەدا، لەگەڵ هەموو ئەیکۆنەکانی دیکەی ژێر ڕوناکی چراکە دادەنەم ( هەموو بەیانییەک کە دووکانم دەکردەوە، باشترین چرای ناو چرادانەکەم هەڵدەکرد. ) ئەوسا لەسەری ڕۆیشتم: فەرموو دە ڕۆبڵی پێدەدەم.

- نا، دە ڕوبڵم ناوێت؛ زۆرە. تەنیا پێنج ڕوبڵم بدەیە. چونکە بەنیازم لە ڕەهن دەری بێنمەوە.

هەستم کرد، گڕ لە چاوانی بووەوە. هیچ قسەیەکی نەکرد. پێنج ڕۆبڵم بۆی هێنا و گوتم:- چما دە ڕۆبڵت ناوێت؟ خۆ ئەیکۆنەکە دە ڕۆبڵ دێنێت. پێنج ڕۆبڵەکەم بۆ درێژ کرد و گوتم:- کەس بەکەم مەگرە... من خۆیشم ئەو تەنگانەیە و خراپتریشم دیتووە. ئەگەر دەبینیت نها ئەم کارە دەکەم... دوای نەبوونی و نەدارییەکی زۆر، پاش کول و کۆڤانێکی زۆر گەییومەتە ئەم کار و پیشەیە...

قسەکەی پێ بڕیم و بەدەم بزەیەکی تەوسامێزەوە گوتی:- واتە تۆڵەی خۆت لە کۆمەڵگە دەکەیتەوە، وا نا؟

هیچ غەرەزێک لە پشت زەردەخەنەکەیەوە نەبوو، بە پێچەوانەوە جۆرە سەلاری و سەنگینییەکی پێوە دیاربوو. هێشتا بە هەمان چاو سەیری دەکردم کە سەیری هاوپیشەکانی تری دەکردم، هیچ غەرەزێک، یان تەوس و تەوانجێک، یان بێ ڕێزییەک لە قسەکانیا نەبوو. لە دڵی خۆمدا گوتم: " ئەها! خەریکی، بەرەبەرە کەسایەتی خۆت کەشف دەکەیت، تەبیعەتی خۆت دەردەخەیت! "

یەکسەر بە ڕاوێژێکی نیمچە گاڵتە و نیمچە گۆنگ گوتم:- من یەکێکم لەو خەڵکانەی کە دەیەوێت خراپە بکات بەڵام خراپەکەی بە چاکە دەشکێتەوە!

کە گوێی لەو قسەیە بوو، خێرا و بە کونجکاوی چاوی لە دوڕ چاوانم بڕی. حاڵەتێکی منداڵانە بە نیگایەوە دیاربوو. گوتی:

– گوێ بگرە... ئەمە چ قسەیەکە؟ چ بیرۆکەیەکە؟ لە کوێوە سەری هەڵداوە؟ وابزانم پێشتر گوێم لە شتێکی وا بووە...

– خۆتماندوو مەکە. ئەمە قسەی مینستوفلسە؛ بەو قسەیە خۆی بە فاوست ناساند. چیرۆکی فاوستت خوێندووەتەوە؟

– نا... بەوردی نەمخوێندووەتەوە.

– واتە لەبنی نەتخوێندووەتەوە. پێویستە دان بەوەدا بنەیت.

– من هێشتا ئەو پۆزخەنە بەسەر لێوەکانتەوە دەبینم. تکایە وا نەزانیت من ئەوەندە بێ زەوقم، وەکو مفستوفلیس خۆمت پێ بناسێنم. من بابایەکی کۆنەفرۆش و ئەمانەت فرۆشم و هەرواش دەمێنمەوە. ئەمە شتێکی مەعلوومە و هەمووومان دەیزانین.

– تۆ کابرایەکی سەیریت... من هەرگیز نەمویستووە ئەوەت پێ بڵێم...

کیژەکە دەیویست بڵێت:- وێنای ئەوەم نەدەکرد کە پیاوێکی ڕۆشنبیر بیت. بەڵام نەیوت، بەڵام ئەمە نەبووە هۆی ئەوەی کە مەزەندەم بۆ ئەوە بچێت کە دەیویست ئەو قسەیە بکات. دیاربوو زۆر بە قسەکەم شاد بوو. گوتم:- دەزانیت مرۆڤ دەتوانێت لە هەر بوارێکدا کاری چاک و خێر بکات، مەبەستم ئەوە نییە کە خۆم هەڵکێشم. چونکە من هیچ چاکەیەکم لێ نەوەشاوەتەوە، بگرە خراپەشم کردووە... وێرای ئەوەش...

نیگایەکی لەزگین و قووڵی کردم و گوتی:- هەڵبەتە مرۆڤ دەتوانێت لە هەر پێگە و هەل و مەرجێکدا کاری خێر و چاکە بکات.

دوای ئەوە بەخێرایی لەسەری ڕۆیی:- لە هەر پێگە و هەل و مەرجێکا، یەک بە یەکی ئەو ساتانەم لە بیرن! با ئەمەش بڵێم کە گەنجێک، گەنجێکی نازەنین بیەوێت شتێکی عاقڵانە بڵێت، پێویستی بەوە نییە بە ئاشکرا دەری ببڕێت، سیمای هاوار دەکات: " تەمەشای ئەو زیرەکیە بکە کە چۆن دەتوانم ئەو شتەت پێ بڵێم کە دەتوانم پێتی بڵێم! " ئەوەش لە ڕووی خۆ هەڵکێشانەوە ناکات، بەڵکو باوەڕی پێیەتی، خاوەنی قسەی خۆیەتی، باوەڕی پێیەتی، ڕێزی دەگرێت و باوەڕی وایە وەکو چۆن ئەم ڕێزی قسەی خۆی دەگرێت، قسەکەش ڕێزی ئەو دەگرێت. تەحا لەم ڕاشکاویە! هەر بەوەش گرەو دەبەنەوە. تەحا لە جوانی و ڕاستگۆیی ئەم کیژۆڵە دڵگیرە!

هەموو ئەمانەم بە ڕوونی لەبیرە، هیچ شتێکم فەرامۆش نەکردووە! وەختایەک ئەو ڕۆیی، من بڕیاری خۆم دا. هەر ئەو ڕۆژە کەوتمە سۆراخ و تاقیبی، هەرچییەکم تا ئەو کاتە دەربارەی نەزانی بوو، هەر هەموویم بۆ دەرکەوت، نهێنییەکانی ژیانی ئێستایم زانی. نهێنییەکانی پێشتری ژیانیم لە لوکیریاوە زانی بوو، لوکیریا جاران لە ماڵی وان کارەکەر بوو. چەند ڕۆژێک لەوەپێش بە پارە و بەرتیل نەرمم کرد و زۆر نهێنی بۆ درکاندم. نهێنی یەکان هێندە کارەساتبار و ترسناک بوو، نازانم چۆن دەشێت کەسێک لەو هەل و مەرجەدا بێت و بتوانێت بەو کەلەجانەی دوێنێوە بە کوڵ و بە دڵ پێبکەنێت. بایەخ و گرینگی بە وتەکانی مفستوفیلس بدات، لەکاتێکا خۆی لەو حاڵە ترسناکەدا بێت. ئیدی گەنجە! ئەوسا بە شانازی و خۆشییەوە بیرم لێکردەوە، چونکە ئەوەم بە نیشانەی نەفس بەرزی ئەو دەزانی. وەکو ئەوە بوو، لە لوتکەی هەڵدێریشدا، وشەکانی گوتیەی شاعیر لە بەرچاومدا بدرەوشێتەوە! ئیدی گەنجاتی هەمیشە تەنانەت لە هەڵەکانیشیا هەر جوان و بەخشندەیە. دیارە من تەنیا و تەنیا ئەو کیژەم مەبەستە. سەیر ئەوەیە من لەو کاتەوە تا نها لە دڵی خۆما هەر باسی ئەو دەکەم وەکو ئەوەی بووبێت بە هی من، ئیدی هیچ گومانێکم لە توانا و دەسەڵاتی خۆم نەبوو. ئێوە بەخۆتان دەزانن وەختایەک مرۆڤ گومانی لە توانا و دەسەڵاتی خۆی نەبێت چەند لەزەت لە خۆی و ژیان دەبینێت .

ئەرێ من چیم بەسەر هاتووە؟ ئەگەر بمەوێت بەم حاڵە بەردەوام بم، ئەدی کەی بیرە پەرت و پەراگەندەکانم جەم و جۆر دەکەم؟ دەیسا زووتر، هەرچی زووترە دەبێ بچمە سەر ئەسڵی بابەتەکە!

## ( ٢ )

## خوازگاری

ئەو نهێنییەی کە دەربارەی ئەو دەستم کەوت، لە چەند وشەیەکی کەمدا کۆی دەکەمەوە: داک و بابی، هەردووکیان لە مێژە مردوون – نزیکەی سی ساڵ دەبێت – ئیدی لەلای پوورە شڕندە و بێ ئابڕووەکانی دەژی، وشەی بێ ئابڕوو بۆ ئەوان کەمە! یەکێک لە پوورەکانی بێوەژنە و ڕەشە خێزانێکی بەملا کەوتووە، شەش منداڵی هەیە کە هەموویان سەروپێچکەن. پوورەکەی دیکەی قەیرە کچە، لەوی دی کورتە باڵاترە، شەڕانی و شڕندەیە. هەردووکیان بەد و ناشیرین و دڵڕەشن. بابی کیژێ فەرمانبەر بووە.لە فەرمانگەیەکی دەوڵەتیدا میرزا بنووس بووە و جگە لە مووچەکەی هیچ دەرامەتێکی دیکەی نەبووە. ئاستی کۆمەڵایەتی من لە ئاستی کۆمەڵایەتی ئەو باڵاترە: من بابەیەکی نەقیبی خانەنشینم، لە فەوجێکی سوپایی شایستەدا خزمەتم کردووە، لە بنەماڵەیەکی خانەدانی ڕەسەنم، ژیانم باشە، ئاتاجی هیچ شتێک نیم، لە هیچم کەم نییە. کار و کاسبییەکەم کە سوتخۆری و ئەمانەت فرۆشیە، بەلای پوورەکانەوە کارێکی بەڕێز و ئابڕوومەندانەیە. زۆریش بەدڵیانە. ئەم کیژە سێ دانە ساڵ بوو کە کۆیلایەتی ئەم پوورانەی دەکرد، وێڕای ئەوەش لە خوێندنی قوتابخانەدا دەرچووبوو، ئیدی وێڕای ئەو کارە قورسانەی ڕۆژانە دەیکرد، توانی بووی کات بۆ خۆی بدزێتەوە و دەرس بخوێنێت، ئەمە بۆ خۆی بەڵگەی زیرەکی و ورە بەرزی ئەو بوو! بەڵام چما من دەمویست زەماوەندی لەگەڵدا بکەم؟ جارێ با ئەمە بمێنێ بۆ دوایی، وێڵی بکە... مەگەر لەسەر ئەمە پەکمان کەوتووە؟بەکورتی ئەم کیژە دەرسی بە منداڵەکانی پووری دەوتەوە، پینە و پەڕۆی جلەکانی دەکرد، لەم دواییانەدا جگە لە جلی ژێرەوە شتی دیکەشی دەدروو. جگە لە جل و بەرگ، زەمینەی ژوورەکانیشی دەشۆرد، هەرچەندە تەنگە نەفەسیشی لەگەڵدا بوو: سەرباری ئەمەش جووتە پیرەژن ناوبەناو لێشیان دەدا و لەسەر هەر پارووە نانێک بیخواردبا سەرکۆنەیان دەکرد و دەیاندایەوە بەچاویا. کار گەییە ئەوەی کە بیر لە فرۆشتنی بکەنەوە... ئاخ با نەچمە ناو وردەکاریانی ئەم شتەوە. ئەم وردەکاریانە پاشان خۆی بەدوور و درێژی بۆی باسکردم. بەقاڵێکی قەڵەوی دراوسێیان هەبوو، یەکساڵی تەواو بوو چاوی تەماحی تێبڕی بوو. کابرای بەقاڵ، بەقاڵێکی ئاسایی نەبوو، دوو موغازەی هەبوو. تا نها سەری دوو ژنی خواردبوو. نها منەی ژنی سێیەمی دەکرد، بۆیە چاوی بڕیی بووە ئەم. دەیویست هەر چۆنێ بووە بیگاتێت.

دیارە کابرای بەقاڵ لە دڵی خۆیدا گوتوویەتی: " ئەمە کیژێکی باش و گوێڕایەڵە، بە هەژاری و نەداری ژیاوە، کە دەمەوێت بیخوازم، لە بەرخاتری منداڵە بێ دایکەکانم دەیخوازم؛ منداڵی بێ دایکی هەبوون.بۆیە پەلەی بوو؛ کاری خێر بەپەلە و کاری شەڕ بە تەگبیر. چوو قسەی لەگەڵ پوورەکانیا کرد. کابرا پەنجا ساڵ دەبوو. کیژێ ڕقی لێی بوو، خۆی لێدەدزییەوە. لەم ڕەوش و حاڵەدا بوو کە دەهاتە لای من تا پارەی بڵاوکردنەوەی ئاگادارییەک لە ڕۆژنامەی " دەنگ " دا پەیدا بکات. ئیدی لە پوورەکانی پاڕابووەوە کە کەمێک دەرفەتی بدەن تا بیرێ بکاتەوە. بەهەرحاڵ دەرفەتێکی کەمیان دابووێی، دەرفەتێک نابێت درێژە بکێشێت. جووتە پوور دەیانگوت: " ئێمە خۆمان نانی شەوێمان نییە، بەرگەی ئەوە ناگرین نانخۆرێکی دی ببێت بە شەریکی پارووی دەممان. " کابرای بەقاڵ هات بۆلای جووتە پیرەژن، پاکەتێک شیرینی و پەنجا کوپیکی بە دیاریی بۆ هێنابوون. کیژێی لە گەڵدا بوو. لوکریام کە لە مووبەقەکەدا بوو، گاز کرد . تکام لێکرد کە بڕوات بۆلای کیژێ و بەگوێیدا بچپێنێت کە من لەبەر دەرگا چاوەڕوانیم تا شتێکی زۆر بەپەلەی پێ ڕابگەیەنم. زۆر لەخۆم ڕازی بووم، دڵم زۆر خۆشبوو.

هەر لەوێدا، لەبەر دەرگا، لەبەردەم لوکریادا، لە کاتێکا کیژێ حەپەسابوو کە بۆچی لە دووم ناردووە، پێمگوت مایەی شادی و سەربەرزیە بۆ من… ناڕاستەوخۆ تێم گەیاند کە نابێ سەری لەم ڕەفتارەی من بسوڕمێ کە بەو ئاوایە هاتوومەتە خوازبێنی ئەو، پێمگوت: " من پیاوێکی سەرڕاست و ڕاستگۆم، من بیرم لە هەموو هەل و مەرجەکان کردووەتەوە. خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی خۆم بۆ کردووە. " ئەلهەقی کە پێم گوتبوو من پیاوێکی سەرڕاست و ڕاستگۆم درۆم لەگەڵی نەکردبوو. دەی ئەمە گرینگ نییە، وێڵی بکە. پێویستە ئەوەش بڵێم کە من نەک هەر زۆر بە ئەدەبەوە قسەم لە گەڵیدا کرد، بەڵکو زۆر خانەدانانەش دواندم و ئەمەش ئەسڵ و جەوهەری مەسەلەکەیە. یانی دان نان بەمەدا هەڵەیە، تاوانە؟ من دەمەوێت خۆم دادگایی بکەم و دەشی کەم. یانی هەم چاکەی خۆم بڵێم هەم خراپە. هەرواشم کرد. پاشان بە خۆشیەوە یادی ئەم بابەتەم کردەوە، هەرچەندە ئەمە کەرێتی بوو. من ئەوسا بە ڕاشکاوی و بێ هیچ شەرم و لە ڕوودامانێک پێمگوت کە هیچ بەهرەیەکم نییە، من پیاوێکی خۆپەرست و خراپم ( ئەو دەستەواژەیەی دوایم زۆر بەباشی لەبیرە، بەدەم ڕێوە بۆ ماڵی ئەوان " کیژەکە " ئامادەم کرد و زۆریش پێی قاییل بووم ) هەڵبەتە ڕەنگە زۆر سیفەت و تایبەتمەندی دیکەی خراپم هەبێت. بەجۆرە غروور و لەخۆبایی بوونێکی تایبەتیەوە هەموو ئەوانەم پێگوت. ئیدی خۆتان دەزانن کە ئەو جۆرە قسانە بە چ کەش و فشێکەوە دەوترێت. بەڵام دوای ئەوەی بەڕاشکاوی و ڕاستگۆیی و پیاوانە باسی خراپییەکانی خۆم کرد، ڕووی ئەوەشم هەبوو بێمە سەرباسی چاکیەکانیشم، بۆیە گوتم: " وێڕای ئەوەش ئەم سیفەت و ئەو سیفەتە باشانەشم هەن… " هەستمکرد هێشتا زۆر دەترسێت، بەڵام هەوڵم نەدا هێوری بکەمەوە

یان ترسەکەی بڕەوێنمەوە، بەپێچەوانەوە کە دیتم دەترسێت، بە ئانقەست ترسەکەیم زیاتر کرد و بەبێ هیچ لە ڕووداماڼێک گوتم: خەمی نانت نەبێت ، تێر بەسکی خۆت نان و خواردنت دەدەمێ... بە ئارەزووی خۆت نان دەخۆیت، بەڵام سەبارەت بە جل و بەرگ و ئۆپترا و شانۆ و ئاهەنگ و کەڕنەڤاڵی سەما بەهیچ جۆرێ، بەلای کەمەوە لە ئێستادا بەتەما مەبە. بەڵام لە ئایندەدا، وەختایەک بە ئاواتەکانی خۆم گەیشتم ڕەنگە ڕێگەت پێ بدەم. زۆرم کەیف بەم ڕاوێژە توندەی خۆم دەهات. هەنگێ بەبێ هیچ لە ڕووداماڼێک لە سەری ڕۆیشتم و گوتم کە من ئەم پیشەیەم، واتە ئەمانەت فرۆشیم هەڵبژاردووە، کە ئەم نووسینگەیەم کردووەتەوە، ئەوا هەل و مەرجی ژیانم وای خواستووە... ئامانجی خۆم هەبووە؛ هەقی خۆم بوو ئەو قسەیە بکەم: بەڕاستی ئامانجی خۆم هەبوو، ئامانجەکە لە دڵی خۆمدا بوو، ئیدی هەل و مەرجێکی تایبەتی ناچاری کردبووم ئەم کارە بکەم. بەیارمەتیتان! من بەخۆم یەکێک بووم، لە ژیانما لە هەموو کەسێکی دی پتر ڕقم لە کاری سوتخۆری و ئەمانەتفرۆشی بوو بەڵام... هەرچەندە سەیرە پیاو لە گەڵ خۆشیا بە ڕەمز و کینایە و مەتەڵ ئامێز قسان بکات، بەڵام دڵنیابن کە من دەمویست بەم کارەم " تۆڵە لە کۆمەڵگە بکەمەوە ". بەڵێ، بەڕاستی ئەو کارەم دەکرد! بۆیە ئەو تەشەرەی کە لە منی دابوو؛ گوتبووی وادیارە دەتەوێت تۆڵە لە کۆمەڵگە بکەیتەوە، برێک بێ ئینسافانە بوو. خۆ ئەگەر من ڕێک و ڕەوان، بە ڕاشکاوی بمگوتبا بەڵێ گەرەکمە تۆڵە لە کۆمەڵگە بکەمەوە، هەنگێ وەکو بەیانی پێم پێدەکەنی و بابەتەکە پووچەڵ دەبووەوە، بەڵام وەختایەک قسەکەم بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ وکینایە ئامێز کرد، توانیم سەرنجی ڕابکێشم. ئیدی لەو ساتەوە خەیاڵم ڕەحەت بوو و  هیچ ترسێکم لەدڵ نەما: چونکە دڵنیابووم هێندەی ڕقی لە بەقاڵە زەلامەکە بوو، ئەوەندە ڕقی لەمن نییە، بۆیە بوونی من لەبەر دەرگاکەی، بۆ ئەو وەکو فریاڕەس وابوو. ڕێوی بەپیرییەوە چووە. ئەوەم لەلا عەیان بوو. ئاخ... بەشەر چەند باش پەی بە هەردونیەت و نامەردیەک دەبات! بەڵام ئایا ئەو کارەی من کێمانی و نامەردی بوو؟ پیاو لەم حاڵەتەدا چۆن دەتوانێت قەزاوەت و داوەری بکات؟مەگەر من لەو دەمەوە خۆشم نەدەویست؟

بەڕێزینە، سەبرێکم لێبکەن، هەڵبەتە من هیچ ئاماژەیەکم نەکرد کە گوایە منەتی بەسەردا دەکەم، بەپێچەوانەوە وام نواند کە من منەتباری ئەوم نەک بەپێچەوانەوە. " ئەوەم وشە بە وشە بەگوێیدا دا، خۆم پێنەگیرا و ئەو قسەیەم کرد. وابزانم ئەوە حەماقەتێک بوو و من کردم. چونکە بۆ ساتێکی ڕەوتەنی، گرژییەکی بچووک نیشتە سەر ڕوخساری. بەڵام بەهەرحاڵ من سەرکەوتنێکی بنجبڕم بەدەست هێنا! بە یارمەتیتان، ئەگەر من بەو کارە ئەو هەموو فەرتەنە و کەلەجانەم ( جۆش و خرۆش ) نابووەوە، ڕێگەم بدەن با دوا حەقارەتی خۆیشم بگێڕمەوە. لە کاتێکا لەوێ، لەبەر دەرگاکە وەستابووم، لە مێشکی خۆما ئەم قسەیەم کاوێژ دەکردەوە و بەخۆمم دەگوت: " تۆ

کابرایەکی باڵابەرزیت، ڕێک و پێکیت، خوێنەوار و ڕۆشنبیریت، - نەبێت بەخۆ هەڵکێشان– قۆزیت. " بەڵێ ئەو شتانە لە بیر و لە خەیاڵمدا شەپۆلیان دەدا. ئەویش هەر لەوێ، لەبەر دەرگا ڕازی بوو و گفتی دا. بەڵام پێدڤیە ئەو ڕاستیەش بێژم: ماوەیەکی زۆر دەبیرەوە چوو، ئەوسا هەر لەوێ و لەبەر دەرگا گوتی: " باشە " هێندە زۆری پێچوو کە دەمویست بڵێم: ئێ؟ چ دەڵێیت؟ ئەوەبوو خۆم پێنەگیرا و بە کەش و فشەوە پرسیم: ئێ چ دەڵێیت؟ بەرسڤی دایەوە: سەبر بکە خەریکە بیر دەکەمەوە.

ڕوخسارە بچووکەکەی بەڕادەیەک جدی بووبوو کە دەمتوانی بڕیار و بیرکردنەوەی بخوێنمەوە! بەڵام وێڕای ئەوەش هەستم بەجۆرە نائومێدییەک کرد، لە دڵی خۆدا گوتم: " تۆ بڵێی بیەوێت لە من و لە کابرای بەقاڵ یەکێکمان هەڵبژێرێت؟! ئاخ... هەنگێ هێشتا هیچم نەدەزانی! تا ئێستاش شتەکەم بەلاوە لەگەز و مەتەڵە! لە بیرمە وەختایەک ڕۆیشتم لوکریا بە غاردان دووم کەوت، لە ڕێگا ڕایگرتم و گوتی: " خوا خێرت بنووسێت بەڕێز، کە خوازبێنی خانمە نازەنینەکەمانت کرد، دەتەوێت ڕزگاری بکەیت، بەڵام تۆخوا منەتی بەسەردا مەکە، مەیدەوە بەڕوویدا، چونکە زۆر نەفسی بەرزە.

نەفس بەرز و خۆپەسندە؟ منیش خەڵکانی نەفس بەرز و خۆپەسندم خۆش دەون. ئەو خەڵکانە بەشێوەیەکی گشتی خەڵکی باشن. بەتایبەتی کە پیاو گومانی لەوە نامێنێت کە کۆنترۆڵی کردوون، وایە؟ ئاخ لە دەست پیاو چەندکمە، چەند خەڵەفاوە! دەزانیت وەختایەک کە لەبەر دەرگاکە وەستابوو و بیری لەوە دەکردەوە کە گفتم بداتێ، چەند دڵبەندی بووم، خۆ لەوەشە لەو کاتەدا وای بیرکردبێتەوە: " وەختایەک قەراربێ کە بەدبەخت بم، باشتر نییە پیاوە خراپەکە هەڵبژێرم؟ یانی شوو بە بەقاڵە قەڵەوەکە بکەم، بەڵکو ئێ ڕۆژێ لە ڕۆژان بەدەم مەستیەوە بەربێتە وێژەم و هێندەم لێبدات تا دەمرم؟ ئێوە چ دەڵێن: تۆ بڵێی لەبەرخۆیەوە وای بیرکردبێتەوە؟

بەڵێ، من تا ئێستاش تێناگەم، تا نها ئەم مەتەڵەم بۆ هەڵنەهاتووە! من تۆزێ لەمە پێش گوتم لەگینە ئەو بیرەی بەمێشکا هاتبێت: کە لەنێوان خراپ و خراپتردا، خراپترەکە هەڵبژێرێت، واتا کابرای بەقاڵ هەڵبژێرێت... بەڵام ئاخۆ لەو دەمەدا کێهەمانی بەلاوە خراپتر بووە، من یان بەقاڵەکە؟

بەقاڵەکە یان سوتخۆر و ئەمانەتفرۆشەکە کە قسەی گۆتەی شاعیری بە نموونە دێنایەوە؟ تا ئێستاش ئەمەم بۆ پرسیارە! بەڵام چ پرسیارێک؟ دەی چ پرسیارێک؟ هێشتاش هیچ تێناگەیت؟ تۆ باسی پرسیارەکە دەکەیت، بەڵام وەڵامەکە لەسەر مێزەکەدا و لە بەردەمتدایە! تیا ماوم مەسەلەکە منم یان کەسێکی دیە؟ بەهەرحاڵ ئەمەم بۆ ساغ نابێتەوە، ئەم مەسەلەیە بەمن چارەسەر ناکرێت، باشتر وایە بڕۆم بخەوم، سەرم دێشێت...

نەجیبترین پیاوی دنیا، بەخۆیشی باوەڕی بە شتەکە نییە. خەوم لێنەکەوت، چۆن خەوم لێبکەوێت! هەستم دەکرد بەردەوام کوتەکێک بەسەرمدا دەکێشرێت. خۆزگە دەمتوانی بەهەموو ئەم شتانە ڕابێم. لەگەڵ ئەم هەموو قوڕا و پۆخڵەواتانەدا ڕابێم. ئاخ... قوڕاو! تەحا لەو قوڕاوەی ئەوم ( کیژەکە ) لێی دەرهێنا! دەبوایە ( کیژەکە ) لەوە حاڵی بوایە، قەدری ئەو کارەی منی زانیبا! حەزم دەکرد بیر لە هەندێ شتی دیکەش بکەمەوە، بۆ نموونە لەمە: من تەمەنم چل ساڵە و ئەو تەمەنی تەنیا شازدە ساڵە. ئەمەم، ئەم جیاوازی تەمەنەم زۆر پێخۆش بوو! هەست کردن بەم جیاوازیە زۆر خۆشە!

بۆنموونە من حەزم دەکرد، زەماوەندەکەمان بە " شێوە و ستایلی ئینگلیزی " بەرپا بکەین، واتا تەنیا هەردووکمان بین لەگەڵ دوو شایەدا کە لوکریا یەکێکیان بێت. پاشان یەکسەر سواری قیتار بین و بۆ نموونە بۆ مۆسکۆ بڕۆین ( هەڵبەتە لە مۆسکۆ کارێکم هەبوو دەبوایە جێبەجێی بکەم ) بچینە ئوتێلێک و هەفتەیە دووان بمێنینەوە و بگەڕێینەوە بەڵام ئەو ( کیژەکە ) ئەو بیرۆکەیەی ڕەتکردەوە، ئیدی من ناچاربووم بڕۆم بۆلای پوورەکانی – بەو حیسابەی خزم و کەس و کارێن و دەبوا لەوان خوازبێنی بکەم – ڕێز و سڵاویان عەرز بکەم، ئیدی بە قسەی کیژێم کرد، چوومە خزمەتی پوورەکان، عەرزی ڕێز و سڵاوم کرد. پوورەکان پێیان خۆشبوو. تەنانەت سەر و سەد ڕۆبڵم دانێ و بەڵێنم دانێ کە زیاتریشیان بدەمێ. من ئەو کارەم کرد و بە کیژێم نەگوت. بۆیە پێم نەگوت تا تەریق نەبێتەوە، لە پەرپووتی ژینگەکەی خۆی، هەستی بریندار نەبێت و بەخۆیدا نەشکێتەوە. پوورەکان لە جێوە نەرم بوون و لوتفێکی زۆریان نواند. قسە هاتەسەر جیازی: کیژێ تەقریبەن هیچی نەبوو، جلک و بەرگی نەبوو، بەڵام ڕازی بوو بەوەی جلک و بەرگی تازە نەکڕێت. هەرچۆنێ بوو ڕازیم کرد کە پێویست ناکات جیازی لەگەڵ خۆیدا بێنێت. ئەوسا تێم گەیاند خۆ نابێت بە جلکی کۆنەوە بە بووکی بچێت، پێمگوت خەمی نەبێت خۆم جیازی بۆ دابین دەکەم، چونکە کەسی دی نەبوو ئەو کارە بکات. بەهەرحاڵ لە سەرەتاوە هەندێک لەو بیروکانەی خۆمم پێگوت کە بەخەیاڵمدا هاتبوون، تا بەلای کەمەوە هەندێ شت دەربارەی من بزانێت. وادیاربوو لەم کارەدا سەرکەوتوو بووم. بەهەرحاڵ هەر لە سەرەتاوە، هەرچەندە بڕێک شەرمی دەکرد، بە لوتف و خۆشەویستیەوە ڕەفتاری لە گەڵمدا دەکرد، کە شەوێ لە سەر کار دەگەڕامەوە، بەخۆشحاڵییەوە پێشوازی دەکردم. بە زمانێک کە بە ئاستەم دەیگرت ( ئەو زمانگرتنەی زۆر بێگەرد و دڵگیر بوو ) باسی دەورانی منداڵی و گەنجایەتی خۆی و باب و داکی خۆی و ئەو شتانەی دەکرد. بەڵام من دەمزانی چۆن ئاو بەسەر ئاگری ئەم جۆش و خرۆش و کەلەجانەدا بکەم و ساردی بکەمەوە. لە

بنەڕەتیشدا هەر ئەوەم مەبەست بوو. بەبێدەنگی وەڵامی ئەو جۆش و خرۆشەیم دەدایەوە. هەڵبەتە بەبێدەنگیەکی موحتەرەمانە… لێ ئەویش زوو پەی بەو جیاوازییە برد کە لە بەینماندا هەبوو، ئیدی منیش بۆخۆم مەتەڵێک بووم لەو گۆڕە. منیش مەبەستم ئەوەبوو کە بۆ ئەو ببم بە لەگەز و مەتەڵ! لەوە دەچێت، لەبەر ئەوەی کە ئەو، ئەو مەتەڵە هەڵێنێت ، پەنام بردبێتە بەر ئەم گەمە گەوجانەیە! لە هەوەڵەوە زۆر لەگەڵیا سەختگیر بووم، هەر بەو سەختگیرییەوە هێنامە ماڵەوە. ئیدی ئەمە خۆبەخۆ بوو بە سیستەمی ماڵەکەم. ئیدی ئەو هەل و مەرجەی منی تیابووم ئەو سیستەمەی دەخواست، بەهیچ جۆرێ دەستی منی تێدا نەبوو. وێڵی بکە! با واز لەوە بێنین! باشە بۆچی بوختان بە خۆدا دەکەم؟ زۆر ڕەوشێکی باش بوو! بەڵام گوێ بگرن: کە مەسەلەکە بریتی بێت لە هەڵسەنگاندن و داوەری دەربارەی کەسێک، پێویستە داوەرییەکە لەسەر زانیاری تەواو دەربارەی ئەو کەسە ڕۆنرابێت… گوێ لەمن بگرن، لە کوێوە دەست پێبکەم؟ ئاخر سەرەتا زۆر زەحمەتە. کە مرۆڤ بیەوێت پاکانە بۆخۆی بکات، جۆرەها کۆسپ و ئالنگاری دێتە ڕێ. با ئەم نموونەیەتان بۆ بگێڕمەوە: گەنج پارە و پوولیان بەلاوە گرینگ نییە. من چیم کرد؟ یەکسەر فۆکەسم لەسەر ئەم مەسەلەیە کرد و فۆکەسی تەواوم خستەسەر پارە. هێندەم تەکەز لەسەر ئەمە کرد کە ئەو ڕۆژبەڕۆژ چۆیەوە قاوغەکەی خۆی. حایر و حەپەساو تەمەشای دەکردم، گوێی لێدەگرتم، بەڵام ورتەی لێوە نەدەهات. ئەمەش نموونەیەکی دیکە: گەنج حەزی لە پیاوەتی و جوامێری و خۆنواندنە. ئەویش ( کیژەکە ) جۆرە خۆنواندن و جوامێرییەکی تیابوو. بەڵام خوێن گەرم و کەم حەوسەڵە و پڕ کەلەجان، زوو رەنج بوو، هەرکە پێت گوتبا پشتی چاوت برۆیە، ئیدی دەغەنزری و بە ڕقەوە تەمەشای دەکردیت. بەڵام من حەزم لە ئارامی و سینگ فراوانی دەکرد، حەزم دەکرد فێری بینگ فرەهی و سەبری بکەم. حاڵی عەرزم هەن؟ نها نموونەیەکی سادە و بازاڕیتان بۆ دێنمەوە: بۆ نموونە من دەبوایە چۆن کار و کاسبیەکەی خۆمی، کە بریتی بوو لە سوتخۆری و ئەمانەتفرۆشی، بۆ ڕوون بکەمەوە؟ هەڵبەتە یەکسەر و ڕاستەوخۆ نەچوومە سەر بابەتەکە، دەنا مەسەلەکە بەو ئاوایە دەهاتە بەرچاو وەکو ئەوەی داوای بوردنی لێبکەم کە ئەو کار و کاسبیە دەکەم. بەڵام من جۆرە غروور و خۆپەسندییەکم نواند و تەقریبەن بەبێدەنگی و بە ئاماژە مەبەستی خۆم گەیاند. من لە هونەری قسەکردنا بەبێدەنگی مامۆستایەکی کارامە و لە زەبرم! لە هەموو ژیانمدا هەر بەبێدەنگی قسەم کردووە، لە ناخی خۆمدا تراژیدیای بێدەگیم جەڕباندووە، لەڵ تراجیدیای بێدەنگیدا ژیاوم… مەگەر هەرخوا بزانێت چەند نەگبەت و بەدبەخت بووم! هەمووان لێم دوور کەوتبوونەوە، تەنیا باڵ و لەبیرکراو، بەبێ ئەوەی هیچ کەسێک، ڕۆژێ لە ڕۆژان بەم حاڵەم بزانێت! نها ئەم کیژە شازدە ساڵانە، دوای ئەوەی هەندێ شتی لەلایەن خەڵکانی بێ ئابڕووەوە دەربارەی من بیست، وا وێنا دەکات هەموو شتێک دەربارەی من دەزانێت.بەڵام ڕازە ئەسڵەکە لە ناخی

مێردەکەیدا، کە خۆمم پەنهانە! من هەر بێدەنگ بووم، بەتایبەتی لەگەڵ ئەودا، تا دوێنێ هەر بێدەنگ بووم. چما بێدەنگ و کەمدوو بووم؟ چونکە کابرایەکی خۆپەسند و لەخۆبایی بووم. دەمویست ئەو بەخۆی بەدوور لە قسە و قسەلۆکی بودەڵە و خوێڕی و تۆڕی، یان بێئەوەی من هیچی بۆ بگێڕمەوە، بەخۆی هەوڵبدات کە بزانێت من کێم و چیم، بەتەواوەتی من بناسێت. وەختایەک لە ماڵەکەی خۆمدا پێشوازیم کرد، دەمویست قەدرم بزانێت،  و خۆی بە منەتبارم بزانێت و لەبەر خاتری ئەو ڕەنج و زەحمەتەی کێشابووم، لە هەنبەرمدا بوەستێت و دوعای خێرم بۆ بکات چونکە بەزیادەوە شایستەی ئەوە بووم.هەمیشە کەسێکی مەغروور و خۆپەسند بووم! هەمیشە یان هەموو شتێکم ویستووە یان هیچ شتێک! هەر لەبەر ئەم عادەتە سەبارەت بە شادمانیش، بەنیوە و نیوەچڵ قایل نەبووم، هەموو شادمانیم بێهیچ کەم و کەسرێک ویستووە. هەر لەبەر ئەمەش لەو کاتەدا ئەم جۆرە هەڵوێست و ڕەفتارەم دەگرتەبەر، یانی بڵێم: " بەخۆت، مەزەندە لێبدە و قەزاوەت بکە! " باوەڕ بکەن ئەگەر بەخۆم سەربهوردەکەم بۆ گێڕاباوە، شتێک لێرە و شتێک لەوێم بۆ گێڕاباوە، سەرەداوێکی دەست نەدەکەوت و وەکو ئەوە بوو سواڵی ڕێز و خۆشەویستی لێبکەم... ئەرێ بەڕاست ئەم قسانە چییە کە من دەیانکەم. چما دەیانکەم؟!

قسەی قۆڕە، بێ مانایە، ورێنەیە! ڕێک و ڕەوان، بێ هیچ پێچ و پەنایەک، بەڕاشکاوی و بێ هیچ مجامەلە و مدارایەک، بە دوو وشە پێمگوت کە خۆپەسندی گەنجایەتی زۆر باڵکێش و دڵگیرە، بەڵام تووڕێکی قوڕاوی نایەنێت. چما؟ چونکە بەئاسانی بەدەست دێت. زادەی جەڕباندنی ژیان نییە، دیاردەیەکی بەڕایی ژیانە. پێویستە بەدەم ژیانەوە، بەدەم ڕەنجدانەوە، سەیری مرۆڤ بکەین، پیاوەتی و جوامێرییەک زادەی ئەزموون نەبێت تووڕێکی قوڕاوی نایەنێت، هەرزانە، ئەگەر گیانی خۆتیشی لە پێناودا بەخت بکەیت هەر هیچ بایەخێکی نییە، چونکە هیچی ناوێت تەنیا سووکە کەلەجان و جۆش و خرۆشێکی گەنجانەی دەوێت، زیاتر زادەی تینوویەتیە بۆ جوانی و ئیستاتیکا. نا ئەمە ئازایەتی و جوامێری نییە. هەوڵبدە کارێکی دژوار بۆ خۆت هەڵبژێرە، کارێکی بێدەنگ، بەدوور لە هەر بریق و باق و هەرا و زەنایەک، کارێک کە بوختان و جنێوی بەگەڵ بکەوێت، قوربانی و فیداکاری گەورە بخوازێت، زەڕەیەک نێو و نێوبانگی بەدووودا نەیەت کارێک کە – زۆریش تیایدا سەرکەوتوو بیت – لەبەرچاوی خەڵکی وەکو بودەڵە ترین و ترسنۆکترین کەسی دنیا دەربکەویت، لە کاتێکدا لە هەمووان بوێرتر و شەریفترین بیت. ئامادەی ئەو کارە بکەیت، سووربی لەسەری و ژێوان نەبیتەوە؟ مەعلوومە کە ناتوانیت! من لە هەموو ژیانما باری کارێکی وەهام بەکۆڵەوە بووە.

کیژێ لە هەوەڵەوەی گەنگەشەی کرد، زۆر لە سەری دەڕۆیی! بەڵام پاشان بڕیاری دا کە بێدەنگ بێت. بەتەواوەتی بێدەنگ بوو. وەختایەک گوێی لە قسەکانم دەگرت، ئەبڵەق دەبوو، بەوپەڕی وریایی گوێی بۆ قسەکانم دەگرت، چاوانی ئەبڵەق، چ چاوانێک، درشت! و چ نیگایەک، ورد!...

وێڕای ئەوەش لە ناکاوا، بزەیەک نیشتەسەر لێوەکانی، بزەیەکی خامۆش کە بێباوەڕی پێوە دیاربوو، تەوسامێز بوو، لەبەر ئەو زەردەخەنەیە بۆ ماڵەکەی خۆمم هێنابوو، هەرچەندە هیچ شوێنێکی دیکەی نەبوو بۆی بڕوات...

( ٤ )

نەخشە و نەخشە

کێهەمان هەوەڵجار دەستی پێکرد؟

شتاقمان. نە من و نە ئەو. ئیدی شتەکە خۆبەخۆ دەستی پێکرد... پێشتریش ئەوەم گوت کە من ژیانی هاوبەشمانم بە سەختگیریی و زبری دەست پێکرد، هەر بەو نیازەش ئەو کارەم کرد، کەچی زۆری پێنەچوو دڵم نەرم بوو. هێشتا دەزگیران بووین، کە ئەرکی وەرگرتنی بارمتە و دانی پارە و قەرزم بەو سپارد، ئەوسا هیچ ئیعترازێکی نەبوو ( ئەم خاڵەتان لەبیر بێت ). نەک هیچی نەگوت، بەڵکو زۆر بەجدیش کەوتە کارکردن.

هەڵبەتە پێدڤیە ئەوەش بڵێم کە ماڵ و حاڵ و کەل و پەل و هەموو شتەکان بەدەقی خۆیانەوە مانەوە. ماڵەکەی من بریتی بوو لە دوو ژوور: یەکێکیان هۆڵێکی گەورە بوو کردبوومان بە نووسینگە و بەچەپەر بەشێکمان لێ جیاکردبووەوە و قاسەکەمان لەوێ بوو. ژووری دووەمیش هۆڵێکی گەورەیە کردبوومان بە ژووری نووستنی هەردووکمان. ناوماڵ و کەل و پەلەکانم زۆر هەژارانەیە، دەتوانم بڵێم کەل و پەل و موبیلمانی ماڵەکەی جووتە پوورەکەی لە ناو ماڵەکەی من زۆر پۆشتە و پەرداخترە. لەو هۆڵەی کە قاسەکەی تیایە؛ قاسەی قەرز پێدان، چەند ئەیکونە و چرایەک هەن. لە ژووری نووستنەکەدا کومەدییەک هەریە کە چەند کتێبێک و چەند دەستە جل و بەرگێکی تێدایە و کلیلەکەی بەخۆمە. جگە لە کۆمەدییەکە، تەختە خەوێک و مێز کورسیشی تێدایە. ئەوە هەموو کەل و پەلێکی ئەو ژوورە بوو. هێشتا هەر دەزگیران بووین بە دەزگیرانەکەم گوت بۆ نان وخواردن، خواردنی من و ئەو و لوکریا کە نها لەنک مە کاری دەکرد، ڕۆژانە تەنیا یەک ڕۆبڵ تەرخان دەکەم: هیچ ناڕەزاییەکی دەرنەبڕی. بەڵام من هەر لە خۆوە سی کوبیکی دیکەم بۆ پێداویستی ماڵەکە زیاد کرد. هەڵبەتە شانۆش لە ئارادا بوو. بە دەزگیرانەکەمم گوتبوو، هەرگیز بۆ شانۆ ناچین. بەڵام وێڕای ئەوەش ڕازی بووم مانگی یەک جار بچینە شانۆ، چوونێکی ماقوول، لە

شوێنێکی باشی هۆڵەکە جێگەمان دەگرت. پێکەوە دەچووین بۆ شانۆ. سێ جاران چووین، شانۆنامەی " پێشبڕکێی شادمانی " و شانۆنامەی " باڵندەێن نەغمەخوان " مان بینی. ( دەی گرینگ نییە، گوێ مەدەیە. ) بەبێدەنگی دەچووین و دەهاتینەوە، یەک قسەمان نەدەکرد، بەڵام بۆچی؟ چما لە یەکەم ڕۆژەوە بێدەنگیمان هەڵبژارد؟ لە سەرەتاوە هیچ شەڕ و قەرقەشەیەک لە نێوانماندا ڕووی نەدا.

لە هەوەڵەوە هیچ شەڕێکمان نەبوو، وێڕای ئەوەش بێدەنگی باڵی بەسەردا کێشاین. لە بیرمە کە چۆن ژێراوژێر و بەبێدەنگی تەمەشای دەکردم، منیش کە ئەمە لێبینی، هێندەی دی بێدەنگ بووم. ئەوەی ڕاستی بێت من پێداگریم لەسەر بێدەنگی دەکرد نەک ئەو. یەک دوو جار هاتە جۆش و تەکانی دا کە خۆی لە ئامێزم باوێت و دەست لە ملم بکات و ماچم بکات. بەڵام زۆر بە سارد و سڕی باوەشم بۆ گرتەوە، چونکە جۆش و خرۆش و هەڵچوونەکەی بڕێک هیستریایی بوو و، من عەوداڵ و تامەزرۆی خۆشەویستیەکی ڕاستەقینە و پڕ ڕێز و تاسە شکێن بووم. هەڵبەتە نەهەقم نەبوو، چونکە هەموو جارێ، ڕۆژی دوای ئەم جۆش و کەلەجانە شەڕ و فەڕتەنە دەستی پێدەکرد.

مەبەستم... هەڵبەتە شەڕ، شەڕی ڕاستەقینە نا،بەڵکو بێدەنگیەکەی نێوانمان خەست تر دەبوو، ئیدی هەردووکمان منەتمان بەسەر یەکدیدا دەکرد، مۆنمان لێکدی دەکرد، لەیەکدی یاخی دەبووین، ئەم خەسڵەتەی تیابوو. بەڵام نەیدەزانی چۆن دەری ببڕێت، پراکتیزەی بکات. بەڵێ، ئەو کیژە نازەنین و نەرم و نیان و گوێڕایەڵە بەرەبەرە گۆساخ و گۆساختر ( ڕوودار ) دەبوو. تەنانەت وای لێهات دەی بوغزاندم، باوەڕ دەکەن؟ بەچاوی خۆم ئەوەم دەبینی، هەستم پێدەکرد. هەڵبەتە گومان لەوەدا نەبوو کە هەندێجار لە سۆنگەی ئەم هەڵچوونەوە، دەهری دەبوو. ئاگای لەخۆی نەدەما. بەڵام کیژێک کە لە قوڕاو و سیاناوێکی وەکوی ئەوەی تیای بوو، لە کوێرەوەری ژوور شۆردن، دەرباز بووبێت، هەقە مەمنوونی بەختی خۆی بێت یان گلەیی ئەوە بکات بۆچی بێنەواین، هیچمان نییە؟!هەڵبەتە هەژار و نەدار نەبووین، بەڵکو دەستمان دەگرتەوە، پاشەکەوتمان دەکرد. نەدار نەبووین، قەناعەتمان دەکرد، ئەویش تەنیا لە هەندێ شتدا. دەنا لە زۆر شتی وەکو پاک و خاوێنی و بەخۆڕا گەیشتن و جلی ژێرەوە بێ دڵی خۆمان نەدەکرد. من پێش ژن هێنانیش قەناعەتم وابوو حەزدەکەن شووەکانیان پاک و خاوێن بن، بەڵام من لاموایە گلەیی و گازنی ئەو لە بێنەوایی و نەداری نەبوو، بەڵکو لەوە قەڵس بوو کە من لە کار و کاسبیەکەمدا زۆر بە پاشەکەوت و دەست نووقاو بووم. لە دڵی خۆیدا دەیگوت: وادیارە ئەم ماستە موویەکی تێدایە. ئەمە کابرایەکی بەد تەبیعەتە. لەناکاوا چوونە شانۆی تەرک کرد. تانە و تەشەری بەردەوام زیاد و زیاتر دەبوو... منیش لەلای خۆمەوە پتر درێژەم بە بێدەنگیەکەی خۆم دا.

باشە پێویست بەوە هەبوو عوزرخوایی بکەم؟ مەسەلە سەرەکییەکە کار و کاسبیەکەی من بوو. بە یارمەتی ئێوە، با ئەوەتان پێ بڵێم کە: من ئەوەم دەزانی کە ژن – با تەمەنیشی شازدە ساڵان بێت – نابێت لە ئەمر و ڕای پیاوەکەی دەربچێت. ژن بە تەبیعەت ئەهلی دەست پێشکەری نین، ئەمە پرەنسیپێکە چەند و چوون هەڵناگرێت. تا ئەمڕۆکەش و تەنانەت تا ئەم ساتەش، ئەم قسەیە بە پرەنسیپێکی نەگۆڕ دەزانم!

گرینگ نییە، نها لە هۆڵەکەدا چ شتێک لە ئارادایە، با ئەو خۆی کوشتبێت و درێژاودرێژ لەسەر مێزەکە کەوتبێت، چ فەرقێ دەکات؟ حەقیقەت هەر حەقیقەتە، تەنانەت جون ستوارت مل – ش هیچی لەدەست نایەت!ئەگەر ژنێک عاشق بێت، بەڵێ ئەگەر ژنێک عاشق بێت، تەنانەت کێماسیەکانی ئەو پیاوەشی خۆشی دەوێت، کە خۆشی دەوێت. پاساو بۆ نەرێنی یەکانیشی دێنێتەوە، تەنانەت ئەگەر پیاوەکە بەخۆیشی نەیتوانی بێت پاساوی بۆ نەرێنیەکانی خۆی هێنابێتەوە، ژنەکە پاساوی بۆ دێنێتەوە.بەڵێ، ئەمە کەرەم و جوامێری و گەورەییە، بەڵام داهێنان و دەست پێشکەری نییە، ئەوەی کۆڵەی ژنی کوتاوە، بێ شەخسیەتیە، نەبوونی داهێنان و ئافراندنە. جارێکی دی و دووبارە دەیڵێمەوە، ئەوەی نها لە هۆڵەکەدا لە ئارادایە هیچ بایەخێکی نییە، مەبەستم جەنازەکەی سەر مێزەکەیە. ئایا ئەم جەنازەیە نیشانەی بەهێزی شەخسیەتە، دەتانەوێت بڵێن کارێکی داهێنەرانە بووە؟ نەخێر، واز لەو قسەیە بێنن!

گوێ بگرن، من ئەوسا ئەرخایەن بووم کە خۆشی دەویستم. باشە خۆی نەداوێشتە ئامێزم تا دەست لە ملم بکات؟ کەواتە خۆشی دەویستم، یان بە گوتەیەکی دی دەیویست خۆشی بوێم. بەڵێ، هیچ عەیبێ لەم کارەدا نەبوو، تا پەڵپ و بیانوو بگرێت و بیەوێت داپۆشێت. ڕەنگە بڵێن کار و پیشەکەت ئەمانەتفرۆشی و سوتخۆری بووە. جا چ قەیدیە؟ هەڵبەتە ئەمەش هۆی خۆی هەیە، هەندێجار ناچاری ئابڕوومەندترین مرۆڤ ناچار بکات ببێت بە سوتخۆر و قەرز لە بری بارمتە بدات بە خەڵکی. گوێ بگرن خوێنەرانی ئازیز: هەندێجار هەندێ بیر یان بیرۆکەیەک هەیە ئەگەر بهێنرێتە زمان و دەربڕین زۆر گەوجانە دێتە بەرچاو؛ تەنانەت خاوەنەکەشی شەرمەزار دەبێت و شەرم لەخۆی دەکات، دەنگدانەوەی گوێچکە ئازار دەدات. لەگەڵ ئەوەشدا حەقیقەتە. بەڵام هەموومان درۆ دەکەین و حەقیقەتمان بەلاوە تاڵە، یان ڕەنگە سەدەمێکی دیکەی هەبێت و من پەی پێنەبەم! بەهەرحاڵ من تۆزێ لەمە پێش بەخۆمم گوت، ئابڕوومەندترین مرۆڤی دنیا، مایەی پێکەنینە، بەهەرحاڵ ئەوە حەقیقەتە، حەقیقەتێکە ئاو لێڵ ناکات، هێچ چەند و چوونێک هەڵناگرێت! بەڵێ، بەهەرحاڵ من هەقی خۆم بوو بۆ ئەوە لەو ئاستەنگ و تەنگژەیەی تێی کەوتبووم دەرباز بم، نووسینگەی ڕەهن و ئەمانەتفۆشی بکەمەوە. بەڵام ئێوە، ئەی مەعشەری بەشەر تڕۆتان کردم

قسەتان لێدابڕیم. ڕووتان لێوەرگێڕام، بەبێدەنگی خۆتان ئازارێکی ئەوتۆتان دام کە بە عەمراتم بیرم نەچێتەوە. ئیدی هەقی خۆم بوو بۆ پاراستنی خۆم دیوارێک لەنێوان ئێوە و خۆم هەڵچنم، سێ هەزار ڕۆبڵ پێکەوە بنەم بڕۆم بۆ دەڤەری قرم و لە کەناراوەکانی باشوور یان لە کۆجارەکاندا، بەو پارەیە، بەو سی هەزار ڕۆبڵە ڕەزێک بکڕم و باقی تەمەنم لەوێندەر دوور لە ئێوە، بێ هیچ بوغز و کینەیەک باقی تەمەنم ببەمە سەر، ئیدی ژن و منداڵەکانم، ئەگەر خودا منداڵی پێبەخشیم لەگەڵ خۆدا ببەم، حەز دەکەم بەو ئاوایە بژیم و یارمەتی جووتیارەکانی دەوروبەریشم بدەم. هەڵبەتە هەموو ئەم شتانە تا ئەو کاتە باش و جوانن کە لە زەین و دڵی خۆدا بیانڵێم، هەرکە بەدەنگی بەرز بیانگێڕمەوە سیحریان بەتاڵ دەبێتەوە، دەبێتە گەوجە گەوج. ئیدی سەدەمی بێدەنگیە پڕ غرووڕەکەمان ئەمە بوو. بۆیە بەبێدەنگی دەژیاین. وا قسەشمان کرد ئەو چ شتێک حاڵی دەبوو؟ تەمەنی شازدە ساڵ بوو، لە هەڕەتی لاویدا بوو، مەگەر لەو تەمەنەدا دەیتوانی هیچ شتێک لە حەقانیەتی من و ئەو ڕەنجەی کە کێشابووم حاڵی ببێت؟ مرۆڤ لەو تەمەنەدا ساویلکەیە، لە ژیان حاڵی نییە، خەیاڵی خاوە، دڵی، دڵە زێڕینەکەی وەکو زەڕنەقووتە، بچووکە ئاگای لە عەمری دنیا نییە. مەسەلەی بنەڕەتی کارەکەی من بوو، کاری سوتخۆری و ئەمانەتفرۆشی، قاسەکەی من بوو! ( باشە من لەم دووکانەدا خراپەکاریم دەکرد، سوتخۆرێکی بێ ویژدان بووم؟ مەگەر بەچاوی خۆی نەیدەبینی هەر شڕ و شیتاڵێکیان دەهێنا لێم وەردەگرتن و قەرزێکی باشم دەدانێ؟ ) ئاخ حەقیقەت لەم دنیایەدا چەند تاڵە! حەقیقەت زۆر ترسناکە! ئەم کیژە جوان و نازەنینە، ئەم فریشتەی ئاسمانە، فریشتەی عەزابی ڕوحی من بوو، زاڵمێکی یەجگار زاڵم و جەفاکار بوو، عەزابێکی دەدام لە تەحەمولی هیچ بەنی بەشەرێکدا نەبوو!من ئەگەر ئەمە نەڵێم خوا دەمگرێت، دڵم شەق دەبات! لاتان وایە کە خۆشم نەدەویست؟! کێ دەتوانێت بیسەلمێنێت کە خۆشم نەدەویست؟ ئیدی ئەوە گاڵتەجاڕیەکانی قەدەر و تەبیعەتە! گەمەی نامەردانەی زەمانەیە! ئیدی نەفرەت لە ژیانی بەشەر نابێتەوە، نەفرەت قەدەر و چارەنووسی ژیانی هەموو تیرەی بەشەرە! بەتایبەتی ژیانی من! ئێستا بۆم دەرکەوتووە کە هەڵەی من لە کوێدا بووە! شتێکی ئاوارتە لە ئارادایە. هەموو شتێک خویا و ئاشکرا بوو، نەخشەکەم وەکو ڕۆژی ڕوناک دیاربوو: " تووڕە و ترۆم، قسە ڕەقم، خۆپەسند و لە خۆبایی، خاتری کەسم لەلا نییە، بەبێدەنگی ئازار دەکێشم. " ئیدی ئەوە حاڵ و حیکایەتەکە بوو، درۆم نەکردبوو! هەرگیز درۆم نەکردبوو!لە دڵی خۆدا دەمگوت: " بەخۆی دەبینێت و تێدەگات کە هەموو ئەم شتانەم لە جوامێرییەوەیە، بەڵام نەیتوانی پەی بەوە ببات، تێنەدەگەیشت. خۆ ئەگەر بەقەد نووکە دەرزییەک لێم حاڵی بوایە، هەنگێ دە قات قەدری دەزانیم و لەبەردەمم دا چۆکی دادەدا و دەستە و نەزەر دوعای خێری بۆ دەکردم. " نەخشە و پلانەکەی من ئەوە بوو. بەڵام من شتێکم لەبیر چوو، یان نەهاتە بەرچاوم. شتێک هەبوو نەمتوانی بە دروستی ئەنجامی بدەم. دەی

باشە، بەسە. ئێستا داوای بوردن لە کێ بکەم؟ تەوازی بۆ کێ بێنمەوە؟ هەموو شتێک تەواو بووە. تەواو. نها مەرد و ڕەند، سەرت بەرز بگرە! تۆ هیچ خەتایەکت نییە!...

من حەق و حەقیقەت دەڵێم و؛ لەوە ناترسم ڕووبەڕووی حەقیقەت ببمەوە: ئەو ( کیژەکە ) خەتابار بوو! خەتابار خۆی بوو.

( ٥ )

نازلی، یاخی دەبێت

شەڕەکە لێرەوە دەستی پێکرد، چونکە نازلی لە ناکاوا هات بەسەریا کە بە کەیفی دڵی خۆی قەرز بەو کەسانە بدات کە شتیان بۆ دێناین و دەیانخستە ڕەهنەوە، تەنانەت دوو قاتی نرخی شتە ڕەهنکراوەکانی دەدا بە خاوەنەکانیان. هەر بەوەشەوە نەوەستا، بگرە لە سەر ئەو بابەتە عینادیشی لەگەڵ مندا دەکرد. ئیدی لەم کەین و بەینەدا بوو کە مەسەلەی ژنەکەی کاپتن ( نەقیب ) هاتە ئاراوە...

ڕۆژێک پیرەژنێک کە ژنی کاپتن بوو، ملوانکەیەکی هێنا تا بیخاتە ڕەهنەوە ( بارمتە ) ملوانکەکە دیاریی ڕەحمەتیەکەی میردی بوو... ئەمە وەکو دەزانن دیاری بوو. ئیدی سی ڕۆبڵم بە قەرز دایێ. پیرەژنی تاین کەوتە لاڤە و پاڕانەوە کە ئاگامان لە ملوانکەکەی بێت. هەڵبەتە ئاگامان لێی دەبوو. بەکورتی ئەمە تێپەڕی و دوای پێنج ڕۆژان دووبارە سەروکەللەی پیرەژن پەیدا بووەوە و موچەوانەیەکی ( بازن ) هێنابوو هەر هەشت ڕۆبڵانی دێنا تا لە جیاتی ملوانکەکە دایبنێت. هەڵبەتە قاییل نەبووم. وادیاربوو شتێکی لەچاوی ژنەکەمدا خوێندبووەوە. ئیدی ڕۆیی و جارێکی دی کە من لە دووکان نەبووبووم، ژنەکەم ملوانکەکەی دابووەوە و بازنەکەی لێوەرگرتبوو.

هەر ئەو ڕۆژە بە مەسەلەکەم زانی چووم بە ڕاوێژێکی نەرم، بەڵام تووند و بنجبڕ چەند قسەیەکم لە گەڵیا کرد تا بیهێنمەوە سەر ڕێگەی ڕاست. لە قەراخ تەختە خەوەکە ڕۆنیشتبوو، سەیری ئەرزەکەی دەکرد، نووکی پێڵاوەکەی پێی ڕاستی لە فەرشەکە دەسوو، ئەوە عادەتی بوو. بزەیەکی تەوسامێز نیشتبووە سەر لالێوی. هەڵبەتە دەنگم بەسەریدا بەرز نەکردەوە، بەڵکو زۆر بەهێمنی تێمگەیاند کە پارە " پارەی منە "، هەقی خۆمە بە کەیفی دڵی خۆم بکەم و بژیم. خۆ کە هێنامیش بۆ ماڵەکەی خۆم هیچ شتێکم لێنەشاردەوە. هەرکە گوێی لەو قسەیەی من بوو لە ناکاوا ڕاپەڕی و هەستایە سەر پێیان، کەوتە لەرزین، ڕێک لە حەیوانێکی هۆڤی دەچوو کە پەلامار درابێت! حەپەسام. قەت وێنام نەدەکرد بەو ئاوایە توورە ببێت. وێڕای ئەوەش کۆنترۆڵی خۆم لە دەست

نەدا، هیچ حەرەکەیەکم نەکرد. دووبارە و بەهەمان ڕاوێژی نەرم پێمگوت چیتر ڕێگەت نادەم کە خۆت لە کارەکانم هەڵقورتێنیت. قاقایەکی بەڕووما دا و لێیدا و ڕۆیی.

ئەلهەقی بۆی نەبوو ماڵەکە بەجێ بێڵێت. مافی ئەوەی نەبوو بەبێ من بۆ هیچ کوێ بڕوات. لە یەکەم ڕۆژی خوازبێنیەکەوە ئەوە قەول و قەرارمان بوو کە بەبێ من بۆ هیچ کوێ نەڕوات. دەمەو ئێوارە هاتەوە. هیچم نەوت.

سبەیش لە ماڵ دەرچوو. هەروەها دوو سبەیش. دووکانەکەم داخست و چووم بۆ ماڵی پوورەکانی. هەرکە کیژێم گواستەوە ئیدی پەیوەندیم بە تەواوەتی لەگەڵ پوورەکانیدا بڕی بوو، نە من هات و چۆم دەکردن و نە ئەوان سەردانی منیان دەکرد. ئیدی لەوێ بۆم دەرکەوت کە نەچووبوو بۆلای پوورەکانی. ئەوان بە کونجکاوی گوێیان لە هەموو قسەکانم گرت.بگرە پێشم پێکەنین و بەڕاشکاوی پێیان گوتم: " مستەهەقیت! " باوەڕم نەدەکرد بەو ئاوایە گاڵتەم پێبکەن. هەر لەوێ دەمی پوورە بچووکەکەیم، واتە - قەیرە کچەکە – یانم چەور کرد، بە سەد ڕۆبڵ نەرمم کرد، لە پێشەوە بیست و پێنج ڕۆبڵم دایێ. دوای دوو ڕۆژ قەیرە کچەکە هات و پێی گوتم: " دەستی ئەفسەرێک بەنێوی یەفیموفیچ، کە لە سوپادا لەگەڵ خۆتدا بووە، لەم کارەدایە. "

کە گوێم لەو قسەیە بوو، شۆک بووم. ئەم یەفیموفیچە لە سوپادا، سەریەشەی دنیای بۆ دروست کردبووم. ڕووداری و بێ شەرمی گەیاندە ڕادەیەک کە مانگێک لەوە پێش دووجار بە هەنجەتی ئەوەی دەیەوێت شتم لەلا بخاتە ڕەهنەوە و بڕە پارەیەکم بە قەرز لێوەربگرێت، دووجار هاتە دووکانەکەم.لە بیرمە کە خەریک بوو سوعبەت و شۆخی لەگەڵ ژنەکەمدا دەکرد. ئیدی یەکسەر لێی چوومە پێشەوە و پێمگوت کە جارێکی دی پێ نەبێتە ماڵەکەم، خۆ ئەگەر ئەو کارە بکات ئۆباڵی لە مل خۆی، بەڵام هیچ گومان و دڵپیسییەکم لەلا دروست نەبوو، لە دڵی خۆدا گوتم هیچ نییە کابرایەکی ڕووداری خوێڕییە، تا ئەوە بوو پوورە خان خەبەری بۆ هێنام کە گوایە یارۆی ئەفسەر ژوانی لەگەڵ ژنەکەمدا هەیە. گوایە دەلالی ئەم کەین و بەینەش کۆنە ئاشنایەکی ئەو پوورەی دیکەیە، کە خۆیشی بێوەژنە و ناوی ژولیا سامسونوفنایە، مێردەکەی کولونێل بووە. پوورە قەیرەکە پێی گوتم: " ژنەکەت هات وچۆی ئەو بێوەژنە دەکات. "

جا سەرتان نەیەشێنم، بە کورتیەکەی سێ سەد ڕۆبڵم لەسەر ئەم مەسەلەیە دانا، بەڵام دوای دوو ڕۆژ دەرفەتی ئەوەم بەدەست هێنا کە کاتێ ژنەکەم دەچێتە ژوانی یەفیموفیچ و بۆ یەکەمجار لە ژوورێکا یەک دەگرن، من لە ژوورێکی تەنیشت ئەو ژوورەی ئەوان خۆم مەڵاس بدەم و گوێ بۆ

قسەکانیان بگرم. ڕۆژێک بەر لە ژوانەکەی ئەوان، سووکە شەڕێکم لەگەڵ ژنەکەمدا بوو، کە بەلای منەوە گرینگ نەبوو.

دیسان ڕۆیی و دەمەوئێوارە هاتەوە، لە قەراخ تەختە خەوەکە دانیشتبوو، بە تەوسەوە تەمەشای دەکردم، نووکی پێڵاوەکەی لە فەرشەکە دەچەقاند. تەمەشام دەکرد، لە پڕ ئەو بیرۆکەیەم بە مێشکدا هات کە نزیکەی یەک مانگە بە تەواوەتی گۆڕاوە، ڕێک بە پێچەوانەی جارانەوەیە: بووە بە بەشەرێکی ڕکونی، یاخی، شەڕانی، ناڵێم ڕوودار، بەڵکو دەڵێم گوساخ. بووبوو بە کەسێکی بیانووگر، شەڕ فرۆش. بەڵام ئەدەب و گوێڕایەڵیەکەی کەمێک جڵەوی دەگرت. وەختایەک ئەم جۆرە خەڵکانە یاخی دەبن، چەندیش یاخی بن بەشی ئاشتی دەیەڵنەوە و پێ لە بەرەی خۆیان زیاتر ڕاناکێشن، پیاو هەست دەکات، ئەمە تەبیعەتی خۆی نییە. زۆر لەخۆی دەکات تاقە بەربەستێک کە ناتوانێ بیشکێنێت، هەمان شەرم و شکۆی خۆیەتی. نازانم چ سرێک لەم جۆرە بەشەرانەدایە کە وەختێ دەکەونە سەرکێشی، بەڕادەیەک یاخی دەبن کە پیاو ناتوانێت باوەڕ بە ڕەفتاریان بکات؛ بەهیچ جۆرێ ناچێتە عەقڵەوە. بەڵام کەسێک کە ئەهلی فسق و فجوڕ بێت، هەمیشە هەوڵدەدات هێدی و هێمن بنوێنێت. دەزانێت چۆن لە سایەی شەرم و شکۆ و گوێڕایەڵیدا، بێ ئەدەبی و داوێن پیسی خۆی بشارێتەوە و بەو هەڵوێستە خۆی بە سەرتدا بنوێنێت.

لە ناکاوا ژنەکەم هەڵیدایە و بە چاوانی ئەبڵەقەوە گوتی:- ئەرێ دروستە لەبەر ئەوەی لە دوئێل ترساویت لە سوپا دەریان کردوویت؟

- ڕاستە، بەگوێرەی دادگاییەکی سوپایی داوام لێکرا کە لە سوپا دەرکەوم، هەرچەندە خۆم پێشتر داوام کردبوو تەسریح بکرێم.

- کەواتە لەبەر ترسنۆکی دەریان کردبوویت؟

- بەڵێ، ئەوەیان بە ترسنۆکی لە سەرم تۆمار کرد. بەڵام کە ڕاستیا من لە ترسا دوئێلەکەم ڕەفز نەکرد، بەڵکو لەبەر ئەوە بوو کە نەمدەویست ملکەچی یاسا و ڕێسا زاڵمانەکانی ئەوان ببم. نەمدەویست لە خوت و خۆڕایی داوای دوئێل لە کەسێک بکەم کە هیچ بێ ڕێزییەکی دەرهەق بەمن نەکردووە.

ئیدی جڵەوی خۆم پێنەگیرا و گوتم:- دەزانی چییە؟ ڕەفز کردنی ئەم جۆرە زوڵم و زۆرە و تەحەمولکردنی هەموو ئاکامەکانی زۆر جوامێرانەتر و دلێرانەترە لەوەی بڕۆیت لە دوئێل دا بەشداری بکەیت.

زۆر تووڕە بووبووم، وەکو ئەوە بوو بمەوێت بەو ڕستەیە پاکانە بۆ ڕەفتار و هەڵوێستی خۆم بکەم. هەڵبەتە ئەویش ئەمەی دەویست. دەیویست بەشێوازێکی تازە بم بوغزێنێت و بێ ڕێزیم پێبکات. ژارخەنێکی بەڕوومدا دا و پرسی:- باشە ڕاستە کە دوای سێ ساڵ وێڵ و سەرگەردان بە شەقامەکانی پترسبورگدا دەسوڕایتەوە سواڵت لەم و لەو دەکرد و شەوان لە ژێر مێزی بلیاردا دەنووستیت؟

-بەڵێ لە بازاڕی عەلوەکە، لە ماڵی فیازیمسکی دەخەوتم. ئەمە ڕاستە. دوای دەرچوونم لە سوپا، ماوەیەکی زۆر بە ڕیسوایی و سەرگەردانی و هەژاری ژیام، بەڵام هیچ کارێکی بێ ڕەوشتیم نەکرد. چونکە لە هەموو کەس زیاتر ڕقم لە کاری بێ ڕەوشتی بوو. بەڵام تەنیا عەقڵ و ئیرادەم کەمێک سست بووبوو، ئەمەش لەبەر ئەو هەل و مەرجە نالەبار و خەمناکە بوو کە تێی کەوتبووم. بەڵام ئەمە ڕەوشێک بوو ڕۆیی و بڕایەوە...

- بەڵێ!... نها کەسێکی بەشەخسیەت و شایستەیت، ئەهلی کار و کاسبی و داراییت!

ئەمە تانە و تەشەر بوو کە کارەکەم، ئاماژە بوو بۆ ئەوەی کە گوایە سوتخۆر و ئەمانەتفرۆشم. بەڵام ئیدی بەسەر خۆدا زاڵ بووبووم. دیار بوو ئەو تینووی هەندێ زانیاری بوو تا بتوانێت لەو ڕێگەیەوە سووکایەتی و حەقارەتم پێبکات. بۆیە منیش هیچ زانیاریەکم پێنەدا. ئیدی خۆم وشانسم لەو کاتانەدا، مشتەریەک زەنگی لێدا و چووم بۆ هۆڵەکە تا پێشوازی بکەم و کارەکەی ڕایی بکەم. دوای سەعاتێک ژنەکەم خۆی گۆڕی تا بچێتە دەرەوە، لە ناکاوا لە بەردەممدا چەقی و گوتی:- باشە چما بەر لە زەماوەندەکەمان ئەمانەت بۆ نەگێڕامەوە؟

وەڵامم نەدایەوە و ئەویش ڕۆیی.

بۆ سبەی، من لەو ژوورەدا، خۆم مەڵاس دابوو، گوێم بۆ ڕاز و نیازی وان دەگرت، دەمانچەکەم نابووە بەرکم، چاوەڕوان بووم بزانم قەدەر چیم لە چارە دەنووسێت. خانم خۆی لە تەل دابوو و لە پشت مێزێکەوە دانیشتبوو. یەفیموفیچش لە هەنبەریدا هانکە هانکی بوو. چی ڕوویدا ؟ ڕێک ئەوە ڕوویدا کە پێشبینیم دەکرد. من ئاگام لەخۆ نەبوو، نازانم توانیم، لە مەبەستی خۆمتان حاڵی بکەم یان نا.

نها بویەر و بەسەرهاتەکەتان بۆ دەگێڕمەوە. یەک سەعاتی تەواو گوێم هەڵخست، بەچاوی خۆم ململانێی و شەڕی نێوان دوو کەسی جیاوازم بینی، ململانێی نێوان ژنێکی نەجیب و ئابڕوومەند و پیاوێکی بودەڵە و گەندەڵ و فاسق و نەفس نزم. حایر و حەپەساو لە دڵی خۆمدا دەمپرسی: " باشە ئەم ژنە ساویلکەیە، ئەم ژنە نازەنینە، ئەم ژنە گوێڕایەڵە، ئەم ژنە بێدەنگ و کەم دووە ئەم

ئەدا و ئەتوارانە لە کوێوە فێر بووە؟ کارامەترین و لە زەبرتین کۆمیدینووس، نەیدەتوانی دیمەنێکی ئەوەندە خەیاڵی و کۆمیدی و پێکەنیناوی وەسف بکات یان بنووسێت. مەگەر هەرخوا بزانێت ئەم ژنە چۆن زمانی پڕابوو، چەند بە ڕەوانی و بێگرێ دەدوا، چەند زیرەکانە و بلەز، وەڵامی پرسیارەکانی دەدایەوە! چ داوەرییەکی دروستی بۆ شتەکان دەکرد. لە هەمان کاتدا، وەکو کیژێکی بێگەرد و دڵپاک و تەنانەت بێ شێلە و بێلە دەهاتە بەرچاو. پڕبەدڵ بە ڕووبینی و مجامەلە عاشقێنیەکانی بەرانبەرەکەی پێدەکەنی. جەنابی کاپتنش بەو نیازە هاتبوو بۆ ئەوەی کە ڕووبەڕووی هیچ مقاوەمەت و ناز و نوزێک نەبێتەوە، کەچی هەموو ئەو خەیاڵپلاوەی کەڕووی هەڵهێنا. لە هەوەڵەوە وام وێنا دەکرد ئەو هەڵوێستانەی ئەم کیژە دەینواند، تەنیا ناز و عێشوەی ئافرەتێکی بەدکاری زۆرزانە و دەیەوێت خۆی گران بگرێت؛ بەڵام نا، حەقیقەت وەکو هەتاو دەدرەوشایەوە. هیچ گومانێکی هەڵنەدەگرت. تومەز تەنیا لە ڕقی من، کە ڕقێکی نەهەق و لەخۆڕایی بوو، لە ساویلکەیی و بێ ئەزموونی خۆیەوە ئەم دیدارەی ڕێک خستبوو. بەڵام کە هاتەسەر ئەنجامدانی فیعلەکە، یەکسەر چاوی کرایەوە و پەی بە حەقیقەت برد. تەنیا یەک شتی لەبیر و خەیاڵ بوو، ئەویش ئەوە بوو بە هەموو شێوەیەک سووکایەتی بەمن بکات، بەڵام کە بینی خەریکە تووشی چ بەدکارییەک دەبێت و بەرەو چ قوڕاوێک دادەخزێت، نەیتوانی بەرگەی ئەم بێ ئابڕوویی و ڕیسواییە بگرێت. باشە پیاوێکی بودەڵە و نامەردی وەکو یەفیموفیچ یان هەر پیاوێکی سەخیف و خوێڕی وەکو ئەو دەیتوانی ئافرەتێکی پاک و بێگەردی وەکو ئەو کە عەوداڵی بەهایەکی باڵا بوو، لە خشتە بەرێت؟ بەپێچەوانەوە پێکەنینی بە پیاوی وەکو یەفیموفیچ دەهات. ئەم ژنە لە ناخەوە حەقیقەت پەروەر و یاخی بوو، بەئاسانی دەستەمۆ نەدەبوو. هەر ئەوەش وایکردبوو زمانێکی توند و تەوسامێزی هەبێت. دووبارە دەیڵێمەوە کە یەفیموفیچی لێبۆک لە ئەنجاما وەکو کەو چوو، مۆنی کرد و لەجێی خۆی ڕۆنیشت، بەناچاری وەڵامی پرسیارەکانی ئەوی دەدایەوە و قسەی لەگەڵدا دەکرد. تەنانەت ترسی ئەوەم لێنیشت، کە نەبا لە داخی دڵی خۆیدا بگەڕێتەوە و جنێوێک بە ژنەکەم بدات. دووبارە دەیڵێمەوە، بە شەرفم وەختایەک ئەو دیمەنەم بینی هیچ سەرم نەسوڕما وەکو ئەوە بوو ڕووبەڕووی کەسێک – ی ئاشنا بووبمەوە کە زۆر لە مێژ بێ نەم بینی بێت. وەختایەک چووم بۆ ئەوێ، بەنیازی خراپ نەچووبووم، هەرچەندە دەمانچەشم پێبوو! ئەوە ڕاستیەکەیە. مەگەر دەتوانی جگە لەوە هیچ وێنا و گومانێکی دیکە بکەم؟ چما خۆشم دەویست؟! بۆ قەدریم دەزانی؟! بۆچی خواستبووم؟! هەرچەندە قەناعەتی تەواوم هەبوو کە ڕقی لێمە، بەڵام لە پاکی و بێگەردییەکەی دڵنیابووم.

لە ناکاوا دەرگاکەم کردەوە، چووم بەسەریاندا، کۆتاییم بە گەمەکە هێنا. یەفیموفیچ لە جێی خۆی ڕاپەڕی. دەستی ژنەکەمم گرت و داوام لێکرد لە گەڵمدا بێت. لەم بەینەدا یەفیموفیچ – ش

وەخۆهاتەوە، خۆی جەم وجۆر کرد و لە پڕ لە قاقای پێکەنینێکی زوڵاڵی دا، گوتی:- ئاخ... بیبە، بیبە، من ڕێزم بۆ پیرۆزی ئەرکی هاوسەری هەیە، بیبە.

پاشان، لەدوای منەوە هاواریکرد:- ئەوە بزانە، هەرچەندە نابێت پیاوێکی بەڕێز و ئابڕوومەندی وەکو من خۆی دابەزێنێتە ئاستی کەسێکی وەکو تۆ، بەڵام ئامادەم لەسەر ژنەکەت بێمە مەیدان و دوئێلت لەگەڵدا بکەم. هەرچەندە تۆ غیرەتی مەیدانداریت...

بۆ ساتێک ژنەکەمم لەبەر دەرگا ڕاگرت و گوتم:- گوێت لێبوو، گوێت لێبوو چی گوت؟

ئەوسا بە درێژایی ڕێگا تا ماڵەوە بە تاقە وشەیەکیش نەمدوان. دەستیم گرتبوو و هیچ مقاوەمەتێکی نەکرد. هێشتا ئەو حەپەسابوو. بەڵام ئەم حاڵەتە زۆر بەردەوام نەبوو، هەرکە گەیینەوە ماڵێ و چووینە ژوورەوە لەسەر کورسییەک دانیشت و چاوی لە دوڕ چاوم بڕی. ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو. هەرچەندە سێبەری ژارخەنێک بە لێوەکانیەوە دیاربوو. نیگای زۆر ناحەزانە بوو، لەوکاتەدا پێدەچوو تەواو دڵنیابێت کە دەمەوێت هەڵکێشمە دەمانچەکەم و بیکەم بە قوربانی گوللەیەک. لێ من بەکاوەخۆ دەمانچەکەم دەرهێنا و لەسەر مێزەکە دامنا. تەمەشای من و دەمانچەکەی دەکرد. هەڵبەتە ئەم دەمانچەیە بەلای ئەوەوە نامۆ نەبوو. هەر لە هەوەڵ ڕۆژەوە کە ئەم دووکانەم کردەوە، ئەم دەمانچەیەشم کڕی. هەمیشە فیشەکی لەبەر بوو، کە دەستم بە دووکانداری و کار و کاسبی کرد بڕیارم دا نە سەگێکی هەوشار و دڕ ڕابگرم و نە وەکو موزیر، خزمەتکارێکی مل ئەستوورم هەبێت. کارەکەر و شێفەکەم دەرگای لە مشتەرییەکان دەکردەوە. بەڵام ئەوانەی هەمان کاری ئێمەمانان دەکەن دەبێت بەپارێز بن و خۆیان بۆ هەر بویەرێکی لەناکاوا ئامادە بکەن، منیش بەو مەبەستە ئەو دەمانچەیەم کڕێ بوو، کە هەمیشە سوار بوو. ژنەکەم لە یەکەم ڕۆژەوە کە پێی نایە ماڵەکەم، بایەخێکی زۆری بەم دەمانچەیە دەدا، پرسیاری زۆری دەربارەی بەشەکانی و چۆنیەتی بەکارهێنانی دەکرد. بەخۆم بۆم ڕوونکردەوە کە دەمانچە چییە و چۆن کار دەکات، تەنانەت ڕۆژێک ڕازیم کرد کە نیشانە بگرێتەوە و هەر بۆ تاقیکردنەوە فیشەکێک بتەقێنێت. هەموو ئەمانەتان لەبیر بێت. بەبێئەوەی گوێ بە چاوە ترساوەکانی بدەم، نیوەی جلەکانم داکەند و بێخەم وخەیاڵ لەسەر تەختە خەوەکە ڕاکشام. سەعات نزیکی یازدە بوو. ئیدی ئەویش نزیکەی یەک سەعات بەو دەقەوە، کڕ و بێدەنگ، لەو شوێنەدا بەبێ جووڵە دانیشت. ئەوجا مۆمەکەی کوژاندەوە و هەر بە جلەکانیەوە لە سەر قەنەفەکەی پاڵ دیوارەکە ڕاکشا. ئەمە یەکەمجار بوو بەجیا بخەوین، ئەمەش لەبیر مەکەن.

## بیرەوەرییەکی ترسناک

ئێرە شوێنی بیرەوەرییەکی ترسناکە… بەیانی وابزانم دەوربەری سەعات هەشت بوو لە خەو ڕابووم، ژوورەکە ڕوناکی ڕوناک بوو. لەناکاوا بەوپەڕی هۆشیارییەوە ڕابووم، لەپڕ چاوم کردەوە، ژنەکەم بەدیار مێزەکەوە وەستابوو و دەمانچەکەی بە دەستەوە بوو. هەستی نەکرد من بەخەبەرم و تەمەشای ئەو دەکەم. دیتم بەخۆی و دەمانچەکەی دەستیەوە بەرەو لای من هات. بلەز چاوم نوقاند و وام نواند لە خەوێکی قووڵدام.

هات، گەییە دیار تەختەخەوەکە، بەسەرما دانەوییەوە. گوێم لە هەموو شتێک دەبوو. بێدەنگییەکی وەکو بێدەنگی مەرگ باڵی بەسەر ژوورەکەدا کێشابوو. من ئەم بێدەنگیەشم دەژنەوت. ڕێک لەم کاتەدا جوڵەیەکی نائاسایی ڕای چڵەکاندم و کردیە کارێک لە ناکاوا چاو هەڵێنم. ڕێک چاوی لە دوڕ ظاوم بڕی بوو. لوولەی دەمانچەکەی خستبووە سەر لاجانگم. لەناکاوا نیگامان لەیەکدی هەڵەنگوت، بۆ کەمتر لە چرکەیەک هەموو هۆش و گۆشی خۆم کۆکردەوە و بەخورتی چاوم نوقاندەوە. لەو کاتەدا بە هەموو توانایەکی دەروونی خۆمەوە، بڕیارم دا هەرچییەکم بەسەر بێت، لە جێی خۆ نەجوڵێم و چاو نەکەمەوە. هەڵبەتە ئاساییە هەندێجار پیاو لە غوڕابی خەودا بێت و لەناکاوا چاو بکاتەوە، تەنانەت سەرێک هەڵبڕێت، چاوێک بە دەوروبەری خۆیدا بگێڕێت و دووبارە سەر بخاتەوە سەر بالیفەکەی و بێئەوەی بەخۆ بزانێت دووبارە خەو بیباتەوە و هیچی لەبیر نەمێنێت. وەختایەک چاوم کردەوە، نیگام لە نیگای ئەو هەڵەنگوت و هەستم بە لوولەی دەمانچەکە لەسەر لاجانگم کرد، دووبارە بەبێئەوەی لە جێی خۆ تەکان بخۆم چاوم نوقاندن و وام نواند لە خەوێکی قووڵدام. بەهیچ جۆرێ هەست بەوە نەکات کە بێدارم و هەموو شتێک دەبینم. ئاخر ناچێتە عەقڵەوە کەسێک ئەوەی من لە لەو کاتەدا دیتم، ببینێت و بتوانێت دووبارە چاوی بنووقێنێت.

بەڵێ ناچێتە عەقڵەوە شتی وا ڕوودبات. بەڵام بەهەرحاڵ ئەو توانی پەی بە حەقیقەتەکە ببات. لەو ساتە کورت و تیژتێپەڕەدا، ئەوەم وەکو بروسکە بە مێشکا تێپەڕی کە توانیویەتی پەی بە حەقیقەتەکە ببات. ئاخ کە لە یەک دەمدا گەردەلوولی چ هەست و بیرێک لە مێشکمدا هەڵیکرد!بەڕاستی ئەو بیرە بروسکە ئاسایەی مێشکی بەشەر سەیرە. لەو ساتەدا هەستم کرد کە ئەگەر پەی بە حەقیقەتەکە ببات و بزانێت من نەخەوتووم، ئامادەم بۆ پێشوازی لە مەرگ، ڕەنگە ژێوان ببێتەوە و دەستی بلەرزێت و لە بڕیارە بنجبڕەکەی ژێوان ببێتەوە. دەڵێن ئەوانەی لەسەر لوتکەیەکی بڵند دەوەستن، خۆبەخۆ هەست دەکەن بەرەو هەڵدێر دەکشێن. بەبۆچوونی من زۆرێک لە بویەرێن خۆکوژی و کوشتن لە سونگەی ئەوەوە ڕوویان داوە کە دەمانچە لە بەردەست بووە. لەم حاڵەتەشدا هەڵدێرێک لە ئارادا بووە. فایدەی نییە هەڵدێرێکی چل و پێنج دەرەجە، هەر کەسێک

بچێته سەری، گێژ دەبێت و بەرەو خوارەوە هەڵدەدێرێت. وەکو ئەوەیە دەنگێک بە بەردەوامی گازت بکات، پێت بڵێت: دە دەی دەست بنە بە پەلەپیتکەکەوە! بەڵام زانینی ئەمەی کە من هەموو شتێک دەبینم و دەزانم و بەبێدەنگی چاوەڕوانی ئەوەم بەدەستی ئەو بێمە کوشتن، ڕەنگە ژێوانی بکاتەوە نەیەڵێت هەڵبدێرێت.

بێدەگیەکە درێژەی کێشا. من هەستم بە تەماسی ساردی لوولەی دەمانچەکە لەسەر لاجانگم کرد. لەگینە لێم بپرسن ئایا بەجدی ئومێدم هەبوو کە دووبارە ڕزگار ببم. لە وەڵاما دەڵێم، خودا بەو سەرەوە شایەدە هیچ ئومێدێکم بە ڕزگاربوون نەبوو. ڕەنگە لە سەدا یەک. نها من لە ئێوە دەپرسم چما مەرگم قەبووڵ بوو؟ نها ئەنگۆ حوکم بدەن: ئاخر دەبێ بایەخی ئەو ژیانە چی بێت، وەختێ دەبینم کەسێک دەمانچەی لێ ڕاکێشاوم کە بەدڵ و بەگیان خۆشم دەویست، دەمپەرست؟ سوور دەمزانی لەو دەمەدا کێشماکێشێکی توونت لە نێوانماندا چێبووە، شەڕێکی ترسناک، دوئێلێک بوو لە نێوان ژیان و مەرگدا، لەو دوئێلە دەچوو کە کاتی خۆی هاوڕێکانم هانیان دەدام بۆ کردنی، پاشان لەبەر ئەوەی ملم بۆ ئەو دوئێلە نەدا، بە هەنجەتی ترسنۆکی لە سوپا دەریان کردم. هەردووکمان، چ من و چ ئەو ئەمەمان دەزانی. ئەگەر ئەو حەقیقەتەی زانیبا کە من بێدارم، نەخەوتووم.

دەشێت هیچ بویەرێکی لەو بابەتە لە ئارادا نەبووبێت، دەشێت لەو ساتەدا هیچ بیرێک لەو بیرانەم بەمێشکا نەهاتبێت، بەڵام بەهەرحاڵ بە مەزەندەی زۆرەوە هەموو ئەو بویەرانە ڕوویان دابوو، چونکە لەو کاتەوە ئیدی بە بەردەوامی هەر بیرم لەو بویەرە دەکردەوە، بۆ یەک چرکەش دەستبەردارم نەدەبوو.

بەڵام ڕەنگە بپرسن: چما ڕێگریت لێنەدەکرد کە ئەو هەڵە و خەتا گەورە و زەقە نەکات؟ باوەڕ بکەن ڕەنگە من هەزار کەڕەت ئەو پرسیارەم لەخۆم کردبێت. هەرجارێ ئەو ساتەم بیر کەوتبێتەوە مچوڕکەیەکی سارد بە گازەڕای پشتم دا هاتووە. ئاخر ئەو دەمانە من لە تاریکایی نائومێدییەکی گەورەدا دەژیام، بڕستم لێ بڕابوو، بۆ خۆم مردبووم، چۆن دەمتوانی کەسێکی دی ڕزگار بکەم، نەیەڵم هەڵە بکات؟ باشە ئێوە چوزانن کەمن لەو کاتەدا بەنیازی ئەوە بووم فریای کەسێکی دی بکەوم و ڕزگاری بکەم؟ کێ چوزانێ من لەو کاتەدا هەستم بەچی دەکرد؟

بەڵام وێڕای هەموو ئەمەش هەر هوشیار بووم. ساتەکان تێدەپەڕین و بێدەنگیەکی مەرگناک هێشتا بەردەوام بوو. هێشتا ئەو بەدیار سەرمەوە وەستابوو. لەناکاوا ئومێدێک دڵی داخورپاندم! بلەز چاوم هەڵهێنا. ئەو ژوورەکەی بەجێ هێشتبوو. لەجێگا هەستام؛ من سەرکەوتبووم، ئەو بۆ هەتاهەتایە گەمەکەی دۆڕاندبوو!

چووم لەپای سەماوەرەکە ڕۆنیشتم. لە ماڵی ئێمەدا چای هەمیشە لە ژووری یەکەمدا دەخورایەوە، زیاتر ژنەکەم چای تێدەکرد، بەبێدەنگی لە پشت مێزەکەوە ڕۆنیشتم، پیاڵە چایەکەم لە دەستی وەرگرت. دوای پێنج خولەکان تەمەشام کرد. ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو، تەنانەت ڕەنگی لە دوێشەو پتر هەڵبزرکابوو. ئەویش تەمەشای منی دەکرد. هەرکە بینی منیش تەمەشای ئەو دەکەم، ڕەنگە زەردەکەی پەڕی و سووکە بزەیەکی کاڵ نیشتە سەر لێوەکانی، نیگای ترسا و وپرسا بوو. لە دڵی خۆدا گوتم: وادیارە هێشتا هەر بەگومانە و لە خۆی دەپرسێت: یانی دەزانێت؟ یانی منی بەو حاڵەوە دیتووە یان نا؟ بەوپەڕی بێ موبالاتی چاوم لێگواستەوە. دوای قاوەڵتی و بەرچایی دووکانەکەم داخست و چووم بۆ بازاڕ. قەرەوێڵەیەکی ئاسن و چەپەرێکم کری . وەختایەک گەڕامەوە بینیم قەرەوێڵەکە و چەپەرەکەیان لە هۆڵەکە دانابوو، قەرەوێڵەکە ( چەرپایە ) بۆ ئەو بوو، بەڵام یەک قسەشم لەو بارەیەوە لەگەڵیدا نەکرد. پێویست بە قسە نەبوو. ئیدی بەدیتنی قەڕەوێڵەکە یەکسەر تێگەیی کە من هەموو شتێکم دیتووە و هەموو شتێک دەزانم و ئیدی هیچ گومانێک لەوە نەبوو. هەموو شتێک وەکو ڕۆژی ڕوناک عەیان بوو. شەوێ دەمانچەکەم وەکو هەموو شەوەکانی دی لەسەر مێزەکە دانا. ئەویش کڕوکپ چوو لە سەر قەرەوێڵە تازەکەی خەوت: هاوسەرگیرییەکەمان هەڵوەشایەوە. بەڵێ من شکستم پێی هێنا، بەڵام نەمبەخشی. هەر ئەو شەوە کەوتە وڕاوە، بەیانی دەرکەوت کە تایەکی گەرمی لێهاتووە. شەش هەفتە لە جێدا کەوت.

## فەسڵی دووەم

( ۱ )

## خەونی غروور

لوکریا، تۆزێ لەمە پێش پێی ڕاگەیاندم، هەر کە خانممان بەخاک سپارد، ئیدی لای من نامێنێت. کەوتمە سەرچۆکان و بۆ ماوەی پێنج خولەکان نوێژ و نزام کرد. دەمویست یەک سەعات نوێژ بکەم، بەڵام چەندم بیر دەکردەوە، ئارامم نەدەگرت، لە پێستی خۆم نەدەهێوریم، سەرم دەیەشا، گێژ و کاس بووم، نوێژ و نزا چ فایدەیەکی هەیە، لە کاتێکا من غەرقی گوناحان بم، جگە لە گوناح چ کارێکی دیکەم نەکردبوو؟ سەیر ئەوە بوو کە بەهیچ جۆرێ خەوم نەدەهات. عادەتەن مرۆڤ کە خەمێکی گەورەی هەبێت، یان دوای گەردەلوولێکی دەروونی توونـد، حەزی لە خەوە. دەڵێن مەحکوومان بە ئیعدام، لە دوا شەوی ژیانیاندا زۆر بە قووڵی دەنوون. هەڵبەتە هەر دەبێت وابێت،

ئیدی ئەوە قانوون و سوننەتی تەبیعەتە، ئەگەر وا نەبوایە بەشەر بەرگەی سەختی و دژواریەکانی نەدەگرت...

لەسەر قەنەفەکە ڕاکشام، بەڵام خەوم لێنەکەوت...

بەدرێژایی ئەم شەش هەفتەیەی نەخۆشیئەکەی ئەو، من و لوکریا و ئەو پەرستارە بە ئەزموونەی لە خەستەخانەوە هێنابووم، شەو و ڕۆژ وەکو پەپوولە بەدەوریا دەسوڕاینەوە و ئێشکمان دەگرت، لە مەسەلەی پارە و خەرجیدا درێغیم لێنەدەکرد، حەزم دەکرد زۆرترین مەسرەفی لێبکەم. دکتۆر شریدرم بۆ گرت، بۆ هەر معاینەنەیەک دە ڕۆبڵم دەدایێ. کە وەهۆش هاتەوە هەوڵمدەدا کەمتر خۆمی نیشانبدەم. بەڵام چ پێویست بەگێڕانەوەی ئەو شتانە دەکات؟! وەختایەک بەتەواوەتی لە جێگە هەستا، کەوتەوە سەرپێیان، زۆرجار بە ئارامی و بێدەنگی دەهات بۆ ژوورەکەی من، بە کڕی لەپشت ئەو مێزەوە دادەنیشت کە لەگەڵ قەرەوێڵەکەدا بەتایبەتی بۆ ئەوم کڕی بوو... بەڵێ، ڕاستە هەردووکمان درێژەمان بە بێدەنگیەکەمان دەدا. هەڵبەتە دواتر کەوتینە قسان، بەڵام تەنیا قسەی ئاساییمان دەکرد. من بە ئانقەست خۆم لە قسەی جدی دەبوارد. هەستم دەکرد ئەویش بەمە خۆشحاڵ و ڕازیە و نایەوێت قسەکانمان لەوەی هێوەتر بڕوات. لە دڵی خۆدا دەمگوت: " زۆر بەخۆیدا شکاوەتەوە، نەترەی بەرداوە، ڕوخاوە، واچاکە دەرفەتی بۆ بڕەخسێنم تا بەخۆدا بێتەوە و ئەو بویەرانە فەرامۆش بکات و بەم ڕەوشە تازەیە ڕابێت و خووی پێوە بگرێت. " بەو ئاوایە درێژەمان بەبێدەنگی دا. هەموو ساتێک خۆم بۆ هەر بویەرێک ئامادە دەکرد. هەستم دەکرد ئەویش هەمان کاری من دەکات. بەتاسەیەکی زۆرەوە هەوڵمدەدا بزانم " نها بیر لەچی دەکاتەوە؟ "

با شتێکی دیکەشتان پێ بڵێم. کەس نازانێت کاتێ کە ئەو نەخۆش بوو، چ داخێکم دەخوارد و چۆن بەدیارییەوە دەگریام. من لە دڵی خۆدا دەگریام، ناڵە و گریانەکەمم لە ناخی خۆدا خەفە دەکرد و تەنانەت نەمدەهێشت لوکریاش گوێی لە گریانەکەم ببێت. هەرگیز وێنام نەدەکرد، باوەڕم نەدەکرد، نەدەچووە عەقڵمەوە بمرێت و هەموو حەقیقەتەکان نەزانێت. لەبیرمە وەختایەک لە مەترسی خەلەسی، حاڵی ڕوو لە باشی چوو، منیش زۆر بلەز هێور بوومەوە. بڕیارم دا، بەگوێرەی توانا، خۆ لە باسی ئایندەمان بەدوور بگرم، ئەوە بۆ دوایی هەڵبگرم و جارێ هەموو شتەکان بەم دەقەی ئێستایانەوە بمێنێت. چاوەڕوانی ئەوە بم لە ئایندەدا ڕوون ببێتەوە، کە هیڤیدارم ئایندەیەکی دوور بێت. ئاخر لەو کاتەدا هەستم بە شتێکی غەریب لەخۆما دەکرد، هەستم بە سەرکەوتن دەکرد، ئیدی ئەم هەستەم بەس بوو. هەموو زستانەکە بەو ئاوایە بووری و من لە هەر ڕۆژگارێکی دی پتر ڕازی بووم و ئەم ڕازی بوون و دڵخۆشییە بەدرێژایی زستانەکە بەردەوام بوو.

دەزانن، لە ژیانما تووشی کارەسات و بویەرێکی ناخۆش بووبووم کە ئازاری دەدام، ڕێک تا پێش ئەو کارەساتەی بەسەر ژنەکەم هات، وەکو بارێکی قورس بەسەر دڵمەوە بوو کە بەردەوام خەریک بوو خەفەی دەکردم، دڵی دەگوشیم. کێشەکەم پەیوەندی بە ناو و ئابڕوومەوە هەبوو، کێشەی دەرکردنەکەم بوو لە سووپا. دیارە ئەوە زوڵمێکی گەورە بوو دەرهەق بەمن. بەڵێ دروستە کە هاوقیتارەکانم خۆشیان نەدەویستم، چونکە تەبع و تەبیعەتێکی نەکوڵوک و ئاڵۆزم هەبوو، یان لەبەر ئەوە بوو کە کەسایەتیەکی کۆمیدیم هەبوو. ئیدی بەزۆری وایە کە شتێک بەلای تۆوە جوان و پیرۆز و ئازیزە و مایەی شانازیە، لەلای خەڵکانی دیکە و جەمعی دۆستانتەوە، مایەی پێکەنینە، هیچیش خۆیا نییە بۆچی و لەبەرچی!

بەهەرحاڵ من قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان، تەنانەت لە قوتابخانەش منداڵێکی خۆشەویست نەبووم؛ هەرگیز لە هیچ شوێنێک خۆشەویست نەبووم. تەنانەت لوکریاش ناتوانێت خۆشی بوێم. ئەوەی لە سوپادا بۆم پێشهات، کە گوایە زادەی ڕقی هاوڕێکانم بوو، تەنیا ڕێکەوت بوو. ئەوەی بەلامەوە گرینگە دووبارەی بکەمەوە ئەوەیە کە هیچ شتێک لەوە بەئازارتر و قورستر نییە کە بەشەر بەهۆی ڕێکەوتێکی هیچەوە، کە دەشێت ڕوونەدات، یان بەهۆی یەکانگیری چەند بەڵایەک، کە دەشێت وەکو دووکەڵێک بچێت بە ئاسماندا و برەوێتەوە، دووچاری ئازاری ناو زڕان ببێت. فەرموون ئێوە و ئەو ڕێکەوتە:

لە شانۆ بووم، لە ماوەی پشووی نێوان دوو پەردەدا چووم بۆ بۆفیەکە، تا پێکێ شەراب بۆخۆم تێبکەم. ئەفسەرێکی سوارە بەنێوی " ئا... ف " لە پڕ سەروکەللەی پەیدا بوو، وەکو با خۆی بە بوفیەکەدا کرد، لەبەردەم هەموو ئەو ئەفسەرانەی لەوێ بوون و بەدەنگی بەرز بۆ دوو ئەفسەری سوارەی دی دەگێڕایەوە کە کاپتنی فەوجەکەمان، بیزومتسیف، لەوە دەچێت مەست بووبێت، لە ڕاڕۆکانی شانۆکەدا فەرتەنەی ناوەتەوە، دیارە مەست بووە. قسەکەیان لەوە پتر درێژەی نەکێشا. هەڵبەتە ئەو قسەیە ڕاست نەبوو. چونکە کاپتن بیزومتسیف نە مەست بوو نە نەخۆش، ئەو شتەش کە ڕووی دابوو، نە ئابڕووچوون بوو و نە فەرتەنە. ئیدی مەسەلەکە لێرەدا بڕایەوە و بابەتی قسەوباسەکەیان گۆڕی. بەڵام بۆ سبەینێ ئەو بویەر و بەسەرهاتە لە سەرانسەری فەوجەکەماندا بوو بە داستان و کەوتە سەرزاران. یەکسەر ئەوەش بڵاو بووەوە کە جگە لەمن هیچ ئەفسەرێکی دی لە بۆفیەکەدا نەبووە و کە ئەفسەری سوارە " ئا... ف " بێ حورمەتی بە کاپتن بیزومتسیف کردووە، من نەچووم ئاگاداری بکەمەوە و بێدەنگی بکەم و گلەیی لێبکەم. ئاخر ئەمە چ قسەیەکە؟ کە ئەو ئەفسەرە کێشەی لەگەڵ بیزومتسیف دا هەبووبێت، ئەمە کێشەی شەخسی خۆیانە چ پەیوەندییەکی بەمنەوە هەیە تا خۆمی تێ هەڵقورتێنم؟ بەڵام ئەفسەرانی فەوجەکەمان کێشەکەیان

به کێشەی شەخسی لە قەڵەم نەدا و ئەمەیان بەبێ حورمەتی بۆ هەموو فەوجەکە زانی. جا چونکە لە ئەفسەرانی فەوجەکەمان تەنیا من لە بۆفیەکە بووم، من بەبێدەنگی خۆم بۆ هەموو خەڵکی و ئەو ئەفسەرانەم کە لە بۆفیەکەدا بوون سەلماندووە کە لە فەوجەکەی ئێمەدا ئەفسەرانێک هەن هیچ بێ حورمەتیەکیان دەرهەق بە ئابڕووی خۆیان و ئابڕووی فەوجەکەیان بەلاوە گرینگ نییە. هەڵبەتە مەحاڵ بوو من بەو بۆچوونە قاییل بم. ئیدی پێیان ڕاگەیاندم کە ئێستاش، هەرچەندە درەنگ بووە دەتوانم قەرەبووی ئەو هەڵوێستە نەرێنیە بکەمەوە، ئەگەر ڕازی بم بەوەی بە فەرمی داوای دوئێل لە ئەفسەر ( ئا... ف ) بکەم و ئابڕووی خۆم بکڕمەوە. دیارە من ملم بۆ ئەوکارە نەدا، چونکە زۆرە تووڕە بووم بەوپەڕی خۆپەسندی و غرووورەوە داواکەم ڕەتکردەوە و دوای ئەوە بەپەلە داوای دەست لە کارکێشانەوەم کرد. ئەوە حاڵ و حیکایەتەکە بوو لە سیری تا پیازی. بە دڵێکی شکاو بەڵام بەسەر بەرزی لە فەوجەکە هاتمە دەرەوە. دوای ئەوە ورەم بە تەواوی داڕوخا. ئیدی بەڕێکەوت لەو کاتەدا مێردی خوشکەکەم، کەلە مۆسکۆ دادەنیشت، ئەو سووکە میراتیەی کەلە مۆسکۆ هەمان بوو، بە بەشەکەی منیشەوە هەرهەمووی بەفیڕۆ دابوو. نەگبەتی خۆشە، قورتەکانی ناخۆشە. ئیدی وێڵ و سەرگەردان و نەدار کەوتمە سەرشەقام.

دەمتوانی بچم کارێکی ئابڕوومەندانە بدۆزمەوە بەڵام نەچووم. منێ کە بە یونیفۆرمی کەشخەی ئەفسەرییەوە ڕاهاتبووم، ئیدی پێم شەرم بوو بڕۆم لە سکەی قیتار یان هەر جێیەکی لەو بابەتە کار بکەم. ئیدی ڕۆژبەڕۆژ حاڵم خراتر دەبوو لە سووکایەتیەکەوە بۆ سووکایەتیەکی تر، لە خوێڕاتیەوە بۆ خوێڕاتی تر، لە شەرمەزارییەوە بۆ شەرمەزاری تر، لە دڵی خۆدا دەمگوت چ دەبێت با ببێت، ڕیسواییە، شەرمەزاریە، ناو زڕانە، هەرچییەک دەبێت با ببێت. ئیدی سێ دانە ساڵی تاڵم بەوحاڵە بردەسەر تەنانەت کار گەییە ئەوەی پەنا بەرمە بەر ماڵی ڤیازیمسکی. ساڵ و نیوێک لەمە پێش پیرەژنێکی دەوڵەمەند کە دایکی غوسڵی تەعمیدیم بوو، لە مۆسکۆ دەژیا، مرد، لە وەسیێتنامەکەیدا سێ هەزار ڕۆبڵی بۆ من دانابوو. ئیدی بیرم لە ڕەوشی خۆم کردەوە کە مشورێکی خۆم بخۆم و کلکی کارێک بگرم، ئەوە بوو بڕیارم دا دووکانێکی ئەمانەتفرۆشی دابنەم، بەپارە ڕەهن لە خەڵکی وەربگرم و گوێ بەهیچ نەدەم و منەتی کەس هەڵنەگرم. لەدڵی خۆدا گوتم:

بەو کارە پارە و پولێک پەیدا دەکەم، ماڵ و خێزان پێکەوە دەنەم، دەست بە ژیانێکی تازەی دوور لە هەر بیرەوەرییەکی ڕابردوو دەکەم. ئەوە نیاز و پرۆژەی من بوو. بەڵام هێشتاش بیرەوەری خراپ و ئابڕووی هەمیشە لەدەست چووم هەر ئازاری دەدام. لەو سەروبەندەدا ژنم هێنا. خۆ ئەگەر بپرسن ژن هێنانەکەم ڕێکەوت بوو یان نا، دەڵێم نازانم. بەڵام کە هێنامە ماڵەوە، وامدەزانی دۆستێکی ئازیزم هێناوەتە ماڵەکەم، ئاخر زۆرم پێویست بە دۆستێک هەبوو! بەڵام لەلام ڕوون

بوو کە دەبوا لە هەوەڵەوە ئەم دۆستە پەروەردە و ئامادە بکەم، کۆنترۆڵ و ڕامی بکەم. ئایا دەمتوانی یەکسەر پریاسکەی دڵم بۆ ئەم کیژە شازدە ساڵانە بکەمەوە، کە زەینی پڕبوو لە پێشداوەریان؟ بۆ نموونە چۆن ئەگەر ئەو کارەساتە ترسناکە، کارەساتی دەمانچەکە نەهاتبا پێشێ چۆن دەمتوانی قەناعەتی پێبکەم کە من کابرایەکی ترسنۆک و بودەڵە نیم، بوختانم بۆ کراوە و بە نەهەقی مۆرکی ترسنۆکیان پێوە ناوم و لە سوپا دەریانکردووم؟ بەڵام کارەساتی دەمانچەکە دروست لە کاتی خۆیدا پێشهات. کاتێ کە تەماسی دەمانچەکەم بەسەر لاجانگمەوە تەحەموول کرد، بەوە تۆڵەم لە هەموو ڕابردووی تاریکی خۆم کردەوە. هەرچەندە جگە لەو ( لە کیژەکە ) بەمەسەلەکەی نەدەزانی، بەڵام من تەنیا ئەوەندەم بەس بوو، چونکە ئەو بۆ من هەموو دنیا بوو، ئەو هەموو ئومێدێکی ئایندەم بوو! ئەو تەنیا کەسێک بوو کە بۆ خۆمم هەڵبژاردبوو، پێویستم بەهیچ کەسێکی دیکە نەبوو، نها ئەو هەموو شتێکی دەزانی. بە کێمانی ئەوەی دەزانی کە بێ ئینسافی کردووە کە چووەتە ڕیزی نەحەزەکانمەوە و هەمان ئاوازی ئەوان دەڵێتەوە. زۆر دڵم بەمە خۆشبوو کە بۆی دەرکەوت کابرایەکی ترسنۆک نیم، ئەوپەڕی بە کابرایەکی ئەتوار غەریبم دەزانێت. ئەمەش هیچ عەیبێکی بۆ من تیانییە. ئەگەر کەسێک ئەتوار غەریب بێت ئەمە بەعەیب نایەتە ژماردن. گرینگ ئەوەیە چیتر ناتوانێت بە ترسنۆکم بزانێت... بەڵام نها دوای ئەو هەموو بویەرانەی ڕوویاندا، ئیدی وەکو جاران بەم بیرۆکەیە خۆشحاڵ نیم. ئەتوار غەریبی عەیب نییە، بەڵکو بەپێچەوانەوە تەنانەت بەلای هەندێ ژنەوە جوان و باڵکێشە. بەکورتی کە من بە ئانقەست نەمدەویست هەموو شتەکان چارەسەر ببن، چونکە ڕووداوەکان بۆ ئەوکاتە بەس بوون کە ئارامی بە ڕوحم ببەخشن. خەون و خەیاڵەکانی دەمەزەرد دەکردمەوە. یەکێک لە خەسڵەتە هەرە خراپ و شوومەکانی تەبع و تەبیعەتی من خەیاڵپەروەری بوو. ئیدی بابەت زۆر بوو کە ببێت بە کەرەستەی زندە خەونەکانم. بەڵام ئەو لاموایە چاوەڕوانی دەکرد.

ئیدی هەموو زستانەکە بەوحاڵەوە، بەدەم چاوەڕوانییەوە بووری. زۆر حەزم دەکرد کە کاتێ دەهات و لە پشت مێزەکەی خۆیەوە ڕۆدەنیشت ژێراوژێر تەمەشای بکەم.هەندێجار درومان یان گوڵدۆزی دەکرد. جاری واش هەبوو کتێبێکی لە دۆڵابەکەی من دەردێنا و دەیخوێندەوە. کتێبەکانم خۆیان گەواهی خوێنەواری من بوون. تەقریبەن بۆ هیچ کوێ نەدەرۆیی. هەموو ڕۆژێک دەمەو ئێوارە دوای نانخواردن بە دوو قۆڵی وەدەردەکەوتین و بایەکی باڵی خۆمان دەدا. بەڵام وەکو جاران کاتەکەمان بەبێدەنگی بەسەر نەدەبرد. بەتایبەتی من هەوڵمدەدا کە بێدەنگ نەبن و وا بنوێنم هیچ دوڕدۆنگی و بەدحاڵی بوونێکمان لەنێواندا نەماوە. بەڵام هەردووکمان، وەکو پێشتر گوتم، هەوڵمان دەدا زۆر بە تانی قساندا نەچین. من بە ئانقەست ئەو کارەم دەکرد، چونکە باوەڕم وابوو پێدڤیە دەرفەتێکی وێدەم. بەڵام سەیر ئەوەیە، لە کاتێکا من حەزم دەکرد ژێراوژێر تەمەشای ئەو

بکەم. بەدرێژایی ئەو ماوەیە و تا کۆتایی زستان بیرم لەوە نەکردەوە کە چما ئەو نیو نیگایەکی منی نەکرد. من پاکانەم بۆ دەکرد و دەمگوت دیارە شەرمێ دەکات. ئاخر دوای نەخۆشیەکەی بەتەواوەتی لاواز بووبوو، لە هەمان حاڵەتدا بەدەوی و جوانیەکی شەرم ئامێزی پەیدا کردبوو. بەخۆم دەگوت: نا، پەلە مەکە، واباشترە سەبر بکەیت، ڕۆژێ دێت خۆی دێتەوە بۆلات...

ئەم بیرە بەجۆرێ دەیهێنامە سەر شەوق و زەوق کەلە وەسف نەدەهات. با ئەوەش بڵێم، هەندێجار بەجۆرێ خۆم هاندەدا وەکو ئەوەی بە ئانقەست ئەو کارە بکەم. عەقڵ و دڵم بەجۆرێ فریو دەدا و دەنواند وەکو ئەوەی ئەو بەڕاستی کارێکی کردبێت و لەدەستی ناڕەحەت بووبم. ماوەیەک بەو ئاوایە تێپەڕی بەڵام نەفرەت و ناڕەحەتیەکەم هەرگیز سەری نەدەکرد و لە بوونما ڕیشاژۆ نەدەبوو. بەڵێ خۆیشم هەستمدەکرد کە ئەم کارانەم تەنیا گەمەیە و هیچی دی. تەنانەت ئەو کاتەش کە چووم قەرەوێڵەکە و چەپەرەکەم کڕی و پەیوەندی هاوسەریمانم بڕی، هەرگیز و بەهیچ جۆرێ نەمتوانی ئەو بە ژنێکی خەتاکار بزانم. نەک بە هۆی ئەوەوە کە خەتاکەیم نەدەبینی یا چاوپۆشیم لێدەکرد، بەڵکو بەهۆی ئەوەوە کە لە دڵی خۆدا بەتەواوەتی بەخشیبووم؛ هەر لە هەوەڵەوە تەنانەت بەر لە کڕینی قەرەوێڵەکەش. بەکورتی ئەمەش یەکێکە لە شتە سەیرەکانی من. ئاخر من پێشتر هەندێجار کەسێکی زۆر سەختگیر بووم و بوردن و بەخشینم لە مەزەبا نەبوو. بەڵام سەبارەت بەو بەپێچەوانەوە، هەندێجار هەستم دەکرد زۆر داماوە، لە باری دەروونییەوە ڕوخاوە، دڵم بەحاڵی دەسووتا. هەرچەندە هەندێجار زۆر کەیفم بەو تەوهین کردنەی دەهات و حەزم دەکرد هاوتای یەکدی نین.

ئیدی لەو زستانەدا بەئانقەست هەندێ چاکەم کرد. دوو قەرزم هەڵوەشاندەوە، قەرزێکم بەبێ هیچ ڕەهنێک دا بە ژنێکی بێنەوا؛ ئەوەم بەژنەکەم نەگوت، بۆ ئەوەشم نەکردبوو کە بیزانێت، بەڵام ژنەکە هات تا سوپاسم بکات و منەتباری خۆی دەربڕێت. ئیدی شتەکە بڵاو بووەوە. هەستم کرد ژنەکەم کە بەو کارەی زانی زۆر شاد و خۆشحاڵ بوو.

بەهار هات، نیوەی مانگی نیسان بوو، تەختەکانی پشت پەنجەرەکانمان لادا، تیرۆژی هەتاوی درەخشان لەناو ژوورە کڕ و کپەکانمانی دەدا و ڕوناکی دەکردەوە. بەڵام وەکو ئەوە بوو هێشتا پەردەیەک بەبەرچاومەوە هەڵواسرابێ کە بەری ڕوناکیەکەی لێدەگرتم. پەردەیەکی لێڵ و ترسناک! بەڵام چۆن ئەو پەردەیە لە ناکاوا لاکەوت و بەرچاوی بەردام و هەموو شتێکم بەڕوونی دەبینی و تێی دەگەیشتم؟عەقڵم هاتەوە سەری جێگەی خۆی؟ نازانم. ڕەنگە ڕێکەوت بووبێ؟ یان کاری قەدەر و چارەنووس بووبێت؟ یان پرتەوێکی هەتاوەکە لە زەینی تاریکی دابم و ئەو مەزەندە و گومانەی لا کەشف کردبم؟ نەخێر، ئەو حاڵەتە نە گومان و مەزەندە بوو، نە کەشف و دۆزینەوە.

وەکو ئەوەبوو شادەمارێک، شادەمارێکی نوستوو لە بەدەنما، لە بوونما بێدار بووبێتەوە و لە ناکاوا هەموو ڕوح و گیانی تاریک و نوتەکی ڕوناک کردبمەوە و گیانی کبریای ئەهریمەنانەمی هاڕوژاندبێت. وەختایەک ئەو شتە ڕوویدا، لە جێی خۆم ڕاچڵەکیم، ئاخ زۆر چاوەڕوان نەکراوبوو، ئەم بویەرە دەمەوئێوارە، دوای شێو، دەوروبەری سەعات پێنج ڕووی دا، کە پەردەکە لە ناکاوا وەلا کەوت.

( ٢ )

لاکەوتنی پەردەکە

بەرلەوەی بێمە سەرباسی ئەسڵی بابەتەکە، دەمەوێت دوو کەلیمە قسە بکەم. نزیکەی مانگێک دەبوو هەستم کردبوو زۆر خەمین و خەمبارە. ئیدی مەسەلەکە هەر بێندەگیەکەی جاران نەبوو، بەڵکو زیاتر خەمباری و دەبیرەوەچوون بوو. ئەوەشم لە پڕ بۆ کەشف بوو. دانیشتبوو سەری بەدیار گوڵدۆزی و کاری تەقەڵ و دەرزیەوە داژەندبوو. نەیدەبینی کە من تەمەشای دەکەم. لە ناکاوا کە بینیم زۆر لاواز بووە پێستی بەسەر ئێسقانیەوە وشک بووە! ڕەنگی زەرد هەڵگەڕاوە و خەیاڵ بردووتیەوە، حەپەسام، شۆک بووم. پێشتر گوێم لە وشکە کۆکەکەی بووبوو، بەتایبەتی لە شەودا. هەرکە بەو حاڵەوەم بینی یەکسەر مل پێچ و کڵاوم  لە مل و لەسەر کرد و بێئەوەی بەخۆی بڵێم چووم بۆلای دکتۆر شریدور تا بێت معایەنەیەکی بکات.

شریدور بۆ سبەی هات. ژنەکەم حەپەسا بوو، جارێ سەیری من و جارێ سەیری دکتۆری دەکرد. ئەوسا بەدەم بزەیەکی نامەفهوومەوە گوتی:- خۆ من حاڵم باشە!

شریدور، تەنیا معایەنەیەکی لامسەرلایی کرد ( ئەو دکتۆرانە هەندێجار زۆر بوغرا و بە کەش و فشن ) منی بردە ژوورەکەی دیکە و گوتی هیچ نییە، ئەمە ماکی نەخۆشیەکەی پێشوویەتی: نها بەهارە، سەفەرێکی کەناری دەریا بکەن خراپ نییە،ئەگەر نەتانتوانی بۆ ماوەیەک سەفەری گوندەواران بکەن و بایەکی باڵان بدەن. بەکورتی هەر ئەوەندەی گوت کە چ نییە، قیچەک خوێنی کەمە.

وەختایەک شریدور ڕۆیی، لە ناکاوا، زۆر بە وشکی نیگایەکی منی کرد و دیسان گوتی:- من نەخۆش نیم، عەیبم نییە!

بەڵام کە ئەو قسەیەی کرد ڕوخساری سووری سوور بووەوە. پێدەچوو لە شەرما سوور بووبێتەوە. دیاربوو لە شەرما سوور بووبووەوە. من ئێستا دەزانم شەرمەکەی لەمە بوو کە من

هێشتا مێردیم و هێشتا وەکو مێردێکی ڕاستەقینە مشووری دەخۆم و پێی ڕادەگەم. بەڵام ئەو کاتە من هیچ حاڵی نەبووم، تەقەی سەرم دەهات، وام وێنا دەکرد سەدەمی سووربوونەوەکەی هەست کردنیەتی بە شەرمەزاری . ئەو پەردەیەی کە باسم کرد ئەوە بوو!

دوای یەک هەیڤ، دەوروبەری سەعات پێنجی دەمەو ئێوارە، ڕۆژێکی هەتاوی مانگی نیسان بوو، لە نووسینگەکەم ڕۆنیشتبووم و بەهەندێ حیساباتی خۆڕا دەگەییم. لەناکاوا لە ژوورەکەی دیکەوە، لە ژووره هاوبەشەکەمانەوە، بەدەم تەقەڵ و درومان و گوڵدۆزی خۆیەوە بەدەنگێکی نەوی هەڵیکردە سۆزەی گۆرانی. ئەم کارە تازەیەی بۆ من سەیر بوو، لە ناخەوە هەژاندمی. بەڵێ، من لەو شتە حاڵی نەبووم، تا ئەمڕۆکەش ئەو مەتەڵەم بۆ هەڵنەهاتووە. بەرلەوە گوێم لێنەبووبوو گۆرانی بچڕێت. تەنیا ئەو هەوەڵین ڕۆژانە نەبێت کە تازە هاتبووە ماڵەکەی من و بە دوو قۆڵی دەمانچەمان، هەربۆ خۆشی بە نیشانانەوە دەنا، ئەو کاتانە دەنگی بەرز و زوڵاڵ بوو. کەسێکی بەتین و گوڕ بوو، گۆرانی دەگوت، ئەگەرچی ئەدای زۆر دروست و باش نەبوو. بەڵام گۆرانیەکەی ئێستای زۆر لاواز بوو، ناڵێم گۆرانیەکی خەمناک و شین ئامێز بوو ( بەڵام ڕۆمانسی بوو ) دەنگی شپرزە و پەشێو بوو، دەنگەکەی دەرەقەتی گۆرانیەکە نەدەهات. ئەسڵەن پێدەچوو خودی گۆرانیەکەش نەخۆش و مردەڵە بێت. بەدەنگی نەوی گۆرانیەکەی دەگوت، هەرکە دەنگی بەرز دەکردەوە، ئیدی دەنگی دەپچڕا. ئەو دەنگە نەویە بەجۆرێ بڕا کە زیاتر گوزارشتی لە گریان دەکرد، پیاو بەزەیی پێیدا دەهاتەوە. چەند جارێک کۆکە گرتی و دووبارە بە ئەسپایی، هەڵیکردەوە گۆرانی، دەنگی هێندە نەوی بوو بەئاستەم دەبیسترا...

بێگومان هەمووتان گاڵتەتان بە هەڵچوون و کەلەجانەکەی من دێت.بەڵام هەرگیز هیچ کەسێک ڕۆژێ لە ڕۆژان پەی بەم کەلەجان و هەڵچوونەی من نابەن! ئەوەی هەستم پێکرد هێشتا نەگەیی بووە ئاستی بەزەیی، واتە بەزەیی نەبوو، بەڵکو شتێکی دیکە بوو. لە هەوەڵەوە، واتە لە چەند خولەکی یەکەمەوە لە ناکاوا پەشۆکام، پەشۆکانێکی ترسناک، غەریب و نەخۆشی ئامێز، بەئازار، بەسوێ و بوغزن و بگرە تۆڵە ئەستێنانە؛ لە دڵی خۆدا گوتم: چییە؟ لەبەردەم مندا گۆرانی دەچڕێت؟ یانی من بەهیچ نازانێت، فەرامۆشی کردووم؟

لە جێی خۆم، حایر و حەپەساو، شپرزە و پەشۆکاو، وشک بووم. ئەوسا لەپڕ هەستام، کڵاوەکەم هەڵگرت و وەدەرکەوتم. ئەلهەقی خۆیشم نەمزانی چما هەستام و بە تەمای چ بووم، دەمویست کوێوە بڕۆم. لوکریا پاڵتۆکەی دایە دەستم. لە خۆڕا لە لوکریام پرسی:- چییە، گۆرانی دەڵێت؟

لوکریا لە مەبەستم حاڵی نەبوو، حایر و حەپەساو چاوی تێبڕیم، هەقی خۆی بوو لێم حاڵی نەبێت. زۆر زەحمەت بوو کەسێک بتوانێت لەو ساتەدا لێم حاڵی بێت. لە لوکریام پرسی:- یەکەم جارە گۆرانی دەچڕیت؟

لوکریا گوتی:- نەخێر، جارانیش کە تۆ لەماڵ نەبایت هەندێجار گۆرانی دەچڕی.

ئیدی هەموو شتێکم بۆ دەرکەوت. لە پلیکانەکانەوە داگەڕام و وەدەرکەوتم، شوێنێکی تایبەتیم نەدابووە چاو کە بۆی بڕۆم. تا سەر کۆڵانەکە ڕۆیشتم. وەستام و کەوتمە ڕوانین. خەڵکی بەلامدا ڕەت دەبوون و شانیان لێدەدام، بەڵام من هەستم بەهیچ نەدەکرد. گالیسکەیەکم ڕاگرت و بە گالیسکە ڕانەکەم گوت بمبات بۆ " پردی پۆلیس " خۆیشم نەمزانی بۆ ئەو کارەم کرد. بەڵام بەپەلە لەو کارە ژێوان بوومەوە و بیست کوپیکم خستە دەستی کابرای گالیسکەچییەوە و گوتم:- ئەمە هەقی ئەوەی ئەزیەتم دایت.

بەدەم ئەو قسەیەوە بزەیەکم بەڕوویدا دا، بەڵام لەو کاتەدا خورپەیەکی سەیرم بەدڵدا هات.

پێم هەڵگرت و بەرەو ماڵ نشێو بوومەوە. نۆتە و ئاوازە پچڕپچڕەکانی ئەو دەنگ و ئاوازە شەکەت و تێکشکاوە دووبارە لە دڵمدا زندوو بووەوە. هەناسەم پێنەدەدرا. ئەنجام پەردەکە لە بەرچاو لاچوو، مژەکە لە بەرچاوم ڕەوییەوە! مادامێکی لە حوزووری مندا گۆرانی دەڵێت مانای وایە بەتەواوەتی فەرامۆشی کردووم، حەقیقەتە ڕوونەکە ئەوە بوو، حەقیقەتێکی ترسناک بوو، دڵم خەبەری دا،بەڵام ئەو کەلەجان و جۆش و خۆرشەی لە دەروونما بەرپابوو، ترسەکەی لێڕەواندمەوە. ئامان لە دەست گەمەی قەدەر! ئاخر بەدرێژایی زستانەکە جگە لەو کەلەجان و جۆش خرۆشە چیترم لە دڵدا نەبوو، ئەو زستانە لەکوێ بووم؟ ئایا لەگەڵ خۆمدا بووم؟ بە هەشتاو بە قالدرمەکەدا هەڵگەڕام، لەبیرم نییە ئاخۆ بە پارێزەوە وەژوور کەوتم یان نا، تەنیا ئەوەم لەبیرە کە ئەرزەکە لە ژێر پێمدا شەپۆلی دەدا. وەکو ئەوە بوو ڕووبارێکی بە پێل و شەپۆلان بێت و ڕام بماڵێت. چوومە ژوورەکەوە. دانیشتبوو، لە شوێنی خۆی ڕۆنیشتبوو، سەری بەسەر تەقەڵ و درومان و گوڵدۆزیدا داژەندبوو. بەڵام گۆرانی نەدەچڕی. نیگایەکی ڕەوتەنی و ساردوسڕی منی کرد، نیگایەکی هێندە ساردوسڕ بوو، هەر بەناو نیگا بوو. تەنیا حاڵەتێک بوو، حاڵەتێکی ئاسایی و بێ بایەخ، وەکو ئەوەی کەسێک خۆی بەژوورا بکات و بە ئاستەمێک، ئاوڕێکی سارد و سڕی لێبدەیتەوە.

یەکسەر شێت ئاسا بەرەو ڕووی چووم و ڕێک لە سەر کورسیەکەی تەنیشت ئەو ڕۆنیشتم. یەکسەر و بەترسەوە تەمەشای منی کرد.دەستیم گرت. ئێستا بیرم نەماوە چیم پێمگوت، یان

دەمویست چی پێ بڵێم، چونکە توانای ئەوەم نەبوو بەڕوونی و ڕەوانی قسە بکەم، دەنگم پچڕ پچڕ بوو، دەتگوت لە بنەبانی ئەشکەوتەوە دێت. تەنانەت نەمدەزانی چ بڵێم، تاقە وشەیەکم بۆ نەدەهات، نەمدەزانی چی پێ بڵێم، وشەم لێ چووبووە قاتی، خەریک بوو دەخنکام. هەر خنکە خنکم بوو.

لەپڕ، بەدەم دەمەلاڵکێوە ڕستەیەکی گەوجانەم لە زار دەرچوو:

– ئەرێ دوو قسان نەکەین... دەزانی... شتێک بڵێ!

بەڵێ، بەو گەوجاتیە دواندم. چما دەمتوانی لەو کاتەدا برێک هۆشن بم؟ هەرکە ڕووبەڕوو تەمەشای کردم، دووبارە ڕاچڵەکی، ترسێکی زۆری لێنیشت، چاوە درشتەکانی تێبڕی بووم. جدیەت و حیرەتێکی سەیر نیشتبووە سەر چاوەکانی، وەکو ئەوە بوو، وێڕای مەندی و بێدەنگیەکەشی لە من بپرسێت: هێشتا ئاشقێنیت دەوێت؟! ها! ڤیان؟

هەرچەندە هیچ قسەیەکی نەکرد بەڵام من ئەوەم لە سیمایدا خوێندەوە. هەموو زەین و بیریم خوێندەوە، ئازام هاتە لەرزین، لاقم سست بوون، خۆم هاوێشتە سەر لاقی. لە ناکاوا ڕاپەڕی و هەستایە سەرپێیان، بەڵام من بەتووندی هەر دوو باسکیم گرت و دام نیشاندەوە.

لێرەوە پەیم بەو نائومێدیە قووڵە برد کە دووچاری بووبووم! بەڵام باوەڕ بکەن جۆش و خرۆش و کەلەجانێکی هێندە بەهێز لە ناخما هەڵدەقولا کە بەهیچ هێزێک دانەدەمرکایەوە، هەستم دەکرد ڕۆژم تەواو بووە و ئیدی دەمرم. لەوپەڕی شادی و سەرمەستیدا کەوتمە خاک و پای. بەڵێ، زۆر خۆشحاڵ بووم، ئەویش لە کاتێکدا کە سوور دەمزانی کەوتوومەتە بن بەستی نائومێدیەوە! دەگریام، قسەم دەکرد، هەر لەخۆوە هەندێ شتم دەگوت، نەمدەتوانی بێدەنگ ببم. لەناکاوا ترس و حەپەسان ئەوی داگرت، بە سەرسوڕمانەوە تەمەشای دەکردم، تەنانەت تەمەشاکردنەکەشی هۆڤی و ڕەڤەک بوو. دەیویست هەرچی زووترە شتێک تێبگات، ئەنجام گرژییەوە. زۆر شەرمی کرد کە بینی لاقی ماچ دەکەم، بلەز لاقی کێشایەوە. بەڵام من هەنگێ جێگەی پێیم لەسەر ئەرزەکە، ئەو ئەرزەی لەسەری وەستابوو ماچ دەکرد. کە ئەمەی بینی لە شەرمەزاریدا، لە ناکاوا کەوتە پێکەنین. ( کەستان بینیوە چۆن لە شەرما پێکەنین دەیگرێت؟ ) پاشان خەریک بوو تووشی هیستریا ببێت. دەمبینی کە دەستەکانی دەلەرزین، بەڵام گوێم نەدایێ. بەردەوام دەمگوت خۆشم دەوێت و دەست بەرداری خۆشەویستی ئەو نابم، هەر بەو دەقەوە کە لە بەردەمیدا کەوتبوومە سەرچۆکان، دەپاڕامەوە: با چمکی کراسەکەت ماچ بکەم... بەو ئاوایە بەدرێژایی تەمەنم کڕنۆشت بۆ دەبەم... نازانم... بیرم نەماوە چیترم پێدەگوت. تەنیا ئەوەم لەبیرماوە کە لە ناکاوا سەراپای کەوتە لەرزین و لە هۆرژنی گریانی دا. هیستریا گرتبووی؛ بەوکارەم ترساندبووم.

بردمە سەر قەرەوێڵەکە. کە هێور بووەوە، لەسەر قەرەوێڵەکەی ڕۆنیشت و شەکەتیەکی زۆر بە سیمایەوە دیاربوو، دەستی گرتم، لێم پاڕایەوە کە هێور ببمەوە دەیگوت: خۆت عەزاب مەدە، هێور ببەوە.

ئەوسا دووبارە دەستی بەگریان کردەوە. بەدرێژایی شەوەکە لێی دوور نەکەوتمەوە، بەتەنیا بەجێم نەهێشت. بەردەوام پێمدەگوت دەتبەم بۆ پولونی، تا لە دەریادا مەلە بکات. بەم زووانە دەڕۆین، دوو هەفتەی دیکە دەڕۆین. دەمگوت دوێنێ گوێم لە دەنگی بووە، دەنگی هێندە کز و تێکشکاو بووە، وای لێکردووم بڕیار بدەم دووکانەکەم دابخەم، ئەسڵەن بیفرۆشم بە دوبرونرافوف؛ لە نوێ دەست بە هەموو شتێک دەکەینەوە، گرینگ ئەوەیە هەوەڵجار سەفەری پولونی بکەین، پولونی! گوێی دەگرت، بەڵام ترس سەراپای داگرتبوو و بەردەوام ترسەکەی زاڵ و زاڵتر دەبوو. بەڵام ئەمەم زۆر بەلاوە گرینگ نەبوو، بەڵام حەزم دەکرد دووبارە خۆم باوێژمە سەر لاقی ژنەکەم، لاقی، ئەرزەکەی ژێر لاقی ماچبکەم، لێی بپاڕێمەوە: " هیچم لە تۆ ناوێت تەنیا یەک شت نەبێت. خۆشت نەوێم، فەرامۆشم بکە، هیچ حیسابێکم بۆ مەکە. تەنیا ڕێگەم بدە لە سووچەکەی خۆمەوە تەمەشات بکەم. بە گەمەیەکی دەستی خۆتم بزانە. حیسابی سەگە چکۆلەکەی خۆتم بۆ بکە! "

ئەویش دەگریا. لە ناکاوا، خۆبەخۆ قسەیەکی لەزار دەرپەڕی: وامدەزانی بەم حاڵەوە بەجێم دێڵیت...

خۆبەخۆ ئەو قسەیەی کرد. پێدەچوو خۆیشی گوێی لە قسەکەی خۆی نەبووبێت. ئەو ڕستەیە بەسوێترین قسە بوو کە ئەو شەوە کردی، قسەیەک بوو تا بڵێی شووم، گۆنگ، کە گوێم لێبوو وەکو ئەوە بوو خەنجەرێک بە دڵمدا بکرێت! بەو ڕستەیە هەموو شتێکم بۆ ڕوون بووەوە؛ هەموو شتێک. بەڵام تا وەختایەک لە گەڵما بوو، لەبەرچاوم بوو، هەر سووکە ئومێدێکم هەبوو، هەستم بە خۆشحاڵی دەکرد. حەیفێ ئەو ئێوارەیە زۆرم ماندوو کرد، بەخۆم ئەوەم دەزانی. بەڵام بەخەیاڵی خۆم دەمتوانی یەکسەر هەموو شتێک بگۆڕم! بەڵام کە شەو داهات، ئیدی بە تەواوەتی داڕوخا، لە پەلوپۆ کەوت. ئیدی قەناعەتم پێکرد کە بنوێت باشترە، ئیدی یەکسەر خەوێکی قووڵی لێکەوت. پێشبینی ئەوەم دەکرد وڕینە بکات؛ وڕینەی کرد، بەڵام سووک و ڕەوتەنی بوو. بە درێژایی ئەو شەوە، هەرساناساتێ هەڵدەستام، بە نەعلی سەر جێگاوە و بەسەری پەنجەوە، دەچووم سەری ئەوم دەدا، بەدیاریەوە دەوەستام و تەمەشای سەروچاویم دەکرد و دەستەکانم لێکدی هەڵدەسوو، کە ئەو بوونەوەرە بچووکە نەخۆش و بێ حاڵەم دەبینی کە وەکو باڵندەیەکی لاواز لەو هێلانە پەرپوتەدا، لەسەر ئەو قەرەوێڵە ڕەق و تەقە هەرزانە ڕاکشابوو کە ئەوسا بە سێ ڕۆبڵان بۆم کڕی بوو. نەمدەتوانی هیچ شتێک بکەم تەنیا ئەوە نەبێت بەداخ و کەسەرەوە دەستەکانم هەڵگلۆفم. دەکەوتمە سەرچۆکان و زاتم نەدەکرد، بەبێ ئیزنی خۆی پێیەکانی ماچ بکەم. ئیدی بەوحاڵەوە

کەمێک لەبەر قاپی خوا دەپاڕمەوە و خێرا لە جێگەی خۆم هەڵدەستام. لوکریا ئاگای لەمن بوو و خێرا لە مووبەقەکە دەهاتە دەرەوە. جارێکیان چووم بۆلای و پێمگوت بڕوات بخەوێت و سبەینێ هەموو شتێک دێتەوە تایم و ژیانێکی تازە دەستپێدەکاتەوە.

من بەخۆم، کوێرانە، شێتانە لە ناخا باوەڕم بەو دەستپێکە تازەیە هەبوو. جۆش و خرۆشێکی سەیر دڵی ئاوەدان دەکردمەوە! خوا خوام بوو سبەینێ بێت. هەرگیز بیرم لەوە نەدەکردەوە بەڵایەکمان بەسەر بێت، دڵم خەبەری هیچ شتێکی خراپی نەدەدا. هەرچەندە پەردەکە لەبەرچاوم لاچووبوو، بەڵام هێشتا بەتەواوی هۆش و گۆشم نەهاتبووەوە سەرخۆ. بگرە تا ئەمڕۆش وەکو پێویست و بەتەواوەتی وەخۆ نەهاتوومەتەوە چ جای ئەوسا؟ ئاخر چۆن هۆش و گۆشم وەخۆ دەهاتەوە لە کاتێکا ئەو هێشتا زندوو بوو، بەبەرچاومەوە بوو، من بە بەرچاوی ئەوەوە بووم؟ سبەینێ ڕادەبێت و هەموو شتێکی بۆ دەگێڕمەوە، بەخۆی هەموو شتێک دەبینێت و دەزانێت. ئەوسا ئاوا بیرم دەکردەوە؛ بەو ڕوونی و سادەییە بیرم دەکردەوە. ئیدی بیرۆکەی سەفەر بۆ پولونی، بۆ من هەموو شتێک بوو، لە ناخما جۆشی دەسەند. وام هەستدەکرد پولونی – نازانم بۆ چی – هەموو شتێکە. هەموو شتێک بەندە بە سەفەری ئەوێندەرەوە و، سیحر و ئەفسوونێکی تیایە کە هەموو عەزابێک لەوێ کۆتایی دێت. با بڕۆین، بڕۆین بۆ پولونی. بەو جۆش و خۆرش و کەلەجانەوە چاوەڕوانی بەیانیم دەکرد.

( ٣ )

## نها هەموو شتێکم بۆ دەرکەوت

ئەم سەربهوردە، هەمووی چەند ڕۆژێک لەمە پێش بوو، بەڵێ تەنیا پێنج ڕۆژ لەمە پێش بوو! سێ شەممەی ڕابردوو بوو! بەڵێ، بەڵێ، خۆزگە کەمێک کاتم بەدەستەوە بوایە، خۆزگە کەمێک سەبری بکردابوایە، تەنیا تۆزێک خۆی بگرتبایە، ڕەنگە توانیبام دڕ بە هەموو تاریکیەکان بدەم!

خۆ ئەو هێور بوو بووەوە، داسەکنابوو، مەگەر نا؟ بەڵێ. بۆ سبەینێی ئەو ڕۆژە، وێڕای پەریشانیەکەی بە زەردەخەنەوە گوێی لە قسەکانم دەگرت... ئەوەی لە ماوەی ئەو پێنج ڕۆژەدا لەودا دەمبینی، حیرەت و حەپەسان بوو، پەرێشانی و شەرم و شوورەیی بوو. دەترسا، ترسێکی زۆر باڵی بەسەردا کێشابوو. نکۆڵی لەوە ناکەم، ترس بەسەریا زاڵ بوو، ئاخر چۆن نەترسێت؟ ماوەیەکی زۆر بوو وەکو دوو بێگانە و نامۆ بەیەکدی ڕەفتارمان لەگەڵ یەکدیدا دەکرد، زۆر لەیەکدی دوور بووین. هەرچییەک ڕووی دا لە ناکاوا ڕوویدا... زۆر لە ناکاوا بوو... بەڵام من گوێم بە ترسەکانی نەدا، بە هەندم نەگرت: تەنیا سبەینێ و ژیانی تازەم لەبیر و لە خەیاڵ بوو! هەڵبەتە

من هەڵە بووم. بەڵێ دروستە، زۆر دروستە کە من بە هەڵە چووبووم. کە بەیانی ( واتە چوارشەممە ) لە خەو ڕابووین، هەر لە بەیانی زووەوە هەڵەیەکی دیکەم کرد، وەکو دۆستێک ڕەفتارم لەگەڵیا کرد. هەڵبەتە پەلەم کرد. زۆر پەلەم کرد. بەڵام چارم نەبوو دەبوایە ئیعترافی بۆ بکەم، ئیعتراف؟شتێک بوو زیاتر لە ئیعتراف! پەردەم لەسەر ڕازێک هەڵماڵی، کە بەدرێژایی تەمەنم تەنانەت لە خۆیشم شاردبووەوە. لە ناکاوا ڕێک و ڕەوان پێمگوت کە ئەم زستانە هەر کارێکم کردبێت لەبەر ئەوە بووە کە باوەڕم بە خۆشەویستی ئەو بووە. پێمگوت ئەم دووکانی ئەمانەتفرۆشیە، زادە و بەرەنجامی ئیرادەی سست و بێ عەقڵی خۆمە، بەرنامە و شێوازێکە بۆ خۆشکێنی و لە هەمان کاتدا بۆ خۆ هەڵکێشان.

بۆم گێڕایەوە ئەوەی ئەو ڕۆژە لە بوفیەی شانۆکە هاتە ڕێم و بە ترسنۆکیان لە قەڵەم دام، نەهەق نەبوو، بەڕاستی ئەو ڕۆژە لە بوفیەکە ترسام، بەڵام نەک لە دوئێل و ئەو شتانە، بەڵکو لە کەسایەتی خۆم، چونکە پیاوێکی بێ ورە و بودەڵە و ترسنۆک بووم بوفیەکە و هەلومەرجی دەوروبەرم زۆری ترساندم. لەوەش دەترسام چۆن بە سەلامەتی لەم پرسگرێکە دەرباز ببم و نەبم بە گەپچاڕی خەڵکەکە؟ ترسم لە دوئێلەکە نەبوو، بەڵکو لەوە بوو کە نەبادا ببم بە گەپچاڕی خەڵکەکە… نەمدەویست دان بەم بابەتەدا بنەم، بۆیە کەوتمە عەزاب دانی هەموو خەڵکەکە، ئەویشم لەو بەینەدا عەزاب دا، پاشان خواستم تا لەو ڕێگەیەوە عەزابی بدەم. هەموو قسەکانم وڕینەئاسا بوون. هەردوو دەستی گرتم و تکای لێکردم بێدەنگ بم، گوتی: خەریکە زێدەگۆیی دەکەیت، خۆت عەزاب دەدەیت.

سەرلەنوێ دەستی بەگریان کردەوە، لەزگ بوو دووچاری نۆرە هیستریایەکی دیکە ببێتەوە! بەردەوام لێم دەپاڕایەوە کە بێدەنگ بم و ئەو بیرەوەریانە نەگێڕمەوە.

بەڵام من گوێم بە لاڤە و پاڕانەوەکانی نەدا. هەموو هۆش و گۆشم لای بەهار و سەفەری پولونی بوو! ئاخر ئەوێ هەتاوە! هەتاوی ژیانی تازەی مە لەوێندەر دەدرەوشێتەوە. هەموو زیکر و فیکرم هەر ئەوەبوو، سەری زمان و بنی زمانم هەر ئەوە بوو! دەمگوت موغازەکە دادەخەم، کارەکان بە دوبرونراوف دەسپێرم. پێشنیارم بۆ خانم کرد هەرچیەکمان هەیە، جگە لەو سێ هەزار ڕۆبڵەی بە میرات لە داکە تەعمیدیەکەم بۆم مابووەوە، هەر هەمووی بەسەر نەدار و بەلەنگازاندا دابەشبکەین. پاشان ئەو سێ هەزار ڕۆبڵە هەڵگرین و بڕۆین بۆ پولونی. کە لە سەفەرەکەمان زڤڕینەوە، دەست بە ژیانێکی نوێ دەکەینەوە. کار دەکەین. ئیدی لەسەر ئەوە پێکهاتین؛ چونکە ئەو تەنیا بزەیەکی کرد و هیچی نەگوت. وابزانم بزەیەک لە ڕووی نەزاکەت و مداراوە بوو، بۆ ئەوەبوو تا دڵم نەشکێنێت. بەخۆم دەمزانی خەریکە زیاد لە پێویست گوشاری لێدەکەم. وا گومان نەکەن گەیی

بوومە خۆپەرستی و گەوجاتیەکی ئەوتۆ کە هەست بەوە نەکەم. بەڵێ هەستم بە هەموو ئەوە دەکرد، تێی دەگەیشتم لە سیری تا پیازیم دەخوێندەوە. وەکو ڕۆژی ڕوناک عەیان بوو کە ڕەوشم چەند خەمناک و نالەبار و ناکام بوو.

هەموو شتێکم دەربارەی خۆم و خۆی و تەنانەت لوکریاش بۆ گێڕایەوە. بۆم گێڕایەوە کە چۆن دەگریام... هەڵبەتە زۆرجاریش لە بابەتەکە دەردەچووم و ڕەوتی قسەکانم دەگۆڕی. هەوڵمدەدا بەهیچ جۆرێ هەندێ شتی بیر نەخەمەوە. تەنانەت بیرمە کە جارێ دووان ڕوو و ڕوخساری گەشایەوە! ئەمەم لەبیرە، ئەمەم جوان لەبیرە! ئیدی چما پێتانوایە من تەنیا تەمەشام دەکرد و هیچم نەدەبینی؟ خۆ ئەگەر وابوایە هەموو شتەکان لنگە و قووچ دەبوو. خۆ پێرێ باسمان هاتە سەر ئەو کتێبانەی کە ئەو لەم زستانەدا خوێندبوونیەوە، باسی بەسەرهاتی " جیل پلاس " و قەشەباشی غرناتەی بۆ کردم. کە ئەو دیمەنەی بیرکەوتەوە، زۆر پێکەنی، پێکەنینێک هەر لە خۆی جوان بوو! چەند پێکەنینێکی منداڵانە و دڵگیر بوو، پێکەنینەکەی ڕۆژانی خوازگاری، ( کە بۆ یەک سات بوو ) بیرهێنامەوە. کە دڵخۆش بووم! وێڕای ئەوەش بەسەرهات و چیرۆکەکەی دەگەڵ قەشەباشیدا سەرسامی نەکردم. لە دڵی خۆدا گوتم: مانای وایە لەم زستانەدا بەڕادەیەک ئارام و دڵنیا و دڵخۆش بووە کە بتوانێت یەکێک لە شارەکانی ئەدەب بخوێنێتەوە و لەزەتی لێ بدینێت. مانای وایە بەرەبەرە لەگەڵ ڕەوشەکەدا ڕاهاتووە، باوەڕی بەوە هێناوە کە بەو حاڵەوە بەجێی دەهێڵم، بە تەنیا بەجێی دەهێڵم. چونکە بەخۆی، ڕۆژی سێ شەممە ئەوەی پێ گوتم: " وام دەزانی بەو حاڵەوە، بەتەنیا بەجێم دێڵیت. " بیرکردنەوەی وەکو بیرکردنەوەی کچۆڵەیەکی دە ساڵان وابوو! بەڕاستی باوەڕی وابوو کە هەموو شتێک بەو حاڵەوە بمێنێتەوە: ئەو لەسەر مێز و خوانی خۆی و من لەسەر مێز و خوانی خۆم. قەرارە تا تەمەنی شەست ساڵی بەو حاڵەوە بژین. لەو بەینەدا من وەکو مێردێک یەخەم گرت، مێرد داوا لە ژنەکەی دەکات خۆشی بوێت! ئاخ لە من، چەند بێ عەقل و غەشیم بووم!...

هەڵەیەکی دیکەم ئەمە بوو کە زۆر بەتاسەوە تەمەشام دەکرد. لە ڕادەبەدەر نازیم هەڵدەگرت، دەبوایە جڵەوی خۆم بگرم، چونکە ئەو تاسە و کەلەجانەم ترساندی. باشە جڵەوگرتنی خۆ لەمە زیاتر دەبێت، بۆ نموونە چیتر پایم ماچ نەدەکرد؟ یان بۆ نموونە تاقە جارێکیش نەمدا بەڕوویا کە... کە بەهەرحاڵ من مێردیم و سەرجێی – م دەوێت. تەنیا قسەم لەگەڵیا دەکرد! خۆ نەدەکرا هەتاهەتایە هەر کڕوکپ ببم و تاقە قسەیەک نەکەم! ئێوە خۆتان حوکم بدەن! پێمگوت کە زۆر لەزەت لە دەم و دووی ئەو دەبینم، زۆر لە خۆم بەخوێنەوارتر و ڕۆشنبیرتری دەزانم، لەو ڕووەوە، لە ڕووی خوێنەواری و ڕۆشنبیرییەوە، زۆر لەمن باڵاترە. ڕوخساری لە شەرما سووری

سوور بووەوە. گوتی نا موبالەغە دەکەم. هەنگێ کۆنترۆڵی خۆم لەدەست دا و بەوپەڕی گەوجاتیەوە باسی ئەوەم بۆ کرد کە وەختایەک لە پشت دەرگاکەوە گوێم هەڵخستبوو و گوێم لە شەڕی تەن بەتەنی بێگەردی و داوێنپاکی خۆی لەگەڵ ئەو پیاوە ئەشرافیە گەندەڵەدا دەگرت، کە گوێم لە جنێوەکانی دەبوو کە بەو پیاوە خوێڕیەی دەدا و بەچاوی خۆم داوێنپاکی ئەمم بینی، مەگەر هەر خوا بزانێت چەند دڵم بەو هەڵوێستە خۆشبوو. کە گوێی لەو قسەیە بوو تەزوویەکی سارد بە ئازایدا هات. لەبن لێوانەوە گوتی: نا، موبالەغە دەکەیت.

ئەوسا لە ناکاوا چارەی گرژ بوو، دەم و چاوی لەنێو هەردوو دەستی نا و لە هۆڕژنی گریانی دا... ئیدی خۆم پێنەگیرا و کەوتمە خاک و پای و خۆم هاوێشتە سەر لاقی و کەوتمە ماچکردنی لاقی. دیسا نۆرە هیستریایەکی دیکەی بۆ هاتەوە، ڕێک وەکو هیستریایەکەی یەکەم، ئەوەی سێ شەممە، ئەوەی دوێشەو، ئەوەی بەیانی... بەیانی؟! ئەوە چ دەڵێی شێتە، ئەم بەیانیە بوو، تۆزێ لەمە پێش بوو، چەندی بەسەرا ڕۆیشتووە؟!

گوێبگرن، قسەکانم بخەنە مێشکی خۆتانەوە: بەیانی وەختایەک چووین بۆ تێشت خواردن، لەپای سەماوەرەکە دانیشتین ( دوای نۆرە هیستریاکەی دوێشەو ) زۆر هێور و ئارام بوو، سەرم لە ئارامیەکەی سوڕما! بەڵام من دوێشەو تا بەیانی لە ترسی ئەو بویەرەی ڕوویدابوو، خەوم لێنەکەوت. بەیانی خۆی لە ناکاوا هات بۆلام، دەستەکانی لە سەر سینگی تێک ئاڵاندن و لە بەردەممدا وەستا ( ئەم بەیانیە، تۆزێ لەمەپێش ! ) دەستی بەقسان کرد. گوتی کە تاوانبارە و خۆیشی ئەمە دەزانێت. ئەم تاوانە بەدرێژایی زستانەکە عەزابی داوە و تا ئێستاش پێوەی دەتلێتەوە... ڕێزی بێ پایانی بۆ شەهامەت و پیاوەتی و لێبوردەیی من هەیە... " تا ماوم دۆستی وەفادارت دەبم، ڕێز و حورمەتت دەگرم... " کە گوێم لەو قسەیە بوو وەکو شێت لە جێی خۆم ڕاپەڕیم، باوەشم پێداکرد، ڕوخسار و لێویم غەرقی ڕاموسان کرد، ڕێک وەکو ماچی دوو هاوسەر کە دوای دابڕانێکی زۆر یەکدی دەبیننەوە.

نازانم چما دوای تۆزێک وەدەرکەوتم و دوو سەعاتم پێچوو؟ ئەها، چووم بە سۆراغی پەساپۆرتەکانمانەوە تا سەفەری هەندەران بکەین... ئاخ، خودایا! ئەگەر تەنیا پێنج خولەک زووتر گەڕابامەوە!... تەنیا پێنج خولەک! لەگین بوو ئەوەی ڕووی دابوو، ڕووی نەدابا! وەختایەک گەڕامەوە، ئاپۆڕایەکی زۆر لەبەر ماڵەکەماندا خڕ بووبوونەوە، هەمووان تەمەشای منیان دەکرد... ئا... خودایا!

لوکریا پێم دەڵێت... ( ئێستا ئیدی نایەڵم لوکریا بڕوات. ئەو هەموو شتێک دەزانێت. ئەم زستانە لەلامان بوو، هەموو شتێکم بۆ دەگێڕێتەوە ). لوکریا پێم دەڵێت، بە بیست خولەکێک دوای دەرچوونی من لەماڵ، چووە بۆ ژوورەکەی ئێمە تا پرسیاری شتێک لە خانم بکات، دەبینێتئەیکۆنەکە ( ئەیکۆنەکەی مریەمی پاکیزە، ئەوەی پێشتر بۆم باسکردبوون ) لە دۆڵابەکە دەرهێنراوە و لەسەر مێزەکە و لەبەردەم خانمدا دانراوە و پێدەچێت خانم لەو ساتەدا لە هەنبەر ئەیکۆنەکەدا نوێژ و نزای کردبێت. لوکریا پێی گوتم: لێم پرسی:

- چیتە خانم؟ وەڵامی دامەوە : " هیچ لوکریا، بڕۆ بەلای کاری خۆتەوە، نا، سەبر بکە... "

خانم لێم هاتە پێشەوە و ماچی کردم. لێم پرسی:- خانم گیان، تۆ باشیت، دڵت خۆشە؟

- بەڵێ، لوکریا.

گوتم:- دەزانیت خانم گیان، دەبوایە ئاغا زۆر زووتر داوای لە تۆ کردبا... دەی سوپاس بۆ خوا ئاشت بوونەوە.

گوتی:- دەی باشە لوکریا. نها بڕۆ بەلای کاری خۆتەوە.

خانم دوای ئەو قسەیە بزەیەکی بۆ کرد، بزەکەی هێندە سەیر بوو کە لوکریا پاش دە خولەکێک هاتەوە تا بزانێت خانم چی دەکات. سەیری کرد لە پاڵ دیوارەکەدا، ڕێک لەبەر پەنجەرەکە وەستابوو، دەستێکی نابووە قەراخ پەنجەرەکە و سەری نابووە سەر قۆڵی، بەوحاڵەوە وەستابوو و لە فکران ڕاچووبوو، بەجۆرێ خەیاڵی ڕۆیی بوو کە بەهیچ جۆرێ ئاگای لەوە نەبوو من لەوێندەر وەستاوم و تەمەشای دەکەم. وام هاتە بەرچاو سێبەری بزەیەک نیشتووەتە سەر ڕوخساری، بەدەم بیرکردنەوەوە ناوبەناو بزەی دەهاتێ. ماوەیەک لێی ڕامام و پاشان بەهێوری گەڕامەوە. بەدەم خەیاڵاتەوە لە ژوورەکە وەدەرکەوتم. لە ناکاوا دەنگی کرانەوەی پەنجەرەکەم هاتەگوێ. بە هەشتاو چووم تا بڵێم:- خانم دنیا ساردە، ئاگات لێبێت سەرمات نەبێت.

سەیرم کرد، بەپێوە لە لێوار پەنجەرەکەدا ڕاوەستاوە، پەنجەرەکەش کراوەتەوە، پشتی لەمن بوو ئەیکونەکەی مریەمی پاکیزەی بەدەستەوە بوو، لەپڕ دڵم داخورپا. هاوارم کرد:- خانم! خانم گیان!

گوێی لە دەنگم بوو، جوڵەیەکی بۆ کرد وەکو ئەوە بوو بیەوێت ئاوڕم لێبداتەوە، بەڵام ئاوڕی نەدایەوە. ئەیکونەکەی نووساند بە سینگیەوە و هەنگاوێکی نا و خۆی لە پەنجەرەکەوە هەڵدێرا!

لەبیرمە کە گەییمە بەر دەرگای حەوشە هێشتا جەستەی گەرم بوو. هەموو خەڵکەکە سەیری منیان دەکرد. لە هەوەڵەوە گوێم لە هات و هاوار بوو، ئەوسا بێدەنگ بوون و ڕێگەیان بۆ کردمەوە.

ئەویش بە ئەیکۆنەکەوە لەو گۆڕە کەوتبوو. لەبیرمە وەکو ئەوەی لە خەوا بم، بەبێدەنگی چوومە پێشەوە، ماوەیەکی زۆر لێی ڕامام. خەڵکەکە لە دەورم خڕ بووبوونەوە و هەر کەسە و شتێکی دەگوت. لوکریاش لەوێندەر بوو، بەڵام من نەمدەبینی. خۆی دەڵێت تەنانەت قسەشی لەگەڵ مندا کردووە. من تەنیا ئەو کاسبکارەم لەبیرە کە لێکدا لێکدا هاواری بەسەرما دەکرد و دەیگوت:- دەزوولە خوێنێکی باریکلە دەمیەوە دەرچوو، تەنیا یەک دەزوولە!...

ئاماژەی بۆ ئەو خوێنە دەکرد کە ڕژابووە سەر بەردەکە. پەنجەم لە خوێنەکە وەردا، پەنجەم خوێناوی بوو ( ئەوەم لە بیرە ). کابرای بەقاڵ ( کاسبکار ) هێشتا هەر هاواری دەکرد " دەزوولە خوێنێک! یەک دەزوولە! "

دەڵێن من بەهەموو توانای خۆمەوە هاوارم بەسەریا کردووە: ئێ چییە؟ پاشان هەر دوو دەستم بەرز کردووەتەوە و هێرشم بۆ بردووە...

ئاخ، چ سەیرە! چ ناخۆشە! ئەمە چ بەدحاڵی بوونێکە! چ هەڵەیەکە! چ نەگبەتیەکە، ناچێتە عەقڵەوە، مەحاڵە!

( ٤ )

## تەنیا پێنج خولەک دێر کەوتم

تۆ بڵێی من بە سەهو چووبم؟ یانی ئەم بویەرە دەچێتە عەقڵەوە؟ یانی دەشێت کەسێک بڵێت، بەڵێ ئەم شتە لەگینە؟ ئاخر ئەم ژنە بۆچی مرد؟

باوەڕ بکەن من لە مەسەلەکە تێدەگەم. بەڵام ئەوەی بەلامەوە پرسیارە، ئەوەیە کە ئەم ژنە بۆچی مرد... بەڕاستی پرسیارە. لە ڤیانی من ترسا. لەخۆی پرسی ڤیانی من قەبووڵ بکات یان نا؟ پاشان بەرگەی ئەو پرسیارەی نەگرت. هەستی کرد ئەگەر بمرێت باشترە. من ئەوە دەزانم، باشی دەزانم، پێویست بەوە ناکات گوشار بخەمەسەر مێشکم و سەری خۆم بیەشێنم. ئاشکرایە بەڵێنی گەورەی دابوو، لەوە ترسا نەتوانێت بەڵێنەکانی بباتەسەر. بەڵێ دووچاری هەلومەرجی ترسناک بووبوو. ئەمە هەموو شتێک بوو.

جا من دەپرسم چما مرد؟ ئەم پرسیارە لێم نابێتەوە، بەردەوام لە دەرگای مێشکم دەدات. خۆ ئەگەر بیویستبایە بەو حاڵەوە، بە تەنیا بەجێی بێڵم، ئەو کارەم دەکرد. بەڵام ئەو باوەڕی نەدەکرد من ئەو کارە بکەم، ئەوە گرێ کوێرەکەیە!نا، نا، من درۆ دەکەم. ئەسڵەن ئەوە ئەسڵی مەسەلەکە نییە. حەقیقەتی مەسەلەکە ئەوە بوو کە دەبوا لە ئایندەدا ڕاستگۆیانە خۆشی بویستبام،

خۆشەویستیەکی تەواو، ڕاستەقینە، نەک وەکو ئەو خۆشەویستیەی کە بۆ کابرای بەقاڵی دەردەبڕی. جا لەبەر ئەوەی ژنێکی زۆر زیرەک و با ئاوەز و ئابڕوومەند بوو، نەیدەویست بەهەمان عەشقەوە کە کابرای بەقاڵی پێ بەڕێ دەکرد، منیش بەڕێ بکات، بۆیە نەیدەویست فریوم بدات. نەیدەویست لەژێر پەردەی عەشق و ڤیانی تەواودا، بە عەشقی نیوە و نیوەچڵ ڕازیم بکات و فریوم بدات. بەڵێ زۆر ئابڕوومەند بوو، زۆر سەرڕاست بوو، کەچی منی بێ عەقڵ دەمویست بە خورتی فێری گەورەیی بکەم، لەبیرتانە؟ کە بیرکردنەوەیەکی سەیرم هەبوو!

من شتێکم لە دڵدایە زۆرم مەبەستە بۆم ڕوون ببێتەوە: ئایا هیچ ڕێزێکی بۆ من هەبوو؟ نازانم لە دڵی خۆیدا دەی بوغزاندم یان نا. بەڵام وێڕای ئەوەش باوەڕ ناکەم ڕقی لێم بووبێت. زۆر سەیرە. چما ڕۆژێ لە ڕۆژان بەدرێژایی ئەو زستانە بۆ تاقە جارێک بیرم لەوە نەکردەوە ناشێت هەر بە بەشەریشم نەزانێت؟ تا دوا سات، تا ئەو ساتەی کە بەو حیرەتە قووڵەوە تەمەشای کردم، چ حیرەتێکی قووڵ بوو! هەر وامدەزانی زۆری خۆش دەوێم! ئەو ساتە لەپڕا بۆم بەدیارکەوت کە چەند ڕقی لێمە و بە کەمم دەزانێت. ئیدی بە یەکجارەکی و بۆ هەتاهەتایە ئەوەم بۆ دەرکەوت و ئەرخایەن بووم. ئاخ! خودایە، خۆزگە تا هەتاهەتایە ڕقی لێم بوایە، بەڵام هەر زندوو بوایە، نەمردبایە! خۆ تا چەند سەعاتێ لەوەپێش بەپێی خۆی دەڕۆیی، قسەی دەکرد. نازانم چۆن و بە چ مەبەست و بە چ عەقڵێکەوە خۆی لە پەنجەرەکەوە هەڵدێرا!بە چیدا بمزانیبا نیازێکی وەهای لە دڵدایە، قەراری داوە بمرێت؟ لوکریام گاز کرد. نها بەهیچ جۆرێ نایەڵم بڕوات. نا ، بەهیچ جۆری نایەڵم بڕوات .

ئاخ! ڕەنگە هێشتا بمان توانیبا لێکدی حاڵی ببین. دروستە کە ئێمە لەم زستانەدا زۆر لە یەکدییەوە دوور بووین، بەڵام ئاخۆ نەدەکرا دووبارە لێکدی نزیک ببینەوە و خووی یەکدی بگرین؟ ئاخر بۆ نەدەکرا پێک بێینەوە و دەست بە ژیانێکی تازە بکەینەوە؟ من دڵ و دەروونێکی پاک و لێبوردەم هەیە، هەروەها ئەویش. ئەمە خاڵێکی هاوبەشە لە نێوانماندا! تەنیا یەک دوو قسەمان بکردایە بەس بوو بۆ ئەوەی پێکبێین ئەگەر تەنیا دوو ڕۆژی دی، نەک زیاتر سەبرم بکردایە، چاوەڕوانم کردبایە، بەخۆی لە هەموو شتێک تێدەگەیی.

من خەفەتی ئەوە دەخۆم کە هەموو شتەکان تەنیا ڕێکەوت بوون، یەک ڕێکەوتی سادەی کوێرانە، زاڵمانە بوو.داخەکە لەمەدایە! تەنیا پێنج خولەک، نە زیاد و نە کەم! دێر کەوتم! ئەگەر پێنج خولەک زووتر هاتبوومایەوە، ئەو ساتە شوومە، وەکو گەواڵە هەورێکی ڕەوتەنی بەسەرماندا تێدەپەڕی و هیچ شتێک ڕووی نەدەدا و جارێکی دی بە خەویش ئەو ڕۆژەی بیر نەدەکەوتەوە. لە ئەنجامدا بەخۆی هەموو شتێکی بۆ دەردەکەوت و تێی دەگەیی. نها جارێکی دی ژوورەکان چۆڵ و هۆڵن،

دووباره بەتەنیا دەمێنمەوە؟گوێیان لە چرکە چرکی سەعاتەکەیە؟ بەندۆڵی سەعاتەکە بێ خەم و خەیاڵ دێت و دەچێت، هیچ شتێکی بەلاوە گرینگ نییە، خەم لە هیچ ناخوات، دڵی بۆ هیچ شتێک ناسووتێت... ئۆف... ناخۆش نییە مرۆڤ لەم دنیایەدا تاقە کەسێکی نەبێت!

من بێهودە دێم و دەڕۆم، لەوە زیاتر ناکەم. من دەزانم بیر لەچی دەکەنەوە، پێویست ناکات پێمی بڵێن، وادیارە گاڵتەتان بە عەقڵم دێت کە دەبینن خەمباری ئەم ڕێکەوتەم و ناڕەحەتی ئەوەم کە چما بەڕێکەوت ئەو پێنج خولەکە دێر کەوتم؟ بەڵام خەفەتی من بۆ شتێکە کەلای هەموو مرۆڤێک خویایە ( ئاشکرایە )، تەسەور بکەن، تەنانەت پارچە کاغەزێکی لەدوای خۆی بەجێ نەهێشتووە کە بڵێت: کەس لە مردنی من بەرپرسیار نییە، وەکو هەموو ئەوانەی کە خۆکوژی دەکەن، بەرلە خۆکوژییەکەیان ئەوکارە دەکەن. یانی عەقڵی بەوەدا نەشکاوە کە لەگینە ئەوە سەریەشە و کێشە بۆ لوکریا دروست بکات؟! یەخەی بگرن و بڵێن:- تۆ بەتەنێ لەگەڵیدا بوویت، بە چ مەعلووم تۆ پاڵت پێوە نەناوە؟

بەهەرحاڵ، ئەگەر چوار کەس لە خوارەوە و لە پەنجەرەی ماڵەکانی دەوروبەرەوە لە ناو حەوشەکەدا، نەیان دیتبا کە لە پەنجەرەکەدا بەخۆی و ئەیکونەکەوە لە قەراخ پەنجەرەکە وەستابوو و پاشان خۆی هەڵدابووە خوارەوە، لەگین بوو کێشە و ئاریشە بۆ کەسێکی بێگوناح و بێتاوان دروست ببێت. ئاخر ئەمەش هەر ڕێکەوت بوو کە خەڵکانێک بەچاوی خۆیان بەسەر هاتەکەیان بینی بوو. نا، نا هەر هەموو زادەی یەک سات، یەک چاو تروکان، بەرەنجامی یەک ساتی کوت و پڕی هەست نەکردن بە مەسئولیەت بووە!

تەنانەت نوێژ و نزاکەشی لەبەردەم ئەیکونەکەدا هیچ ناگەیەنێت! ناکاتە بەڵگەی ئەوەی کە بەنیازی مردن بووە. تەنیا دە خولەکێک بەو حاڵەوە بووبێت، ئەو کاتەی کە خۆی داوەتە پاڵ دیوارەکە، سەری ناوەتە سەر قۆڵی و بزەی هاتووەتێ، ئەو بیروخەیاڵەی بە مێشکدا هاتێبت و ئیدی نەیتوانی بێت بەرگەی بگرێت و قەراری خۆی دابێت، ئیدی بیرۆکەیەک بووە و بە مێشکی دا هاتووە، تووشی سەرگێژکە بووە و نەیتوانیوە بەرگەی بانگەوازی خۆکوژی بگرێت .

نها ئەنگو هەرچییەک دەڵێن بیڵێن، بەڵام بەبۆچوونی من جگە لە بەدحاڵی بوونێک چیتر نەبووە و نییە. هێشتا دەیتوانی لەگەڵ مندا بژی. تۆ بڵێی هی کەم خوێنی بووبێت؟ تۆ بڵێی بەهۆی ئەنیمیاوە بووبێت؟ ئاخر ئەم زستانە زۆر ماندوو بوو، ئیدی...

دێر کەوتم!!

لەنێو تابووتەکەدا چەند لاواز و بێنمود دیارە! تەمەشای کەپووی، چەند باریکە! برژانگەکانی لە تیر دەچن. پێدەچێت کە کەوتووەتە خوارەوە هیچی لێنەهاتبێت، نە بریندار بووە و نە هیچ کوێی شکاوە! تەنیا ئەو دەزووڵە خوێنەی لەبەر ڕۆییوە، کە هەر بە ئەندازەی دوو کەوچکە چای بووە. لە ناوەوە ئاسیوی گەیشتووەتێ. بیرۆکەیەکی سەیر داویە لە کەللەم! خۆزی دەکرا بە خاکی نەسپێرن؟ چونکە ئەگەر ببرێت، هەنگێ من... ئاخ... نا، ناکرێ بیبەن! نابێت لە منی دوور بخەنەوە، چونکە ئەگەر بیبەن هەنگێ... با، من سوور دەزانم وێڕای ئەوەش هەردەبێ ببرێت، خۆ شێت نیم، وڕاوەش ناکەم؛ بە پێچەوانەوە، هەرگیز زەینم وەکو ئەمڕۆ هۆشن و ڕۆشن نەبووە. بەڵام چ بکەم دووبارە ماڵەکەم چۆڵ دەبێت، ئەم دوو ژوورە چۆڵ دەبێت، تەنیا من و ڕەهنەکان، بە تاقی تەنیا دەمێنینەوە؟ ئەمە ڕموزەنە، مۆتەکەیە! ئەوەی من دەیڵێم وڕینەیە، من ئازارم دا، ئەوە ڕاستی مەسەلەکەیە!

نها یاسا و ڕێساکانی ئێوە چ دادێکی من دەدات؟ داب و نەریتتان، ئاکارتان، ژیان و باوەڕ و دین و دەوڵەتتان بە چ کارێکی من دێت؟ با قازیەکانتان دادگاییم بکەن،با بمکێشنە دادگای گشتی. هەنگێ وەڵامیان دەدەمەوە کە من دان بە هیچ یەکێک لەو شتانەدا نانەم. هەنگێ قازی هاوار دەکات و پێم دەڵێت: " بێدەنگ بە، جەنابی کۆنە ئەفسەر! " هەنگێ منیش هاوار دەکەم: بە چ هەقێ ناچارم دەکەیت بە گوێت بکەم، مەگەر تۆ کێیت؟ چما ڕێکەوتێکی ڕەش و شووم عەزیزترین عەزیزم لێدەسێنێتەوە؟ یاسا و ڕێساکانتان چ سوودێکی هەیە، من هەر دانی پێدا نانەم. سەری خۆم هەڵدەگرم و دەڕۆم. چ فەرقێکی بۆ من هەیە؟!

کوێر و کەڕە! مردووە، هیچ نابیستێت! نازانیت دەمویست چ بەهەشتێکت بۆ ساز بکەم. بەهەشتێک کە لە دڵمدا بوو. بەهەشتەکەم لە دەوری تۆدا بەرپا دەکرد! خۆ ئەگەر خۆشیشت نەویستبام هەر گرینگ نەبوو، چ دەبوو؟ هەموو شتێک بەو حاڵەوە دەمایەوە، کارێکم دەکرد  بەو حاڵەوە مابایەوە. هیچ نەبوایە وەکو دۆستێک باسی وردە بەسەرهاتەکانی خۆتت بۆ دەگێڕامەوە، بۆ خۆ بەخۆشی و شادی، بە پێکەنینەوە، تەمەشای چاوی یەکترمان دەکرد و بەو ئاوایە ژیانمان بەڕێدەکرد. تەنانەت ئەگەر عاشقی پیاوێکی دیکەش بوایەی گوێم نەدەدایە. تۆ لەگەڵ ئەوا شاد و خەنۆڵ دەڕۆیشتی و من ڕووم دەکردە ئەوبەری شەقامەکە... هەموو ئەمانە بەهیچ نەدەچوون، بەو مەرجەی ئەو بۆ یەک جاری دی چاوی هەڵێنابا! بۆ ساتێ، بۆ تاقە ساتێک! وەکو چەند سەعاتێک لەمە پێش، تەمەشایەکی بکردمایە، وەکو ئەو دەمەی لە هەنبەرم وەستابوو و سوێندی بۆ دەخواردم کە دۆستێکی وەفادارم بێت! ئاخ ئەگەر یەک جار چاوی هەڵێنابا ئیدی هەموو شتێک ڕوون دەبووەوە!

بەڵام ئامان لەدەست ئەم قەدەرە! ئامان لە دەست سروشت! بەشەر لەم دنیایەدا تەنیایە. کارەسات و داماویەکە لەم تەنیاییەدایە. دەگێڕنەوە کابرایەکی ڕووسی گول هاوار دەکات: " ئەرێ لەم گوێ زەوییەدا کەسێکی زندوو هەیە؟ " منیش هەرچەندە گول نیم، پڕ بەزار هاوار دەکەم و کەس وەڵامم ناداتەوە.دەڵێن هەتاو، تەبیعەت و سروشت دەژێنێتەوە. نها تەمەشا بکەن هەتاو هەڵدێت... ئەرێ ناڵێی خۆیشی مردووە؟ هەموو شتێک مردووە. تەمەشای هەر شوێنێ دەکەیت جگە لە جەنازە هیچی دی نابینیت. بەشەر تەنیایە. دەوروبەری بێدەنگ و خامۆشە. ئەوەیە دنیا و زەمین و زەمان. کێ بانگی هەڵداوە: " تیرەی بەشەر یەکدیتان خۆش بوێت. " کێ ئەو قسەیەی کردووە؟ کێ هەڵگری ئەو پەیامە بووە؟

بەندۆڵی سەعاتە چاڵمەکە، بێخەم و خەیاڵ دێت و دەچێت، جۆلانەی خۆی دەکات، زەنگێکی نەفرەت ئامێز لێدەدات، سەعات دووی پاش نیوەشەوە. پێڵاوە بچووکەکانی لەژێر قەرەوێڵەکەدایە، دەڵێی چاوەڕوانی دەکەن. باشە کە سبەی بیبەن من چ بکەم، ئێوە بڵێن: چ بکەم.

١٨٧٦

تێبینی: ڕۆژی ٢٠٢٤/١١/٦ لە شاری سلێمانی، گەڕەکی چوارچرای نوێ لە پاچڤەی ئەم چیرۆکە بوومەوە کە لەم دوو سەرچاوەیەی خوارەوە، بەشێوەیەکی بەراوردکاریانە وەرم گێڕاوە. بەندە لە ڕووی ئەمانەتدارییەوە ئەم بەراوردکارییە دەکەم. جا ئەگەر ئەمە بووبێتە مایەی ئەوەی هەندێ دەستەواژە و ڕستە و پەرەگرافی دەقە کوردییەکە لە ڕواڵەت و شێوەدا تەواو دەگەڵ سەرچاوەی یەکەمدا تێکنەکەنەوە ئەوا لەگەڵ سەرچاوەی دووەمدا تێکدەکاتەوە و دیارە پێچەوانەش پێچەوانەیە. هەڵبەتە بەدڵنیاییەوە پاچڤە کوردیەکە ئەگەر لە هەردوو پاچڤەکەی دی باشتر و ئەمینتر نەبێت، ئەوا هیچی لەوان کەمتر نییە و بێ چەندوچوون ڕووی مەجلیسی دەقانی هەیە.

سەرچاوەکان:

١ – فیودور داستایفسکی/ نازنین/ یک داستان خیالی/ ترجمەی یلدا بیدختی نژاد/ چاپ شازدهم ١٤٠٢/ تهران، نشر چشمە.

٢ – دوستویفسکی: الاعمال الادبیه الکاملة – ١٨ مجلدا/ ترجمها عن الفرنسیة: د. سامی الدروبی / الطبعة العربیة الثانیة/ بیروت، المجلد ١٥.